# سالنامەی بابان
# 2012

یادی تێپەڕبوونی (٢٢٨) ساڵ بەسەر بنیاتنانی شاری سلێمانی
لەلایەن برایم پاشای بابانەوە.
ساڵی بنیاتنانی سلێمانی ١٠٩٩ ک – ١٧٨٤ز ڕۆژی گواستنەوە
لە قەلاچوالانەوە ١٧٨٤/١١/١٤.

# ساڵنامەی بابان

# 2012


دانان و ڕێکخستنی:

جەمال بابان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ساڵنامەی بابان
دانان و ڕێکخستنی: جەمال بابان
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢١٨
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ:١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٣٨ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیتکاری: کوردستان کەیفی
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. تریسکە ئەحمەد

## ساڵنامەی بابان

بەڕێزان....

لە ڕووی کاتەوە چرکە سەعات پێک دێنێ، سەعات شەو و ڕۆژ تەواو دەکا. شەو و ڕۆژ حەفتە، حەفتە و مانگ، مانگ وەرز، وەرز ساڵ، ساڵ سەدە... ئەمیان ئەوی تر تەواو دەکا. هەر هەمووشیان تێکڕا لە تەمەن کەم دەکەنەوە تەمەنیش هەیە پڕ سوود و بایەخ بۆ خاوەنەکەی و بۆ هەمووان.

پیاوی سوودگەیێن لە مەیدانی مرۆڤایەتیدا، خۆشی و ڕووناکی و ئاسوودەیی بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەگەیەنێ... ئەگەر یەکێکی وەک "ئەدیسۆن" نەبوایە، ئەم ڕووناکییەی سەرتاپای جیهان نەدەهاتە دی... زۆری تر لەم بابەتە، کە هەریەکە لە چمکێکەوە لە بوارەکانی ژیاندا، لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری... سوودیان بە گەلەکەی خۆیان و بە سەرجەم مرۆڤایەتی گەیاندووە. ئەوانە ناویان هەتاهەتایە دەمێنێتەوە و هەرگیز لە بیر ناچنەوە.

تەمەنیش هەیە، خاوەنەکەی، هەر خەریکی هەڵپە و پارە کۆکردنەوە و موڵک و ماڵ پێکەوەنان و ماڵی خەڵک داگیرکردن... لەو ڕێگەیەدا فوو لە دۆ ناکا، تەماع وای لێ دەکا، چاوی لە دەستکەوتی تایبەتی نەبێ هیچ شتێکی تر نابینێ... کە مردیش "ماڵی خۆنەخۆر بۆ چەکمەبۆر" یاخۆ وەک "خەیام" دەڵێ:

با موڵکی تۆ بێ میسر و ڕۆم و چین
لەژێر پێتا بێ، سارای سەرزەمین
بەشی من و تۆ، هەروەکو یەکە
هەشت نۆ گەز کفن و دوو سێ گەز زەمین

ئەو کـەسـەی یاداشـتی خـۆی لە دوو توێی ڕۆژمـێـر یاخـۆ سـاڵنامـەدا، دادەڕێژی، ئەوە کەسێکە کە ڕێز لە کردەوەکان و کارە بەسوودەکانی خۆی دەگرێ، سا ئەو کارانە تایبەتی یاخۆ خزمەتگوزاریی گشتی بن.

جـا ئەگـەر هـەر کـەسـێک لە ئەدیب و ڕۆشنبـیـر و قـەڵەم بەدەست. هەر مرۆیەکی خاوەن توانا، یاد و کردەوەی بایەخداری خۆی بنووسێتەوە و نەیەڵێ بفەوتێ، یاخۆ خزمەتگوزاری و کاری پڕ بایەخی خەڵکی تری نووسییەوە... بەوە چمکێک لە توانای خۆی و خاڵێک لە مێژووی گەلەکەی دەپارێزێ، کە ئەوانە هەموو کۆ بکەیتەوە مێژووی میللەت... بگرە مێژووی مرۆڤایەتی پێک دەهێنن.

مێشکی مرۆ لە سەرەتای تەمەندا وەک پەڕەیەک کاغەزی سپییە، چی ببینێ و ببیستێ، بە تایبەتی ئەو ڕووداوەی کە سەرنجی ڕاکێشێت، ئەوە لەو لاپەڕە سپییەدا چەسپ و چاپ دەبێ و درەنگ یاخۆ هەر لە بیر ناچێتەوە بەڵام کە خاوەنەکەی کەوتە تەمەنەوە، وردە وردە ئەو پەڕە کاغەزە سپییە ڕەش یاخۆ پڕ دەبێتەوە، جێگەی چاپکردنی شتی تری تێدا نامێنێتەوە، بۆیە تۆمارکردنی ڕووداو "بەتایبەتی گرینگ و سەرنج ڕاکێش" لە ساڵنامە یاخۆ ڕۆژمێردا شتێکی بەسوودە بۆ ڕابردوو... بۆ ئێستا و بۆ دوارۆژ کە پیاو بۆی دەگەڕێتەوە سوودی لێ وەردەگرێ.

من خـۆم یەکێکم لەوانە لە ساڵی (١٩٤٣)وە کە قوتابیی ناوەند بووم لە سلێمانی، یاداشت و ڕووداوە تایبەتی و گشتییەکانم لە (مفکرة)دا هەموو پاراستووە و زۆر لە نووسینەکانمدا بەتایبەتی لە یاداشتنامەی ژیانمدا سوودم لێ وەرگرتوون. جگە لەوەی لە ڕۆژمێر یاخۆ ساڵنامەدا ڕووداوی سەرنج ڕاکێش و گرینگ لەسەر هەموو ڕادەیەکی جیهانی و ناوچەیی و خۆیی... تۆمار دەکرێت کە ئەوە پایە و پلەی مێژووی هەر میللەت و وڵاتێک لە گەلێک ڕووەوە ڕوون دەکاتەوە.

ئێمە ئێستا کە سەیری ناوەڕۆک و ڕووداوەکانی پەڕە بەپەڕەی ئەم ساڵنامەی "بابان"ە بکەین... ئەوەندەی ڕووداوی ناخۆش و سەرکوتکەرانە و

دەست برین و زوڵم و زۆر و فرۆفێڵ و ڕەفتاری نابەجێ دەبینین، بە تایبەتی لە ڕووی ڕامیارییەوە کە بەرامبەر بە کورد کراون هێجگار لەلایەن میللەتانی دراوسێ وەک عەجەم و عوسمانی (تورکیای ئێستا) و عەرەب، ئینجا لەلایەن بێگانەوە بە تایبەتی ئینگلیز کە تاکو ئێستاش ئێمە بەدەست سیاسەتی نالەباری ئەوەوە دەناڵێنین ئینجا ڕووس و فرەنسا و ئەمەریکا و ئەڵمانیاو... گەلێکی تر ئەوەندە ڕووداوی دڵخۆشکەری بەداخەوە تێدا نابینین... بەڵام ئەوەش هەیە، کە میللەتی وریا و چالاک هەرگیز نافەوتێ و نامرێ و دەردی "جواهرلال نەهرۆی سەرۆکی هیند" دەڵێ: "ئەو میللەتەی کە ئامادەی قوربانیدان بێت لە ڕێی ئازادیی خۆیدا، هەر بە مافی ڕەوای خۆی دەگات".

فایەق بێکەسی شاعیر دەڵێ:

میللەت مەتینە، عەزمی نانەوێ
لەت و پەتی کەی، حەقی خۆی ئەوێ

منیش لەسەر فەرموودەی پیرەمێرد دەڵێم و دەڵێمەوە:

من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆش ئەوێ
مژدەی شەفەقی لێ دەرئەکەوێ

ئەوەی شایانی وتنە دەڵێم: من لەم ساڵنامەیەدا لە پێش هەموو شتێکدا، خۆم بە ڕووداوی میللەتەکەم و وڵاتەکەی خۆمەوە بەستووەتەوە واتە کوردستانی خواروو، ئینجا کوردستانی گەورە، پاش ئەوە ڕووداوی عێراق و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و دوای ئەوانە کاروباری جیهان.

## مانگی کوردی

مانگە کوردییەکان ئەمانەن:

١- بەفرانبار (زستان) لە (٢٢)ی کانوونی یەکەم تا (٢٠)ی کانوونی دووەم.

٢- ڕێبەندان (زستان) لە (٢٠)ی شوبات تا (٢٠)ی مارت.

٣- ڕەشەمێ (زستان) لە (٢٠)ی شوبات تا (٢٠)ی مارت.

٤- خاکەلێوە (بەهار) لە (٢١)ی مارت تا (٢٠)ی نیسان.

٥- گوڵان (بەهار) لە (٢١)ی نیسان تا (٢١)ی مایس.

٦- جۆزەردان (بەهار) لە (٢٢)ی مایس تا (٢١)ی حوزەیران.

٧- پووشپەڕ (هاوین) لە (٢٢)ی حوزەیران تا (٢٢)ی تەمووز.

٨- خەرمانان (هاوین) لە (٢٣)ی تەمووز تا (٢٢)ی ئاب.

٩- گەلاوێژ (هاوین) لە (٢٢)ی ئاب تا (٢٢)ی ئەیلوول.

١٠- زەردپەڕ (پایز) لە (٢٣)ی ئەیلوول تا (٢٢)ی تشرینی یەکەم.

١١- گەڵارێزان (پایز) لە (٢٣)ی تشرینی یەکەم تا (٢١)ی تشرینی دووەم.

١٢- سەرماوەرز (پایز) لە (٢٢)ی تشرینی دووەم تا (٢١)ی کانوونی یەکەم.

بۆیە بەپێویستمان نەزانی ڕۆژ بەڕۆژی ساڵنامەی کوردی بهێنینە ناوەوە چونکە هەر (ساڵێک)ی زاینی (میلادی) (٧٠٠) حەوت سەد ساڵی بخەینە سەر، ساڵی کوردی دەردەچێت. ئەو (٧٠٠) ساڵەش پێش زاین ساڵی سەرکەوتن و پێکهاتنی دەوڵەتی (ماد)ی کوردییە.

بێگومان مانگە کوردییەکان بە گوێرەی گۆڕانی کەشوهەوا و سەرما و گەرما ناو نراون تەنیا مانگی (ڕەشەمێ) نەبێ کە تایبەتە بە یەکگرتنی پشیلەوە "مرمیاو... مرمیاو، لە مانگی ڕەشەمێ"دا.

## مانگی عەرەبی

مانگە عەرەبییەکان ئەمانەن لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ڕەگ و ڕیشەیان:

١- محّرم: ئەو مانگەیە کە شەڕوشۆڕی ناوەخۆیی لە دوورگەی عەرەب بە تایبەتی لە شارەکاندا وەک (مەککە و مەدینە) تێدا حەرام کراوە.

٢- صفر: دوای مانگی محّرم دەردەچوون بۆ شەڕی ناوەخۆ، بۆیە گەڕەکەکان چۆڵ دەبوون "اصفرّت الديار - واتا کەسی تێدا نەدەما".

٣- ربيع الاول: ئەم ناو لێنانانە لە کاتی بەهاری ئەو سەردەمەدا بووە، بەهاری

یەکەم و بەهاری دووەم.

٤- ربیع الثـاني: ئەم نـاو لێنانانە لـە کـاتـی بەهاری ئەو سـەردەمـەدا بووە، بەهاری یەکەم و بەهاری دووەم.

٥- جمادی الاول: ئەم ناو لێنانانەش لە کاتی زستانی ئەو سەردەمەدا بووە کە ئاو بەستوویەتی.

٦- جمادی الثاني: ئەم ناو لێنانانەش لـە کاتی زسـتانی ئەو سەردەمەدا بووە کە ئاو بەستوویەتی.

٧- رجب: واز لە شەڕوشۆڕ و کوشتار هێنراوە چونکە ئەو کاتەیان بە گەورە و پیرۆز زانیوە (رَجَبَ الشیء اي هالَهُ و عظمّهُ).

٨- شـعبـان: دوای رەجەب دیسـانەوە لە شـەڕوشـۆڕ هەڵچـوونەوە واتا بەش بەش بوون بۆ هێرش و پۆل بەپۆل دەستیان پێ کردووەتەوە.

٩- رمضان: لە (الرمضـاء)ی عەرەبییەوە هـاتووە کە ئەوپەڕی گەرما دەگرێتەوە و ناوی مانگەکە لەو کاتە نراوە.

١٠- شوال: لە کلکگرتنی حوشتری (مـێ)وە هـاتووە، حوشتری مێ کلکی بەرز دەکاتەوە داوای دروستبوون دەکات کە لای خۆمان دەڵێن (بە طلبە) ئا لەو کاتەدا مانگەکە ناو نراوە.

١١- ذو القـعدة: لە (قـعود- واتا دانیـشـتنـەوە) هـاتووە، بە واتای دانیـشـتن و پشوو، دوورکەوتنەوە لە شەڕوشۆڕ.

١٢- ذو الحجة: لە کاتی (حەج)کردنی ئەو ڕۆژانەدا، ناونراوە.

تێبینی:

بێگومـان و هـەروەکو دەیبینین مـانگی عـەرەبی وەک مـانگی میلادی (جـێگیر- ثابت) نیـیـە بگرە سـاڵانە گـۆڕانی بـەسـەردا دێ («١٠» دە ڕۆژ زیـاتر یاخـۆ کـەمـتـر) گـۆڕانکاری دەکـات. بۆیە ئێـمـە لـەم سـاڵنامـەیەدا ڕۆژانی مـانگە عـەرەبییـەکانمان لەگەڵ ڕۆژ بەڕۆژی مـانگەکانی زاینیدا دانـەنا. بگرە بەجیا و

له سەرەتای ئەم ساڵنامەیەدا لیستی هەموو مانگەکانی (التقويم الهجري/الميلادي لعام ١٤٣٣) بە تایبەت نووسراوە.

## پەندەکانی پیرەمێرد

پێویست بە باسی ڕۆشنبیری و گەورەیی پیرەمێرد ناکا، چونکە ئەو پیاوە دەتوانم بڵێم لە هەموو سەرێکی شیعر و ئەدەب و رەخنە... گەیشتووەتە لووتکە جگە لەوەی نیشتمانپەروەرێکی ئەوتۆ بووە کە دەڵێت:

کاولەکەی وەتەن هێندە شیرینە
ژەهری دووپشکی عەرەبەت هەنگوینە

ئەمە ئەوپەڕەکەیەتی، پەندەکانی کە لەسەر پەندی پێشینان دای ڕشتوون و خستوونیەتە قاڵبێکی ئەدەبیی بەرز و جوانەوە، هەر پەندێک ئامۆژگارییەک و ڕێ پێشاندانێکی دڵسۆزانەیە بۆ میللەتەکەی. بۆیە منیش هەر لاپەڕەیەک لە هەر ڕۆژێکی ئەم ساڵنامەیەدایە، پەندێکی پیرەمێردم تێدا نەخشاندووە.

(مبعوث) ئەم وشەیە لە دوو توێی پەندەکاندا زۆرجار دووپات بووەتەوە کە ئەویش بە واتای (پەرلەمانتار)ی ئەم ڕۆژگارە دێت.

وشەی (مبعوث) لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە بەکار هێنراوە.

وتراوە (مجلسی مبعوثان) واتا (ئەنجوومەنی نوێنەران).

بەروار: لەم چەند ساڵی دواییەدا وشەی بەروار بەتەواوەتی بڵاو بووەتەوە کە لە جێگەی (التاريخ)ی عەرەبی بۆ دیاریکردنی ڕۆژ (نەک مێژوو) بەکار دەهێنرێ، کە هیچ بنج و بناوانێکی نییە و کەس نازانێ ئەم وشەیە لە کوێوە هاتووە.

بەلای منەوە بەکارهێنانی ڕۆژ و مانگ و ساڵ ڕاستترە و شوێنی ئەو وشەیە دەگرێتەوە. واتا بۆ نموونە ڕۆژ ٢٠١١/١/١ شتێکی گەلێک بەجێترە و واقیعیترە لە بەروار.

## کورتەیەک لە مێژووی بابان و ناودارەکانیان

### بابان لە چییەوە هاتووە؟

وشـەی بابان لـە (بابا- بابە)وە هـاتووە کـە بە واتای بـاوک یاخـۆ برا گـەورە و ڕیشسـپیی ناو کۆمەڵ دێ. بۆ نموونە بابا سلێمان و بابا تاهیر و بابا عەلی و بابا ڕەسووڵ... هەموو ئەم واتایە دەبەخشن، هەر لێکدانەوەیەکی تر وەک ئەمە ڕاست نییە.

### مێژووی حوکمدارانی بابان:

بابان بنـەماڵەیەکی دێرینە (ئینسکلۆپیدیای بەریتانیایی) سـاڵی (١٩٥٠) لە باسی (kurd)دا دەیانبـاتەوە بۆ سـەردەمـێکی زۆر کـۆن. هـەروەها کـتـێـبی (تأریخ وجـغرافیـة کردسـتان - سیر الاکراد) نووسـینی عـەبدولقادر روستم بابانی دەیانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی (کیان) و (أشکانیان) و (بنی ساسـان) و بۆ سـەردەمی (أردشیر بـابکان) واتا پێش هاتنی عیسـا و دوای هاتنی. مـەلا عـەبدولکەریمـی مودەڕیس لـە بنەمـاڵەی زانیـاران و (علمـاؤنا في خـدمـة العلم والدين) باسی میر حەمزەی بابان دەکات کە لە ساڵی (٨٠٠ک - ١٣٩٧ز)دا لە ئێـران بەرامـبـەر جـلائریەکـان وەسـتـاوە لەبەر قـەڵای مـەریواندا (مـزگـەوتی سوور)ی دروست کردووە.

میر شەرەفخانی بەتلیس لە (شەرەفنامە)دا کە ساڵی (١٠٠٥ک - ١٥٩٦ز) نووسیویەتی، ئاماژە بۆ هەندێک میرانی بابان دەکات کە لەگەڵ میر (شـمس الدین)ی باوکیدا پێکەوە بەفەرمانی سوڵتانی عوسمانی شەڕیان بۆ بەرگری لە سـوڵتـان کـردووە کە ڕەنگ هـەیە لە نێـوان سـاڵەکـانی (١٥٣٤- ١٥٥٩)دا ئەو شەڕانە ڕوویان دابێ.

مـێـژووی (مـردوخ)یش حـوکـمـی بابانـەکـان لە (سنە) و (شـاربـاژێڕ) و (شارەزوور) دەگێڕێتەوە بۆ سەدەی یازدەی کۆچی.

لە عـێـراقـیـشـدا شـەرەفـخـان و ئـەمین زەکی بەگ مـێـژووی حوکـمـیـان لە

کوردستـانـدا دەگێڕنەوە بۆ سـەردەمی سـوڵتان سلێمـانـی قـانوونی (١٥١٩- ١٥٦٦) دوای ئەو مـێـژووەش بـەردەوام بوون تا سـاڵی (١٨٥٠) کـە کـۆتـا بـە فەرمانڕەواییان هاتووە.

**مەڵبەندەکانی میرایەتیی بابان:**

لە ئێران: لە مەریوان و سنە تا ساڵی (١٣٩٦)ز.

لە کوردستانی عێراق: لە (مەرگە) تا ساڵی (١٥٩٦).

لە (دارشـمـانە) سـەردەمی فـەقـێ ئەحـمـەد و سـلێمـانی کـوڕی لە سـەدەی شازدەمی زاینیدا.

لە (مـاوەت) و (قەڵای بـەکراوا) لە سـەردەمی حـوکـمداریەتـیی بەکـر بەگی باباندا (بەکرە سوور) لە ساڵانی (١٦١٩- ١٦٢٧)دا.

لە (قەڵاچوالان) لە ساڵانی (١٦٩٩- ١٧٨٤).

لە (سلێمانی) لە ساڵانی (١٧٨٤- ١٨٥٠).

**سەرچاوە گرینگەکان کە لە مێژووی باباندا دەدوێن:**

* (شەرەفنامـە)ی شەرەفخانی بەتلیسی (١٥٩٦) کە بە فارسی نووسیویەتی، محەمـەد عەلی عەونی و مەلا جـەمیل ڕۆژبیانی وەریان گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و عەبدوڕەحمان هەژار وەری گێڕاوە بۆ کوردی.
* رحلة ريچ في العـراق: سـاڵی (١٨٢٠)، بەهـائەدین نووری بـاڵیـۆز و وەزیری پێشووی عێراق وەری گێڕاوە بۆ عەرەبی و کاکـە حەمـەی حەمـەباقی وەری گێڕاوە بۆ کوردی.
* تأريخ الامـارة البابانية: نووسـینی حـوسـێن نازم بەگ بە تورکی و شـوکور مستەفا و کاکە حەمەی مەلاکەریم کردوویانە بە عەرەبی.
* مـیرایەتیی بابان لە نێوان بەرداشـی ڕۆم و عەجـەمدا: نووسـینی مـامـۆسـتـا نەوشیروان مستەفا.

* ئاورێکی پاشەوە – مێژووی میرانی بابان: نووسینی خوا لێخۆشبوو حوسێن حوزنی موکریانی.
* بابان في التأريخ ومشاهير البابانيين: نووسینی جمال بابان بە عەرەبی.
* کتێبەکانی ئەمین زەکی بەگ کە بریتین لە:
١– تأريخ السليمانية وأنحائها.
٢– الامارات الكردية.

## ناودارانی بابان لە کوردستانی ئێران

* خانە پاشا: ساڵی (١٧٣٠– ١٧٣٥) لە سنە نزیکەی چوار ساڵ دەستبەکار بووە پیاوێکی بەناوبانگ بووە. مزگەوتێک و قوتابخانەیەکی نزیک قەڵای حکوومەت دروست کردووە تا نزیک هەمەدانی خستووەتە ژێر ڕکێفی حوکمیەوە.
* بوداق سوڵتان کوڕی شێر بەگ: ساڵی (١٦٢٩) چووەتە سەر تەختی میرنشینی و (ساباڵاخ)ی کردووە بە مەڵبەندی حوکمی خۆی پیاوێکی ژیر و خێرخواز و بە داد بووە. ساڵی (١٦٦٨) سێ بەنداوی لەسەر ڕووباری ساباڵاخ لە (لەج و دارەلک و پردی سوور) دروست کردووە و هەر لەوێش مزگەوتی سووری لە ساڵی (١٦٧٨)دا بنیات ناوە.

## لە کوردستانی عێراق

* فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە باپیرە گەورەی زنجیرەی پێنجەمی بابانەکانە و لە دارەشمانەی ناوچەی پشدەرەوە سەری هەڵداوە و چیرۆکی زۆرانبازییەکی لەگەڵ (کەیغان)ی فەرەنگ بەناوبانگە.
* بەکر بەگ (بەکرە سوور) دوای ساڵی (١٧٠٣) بووە بە حاکمی وڵاتی بابان کە لە سەردەمی ئەودا وڵات گەلێک پەرەی سەندووە. ئەو بوو کە جۆگەی (بەکرەجۆ)ی دروست کرد. خۆشی بە بێڵ و خاکەنازەوە وەک کرێکار ئیشی

تێدا کردووە شاری بەکرەجۆی ئێستاش هەر بەناوی ئەوەوەیە. هەروەها گردی بەکراوای نزیک هەڵەبجە.

* سلێمان پاشای گەورەی قەلاچوالان پیاوێکی لە خواترس بەڵام گەلێک بە زەبروزەنگ بوو. چواردە ساڵ حوکمی کرد و تا ساڵی (١٧٦١) مایەوە و لەلایەن (فەقێ برایم) ناوێکەوە کوژراوە.

شەڕی دوازدە سوارەی مەریوان لە کاتی فەرمانڕەواییی ئەم میرەدا ساڵی (١٧٥٦– ١٧٥٧) و لە سەردەمی حوکمی کەریم خانی زەنددا بووە لە ئێران. دوازدە سوارەکانیش ئەمانە بوون: بە سەرۆکایەتیی سەلیم بەگی بابان (ناودار بە سەلیم سێتەنگە)، ئەکرەمی مەلا هەمزەی ئەفغانی، جوامێر ئاغای ڕەنگینە، زوڵاڵ ئاغا، حەمەد بەگی مەرگەیی، مەحموود بەگی ساحێبقڕان، داراغای میرەدێ، میران بەگی وەڵەد بەگی، ئاغاڵ ئاغای سیوەیلی، فەرامورزی زەنگەنە، سوار ئاغای بەڵباس و مامەند ئاغای میراودەلی. ئەم دوازدە سوارە بەرەنگاری لەشکرێکی گەورەی ئێران بوون لە دەشتی مەریواندا و شکاندیانن. ئەم پیاوە بەنیاز بوو قەلاچوالان بگوێزێتەوە بەڵام فریا نەکەوت.

* مەحموود پاشای کوڕی خالید پاشا: ساڵی (١٧٨١) واتا پێش دروستکردنی شاری سلێمانی بە سێ ساڵ هات ( پاسگە– مخفر)ێکی لەسەر گردی قشڵەی شاری سلێمانی دروست کرد، ئەویش بەو نیازەی قەلاچوالان بگوێزێتەوە بۆ ئەم شوێنەی ئێستای سلێمانی.

* برایم پاشای بابان: ساڵی (١١٩٩ک– ١٧٨٤ز) شاری سلێمانیی دروست کرد. لەگەڵ بنیاتنانی شارەکەدا (مزگەوتی گەورە) و مزگەوتی (حاجی شێخ ئەمین) و مزگەوتی تەکیەی دروست کرد. شەقام و گەڕەکی برایم پاشای ئێستا لە ڕۆهەڵاتی شاری سلێمانی بەناوی ئەم میرەوەیە. هێشتا هەیکەلێکی شایستە بۆ ئەم پیاوە لەگەڵ هەوڵ و تەقەلای نووسەری ئەم ساڵنامەیە (جەمال بابان) دروست نەکراوە. بەپێچەوانەوە هەیکەلی زۆر بۆ ئەم و ئەو پێک هاتووە.

* ئەورەحمان پاشای بابان: ساڵی (١٧٨٩- ١٨١٣) نزیکەی (٢٤) ساڵ حوکمی ناو بەناوی کردووە. ڕوویان لێ نا ببێ بە والیی بەغدا لە وەڵامدا وتی: "قومێک لە بەفراوی کوێستانەکانی وڵاتەکەم بە هەموو مولّکی عوسمانی ناگۆڕمەوە"، بگرە هەندێ جار لەسەر قسەی ئەم والیی بەغدا دادەنرا. مزگەوتی سەی حەسەن و شێخ بابا عەلی قەرەداغیی دروست کردووە. لە دەربەندی بازیاندا بەرگریی دژی لەشکری عوسمانییەکان کردووە، بۆیە پارێزگاری سلێمانی بەڕێز (دانا ئەحمەد مەجید) بڕیاری دروستکردنی هەیکەلی بۆ دا لەگەڵ بنیاتنانەوەی دیوارەکانی دەربەند کە ئەورەحمان پاشا کاتی خۆی بۆ بەرگریی وڵات دروستی کردبوون. ئێستا پەیکەرەکەی لە دەربەندی بازیانە بەڵام بەداخەوە لەناو خاک و خۆڵدایە.

* مەحموود پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشا: ساڵی (١٨١٣- ١٨٣٤)، (کلودیوس جیمس ریچ) کە لە ساڵی (١٨٢٠)دا بە گەشت هاتووەتە سلێمانی گەلێک ستایشی ڕەوشی بەرز و ڕاستگۆیی و دڵسۆزیی ئەم پیاوە بەجۆرێک دەکا و دەڵێ وێنەی لە ڕۆهەڵاتدا نییە و بەدەگمەن لە ڕۆئاواشدا هەبێ. خانەقای مەولانا خالید لە ساڵی (١٨١٧)دا ئەم میرە دروستی کرد لەگەڵ مزگەوتی بن تەبەقدا.

* سلێمان پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشا: ساڵی (١٨٢٩- ١٨٣٨) یەکێکە لە میرە بەناوبانگەکانی بابان. دوای وەفاتی لە گردی سەیوان شاردرایەوە و یەکەم گومەز لەسەر گۆڕی ئەو دروست کرا و شێخ مارفی نۆدێ دوای وەفاتی لە پاڵ ئەو گومەزەدا نێژرا، کەچی گومەزەکە بە ناوی شێخ مارفەوە ناودەبرا تا لەم دوایییەدا وەزارەتی ئەوقاف گومەزی لەسەر گۆڕی شێخ مارف بنیات نا. ئەم سلێمان پاشایە باپیری عەزمی بەگی بابانە ئەم پیاوە بناغەی سەرای شاری سلێمانیی دانا.

* ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشا: ساڵی (١٨٣٩- ١٨٥٠) دوا میری بابان و ئازاترین ڕۆڵەی کورد بوو، لەشکری بە وتەی ئەو ڕۆژگارە (عصری) لە سەرچنار دامەزراند و پسپۆڕیی لە فەرەنساوە هێنا بۆ ڕێکخستنی

سوپاکەی. ئەمە عوسمانییەکانی وریا کردەوە و لەگەڵ چەند هۆیەکی سەرەکیی تردا عوسمانییەکانی پاڵ پێوەنا کۆتایی بە میرنشینی بابان لە شاری سلێمانی بهێنن. ئەحمەد پاشا برا بۆ ئەستەمبوڵ لەوێوە کرا بە والیی یەمەن، (١٤) ساڵ بە والییەتی لە یەمەن مایەوە.

## بابانە ناسراوەکانی دوای میرنشینی بابان

دوای تێکچوونی میرایەتیی بابان لە تورکیا و عێراق و ئێران گەلێک پیاوی بە شکۆ و ناودار سەریان هەڵدا لەوانە:

### لە کوردستانی ئێران

بەگزادەکانی فەیزوڵڵا بەگی و بابا میری لە مەریوان و سنە و سابلاخ و شارەکانی تر وەک عەبدوڵڵا خان (مجرب الدولة) و عەلی خان (اعتضاد الدولة) و محەمەدخان و سەیفەدین بابانی کوڕی کە (نوێنەر) بوو لە پەرلەمانی ئێرانیدا و زۆری تر.

### لە تورکیا

* ئیسماعیل حەقی بابان: ساڵی (١٣٢٩) ڕۆمی وەفاتی کردووە، گەیشتە پلەی (وەزیری مەعاریف) لە تورکیا، جگە لەوەی مامۆستای زانکۆ بوو چەند کتێبی هەیە (حیاتی بسمارک لە ڕووی سیاسەتەوە) و (قضیة دریفوس) و (حقوق اساسیة) و (رسائل العراق).
* جیهاد بابان: کوڕی حیکمەت بەگ کوڕی مستەفا زهنی پاشا، برازای ئیسماعیل حەقی ناوبراوە. حیکمەت بەگی باوکی لە سەردەمی عوسمانییەکاندا (نائب)ی سلێمانی بوو لە (مجلس مبعوثان)دا. ئەم پیاوە ژیانی سیاسیی لە ڕۆژنامەچییەتییەوە دەست پێ کرد (ڕۆژنامەی قەرە گوێز- چاوی ڕەش)ی دەردەکرد. لە وەزارەتی عەدنان مندرسدا وەزیری (اعلام) و لەم دواییەدا وەزیری مەعاریف بوو. ساڵی (١٩٨٧) وەفاتی کردووە.

* خەلیل خالید بەگ: کوڕی گەورەی ئەحمەد پاشا دوا میری بابان بوو ساڵی (١٨٤٠) لە شاری سلێمانی هاتووەتە دنیاوە. مامۆستای سوڵتان ڕەشاد بووە. گەیشتە پلەی وەزیر و باڵیۆز. ساڵی (١٨٩٩) وەفاتی کردووە.
* شوکری بابان: کوڕی مستەفا زهنی پاشا و برای ئیسماعیل حەقییە، پرۆفیسۆر و مامۆستای زانکۆ بوو لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا وەفاتی کردووە.
* مستەفا زهنی پاشا: ساڵی (١٨٥٠) لە شاری سلێمانی هاتووەتە دنیاوە باوکی ئیسماعیل حەقی و باپیری جیهاد بوو، زانا و خاوەنی چەند کتێبێک بووە کە بە تورکی نووسیونی وەک (توسیع مأزونیەت- توسیع صلاحیات) و (برهان الحجاز).

**لە عێراق**

* ئەحمەد موختار بابان ساڵی (١٩٠١ - ١٩٧٦): گەیشتە پلەی وەزیر و ئاخر سەرۆک وەزیرانی سەردەمی مەلیک بوو.
* ئیسماعیل پاشا بابان ساڵی (١٣٣٩ک - ١٨٥٠ز): مێژووناس و بە تایبەتی مێژووی بابان. ئەم کتێبانەشی داناوە (أیضاح المکنون) و (هدیة العارفین) و (آثار المصنفین).
* جەلال بابان ساڵی (١٨٩٣ - ١٩٧٠): کوڕی ڕۆستەم لامع بەگ کوڕی ئیسماعیل بەگ کوڕی سلێمان پاشا کوڕی برایم پاشای بنیاتنەری شاری سلێمانی، جێگر و ئەندامی ئەنجوومەنی (أعیان) و (نۆ جار) وەزیر بووە لە سەردەمی (مەلیک)دا.
* جەمال بابان ساڵی (١٨٩٣ - ١٩٦٦): کوڕی ڕەشید بەگی عەبدوڵڵا بەگی خالید پاشای ئەحمەد پاشایە. لە شاری سلێمانی حاکم و جێگری سەرۆکی زانستی و لەوە پێشتر کۆواری (بانگی کورد) لە ساڵی (١٩١٣)دا دەردەکرد جێگر و ئەندامی ئەنجوومەنی (أعیان) و (شەش جار) وەزیری سەردەمی (مەلیک) بووە.

ئەم بەڕێزە جیایە لەگەڵ (جمال عبدالقادر عزمی بابان) کە لە ساڵی (١٩٢٧) لە شاری سلێمانی هاتووەتە دنیاوە و لە ئەرکی میریدا گەیشتووەتە پلەی باوەڕ پێکراوی گشتیی کۆڕی زانیاری کورد و بەڕێوەبەری گشتی و سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی. نووسەری (٣٥) کتێبی چاپ کراوە بە عەرەبی و کوردی و بەیەکەم سەرۆکی نووسەرانی کورد لە ساڵی (١٩٧٠)دا هەڵبژێردرا و بنیاتنەری سەرەکیی (یانەی سەلاحەدین) لە بەغدا و دامەزرێنەری (سەنتەری ڕۆشنبیریی بابان)ە لە شاری سلێمانی و نووسەری ئەم ساڵنامەیەیە.

جەمیل بەگی مەجید پاشا ساڵی (١٨٩٤- ١٩٤٦): خاوەن موڵک لە ناوچەی کفری و لە بەغدا. لە سێ دەورەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی سەردەمی (مەلیک)دا جێگیر بووە. هەروەها کوڕەکانی (محەمەد بابان محامی) و (ئەحمەد بابان) و (مەحموود بابان وەزیر) و (نەجیب بابان محامی) و (فاتح بابان) و (ئیسماعیل بابان) هەموو ناسراو و بەناوبانگن.

* حەمدی بەگ بابان: ساڵی (١٩٦٠) جیهانی بەجێ هێشت کوڕی محەمەد ڕەشید پاشای خدیو کوڕی سلێمان پاشا کوڕی ئەوڕەحمان پاشا. دووەم کەسایەتی بوو لە بەغدا دوای مەلیک فەیسەڵی یەکەم. دوای دوورخستنەوەی شێخ مەحموودی حەفید بۆ هیندستان، ئینگلیز حەمدی بەگی هێنا بۆ سلێمانی کە شوێنی شێخ مەحموودی پێ پڕ بکاتەوە. بەڵام دوای بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە سەیری کرد ئەمە ئیشی ئەو نییە. بۆیە دوای تێکچوونی لەگەڵ مەلیک فەیسەڵ و ئینگلیز عێراقی جێ هێشت و چووە لەندەن تاکو لەوێ وەفاتی کرد. مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە یاداشتدا زۆر باسی ئەم پیاوە بەباشی دەکا.

* مەلا ڕەشید بەگی بابان ساڵی (١٨٨٢- ١٩٤٢): کوڕی فەتاح بەگی محەمەد بەگی خالید بەگی محەمەد پاشای خالید پاشایە. زانایەکی ئاینی بوو، بوو بە قازی لە تورکیا و هەر لەوێش مایەوە تا دنیای جێ هێشت. گەلێک کتێبی داناوە، لە هەموویان زیاتر ڕاڤەی (حدیث)ی پێغەمبەر (د.خ)

لەسەر وتەی (بخاري و مسلم) کە نۆ بەرگە دواییەکەیان ساڵی (١٩٩٠) لە چاپ درا بەناوی (اقتران النيّرين في مجمع البحرين). باپیری د. جەمال فوئاد و کەمال فوئاد و ئیحسان فوئادە لە دایکیانەوە.

* ئەورەحمان بەگی بابان (نفوس) ساڵی (١٨٨٠– ١٩٦٧): کوڕی خالید بەگ نازناوی شیعری (بابا)یە. پیاوێکی ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەر و شاعیرێکی پلە بەرز، زۆری شیعرەکانی لە دەوری کوردایەتی دەسووڕێنەوە (سەد دریغ، دەوری ئەسیری، قەومی کورد، نەبڕایەوە) (تاکو ئێستا، ئەم گرێیە هەر بەکەس نەکرایەوە).
* عەزمی بەگی بابان: لە ساڵی (١٩٥٠) وەفاتی کردووە کوڕی مستەفا بەگ کوڕی سلێمان پاشا کوڕی ئەورەحمان پاشایە سەرۆکی هەیئەتی ڕاپەڕین بوو لە هەرای ئەیلوولی (١٩٣٠)دا خوا لێخۆشبوو (ڕەفیق حیلمی) لە یاداشتدا زۆر بەباشی باسی دەکا.
* مەجید پاشا بابان: ساڵی (١٩٠٥) وەفاتی کردووە کۆشکی پاشای لە کفری دروست کرد، جگە لە باخی پاشا و وێستگەی حەسانەوەی لە ڕێی سلێمانی دروست کرد کە (٣٠) ژوور دەبوو، مزگەوتی خانەقا لە کفری و لە هەمووی زیاتر (ڕێگەی حەج)ی ئاسان کرد لەسەر ئەوە سوڵتانی عوسمانی مەدالیای زێڕینی پێ بەخشی و کتێبخانەیەکی گەورەی دوای خۆی بەجێ هێشت کە کتێبی بە زمانی تورکی و فارسی و عەرەبی و کوردی تێدا بوو. ئەم پیاوە باپیرە گەورەی بابانەکانی کفریە و کوڕی عەبدولقادر پاشای کوڕی سلێمان پاشای کوڕی برایم پاشای بنیاتنەری شاری سلێمانییە.

## بابان و قسەیەکی ڕاست و ڕەوا

بەداخەوە هەندێک کەس لە ڕووی نەشارەزاییەوە یا بەئەنقەست یاخۆ هەر بۆ نووسین و لاپەڕەی گۆوار و ڕۆژنامە پڕکردنەوە و خۆ دەرخستن باسی (سلبیات)ی بابانەکان دەکەن بێ ئەوەی ئەو ڕۆژگار و بارودۆخە و ئەو هەلومەرجە و ئەو باری سیاسی و ئاینی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی ئەو

ڕۆژگارەی ئەوانی تێدا دەژیان لە بەینی دوو دەوڵەتی گەورەی بە دەسەلات لە نێوان دوو ئاگر و دوو دەستاڕی هەرە قورسدا لێک بدەنەوە کە عوسمانی و عەجەم لە ئەنجامی ناکۆکیی خۆیاندا هەر ڕۆژە بیانوویەکیان بە بابانەکان دەگرت، هەر دەمە لەشکرێکیان دەناردە سەریان و هەموو کات لووتیان ئەژەنە کاروباریانەوە و دەیانکردن بەگژ یەکدا و لە یەکتریان هەڵدەگەڕاندنەوە.. ئەی هەر ئەوە نییە کە ئێستاش لەم سەدەی بیست و یەکەدا و لەم ڕۆژگاری تەکنەلۆجیا و عەولەمە و (وجوودی ئەنجوومەنی ئاسایش و هەیئەتی گەلانی یەکگرتوو – الأمم المتحدة) و لەم بەهاری عەرەبییەدا و ڕاپەڕینی گەلان لە ڕێی ئازادی و سەربەخۆیی گەلێک زیاتر و خراپتر دووپات دەبێتەوە بە جۆرێک نەک حکوومەتی فیدراڵیی کوردستان، بگرە نە حکوومەتی عێراق و نە ئەمەریکا بەو هەمـــوو هێــز و دەوڵەت و تواناییەوە، ناتوانن ڕێگە لە لووت ژەندنی ئێــران و تورکیا بگرن لە کاروباری عێراق و کوردستاندا... ئەی باشە شەڕی براکوژیی ناوەخۆمان و شەڕی برایانی یەک سەنگەر بۆچی و لە ئەنجامی چیدا بوو؟

کەوا بوو با ئەوەندە تفەنگ بە تاریکییەوە نەنێین و تۆزێ ڕەحم بە بابانەکان بکەین کە لەگەڵ ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی لێیان کرا توانییان سێ چوار سەدە بەرگە بگرن و خزمەتی میللەتەکەیان بکەن.

## هۆی ڕووخاندنی میرایەتیی بابان

هۆی هەرە سەرەکیی ڕووخانی میرایەتیی بابان و میرنشینە کوردییەکانی تریش (ئەردەلان، سۆران، بادینان، شەمدینان) پەیمانی ئەرزەڕۆم بوو کە لە ساڵی (١٨٤٧)دا لە نێوان عوسمانی و ئێراندا بەسترا، هەرچەندیش لەوەپێش چەند جارێک ئەو پەیمانەیان لە نێواندا بەسترا بەڵام هیچی وەک پەیمانی (١٨٤٧) کــاریگەر نەبوو، کــە بەتەواوەتی لەســـەر ئەوە ڕێک کــەوتن هەر ناکۆکییەک و گیروگرفتێک بکەوێتە نێوانیانەوە لەسەر گردەمێز و بەگفتوگۆ لەگەڵ یەک چارەی بکەن و واز لە میرنشینە کوردییەکان بۆ ئەو مەبەستە بهێنن ئیتر هەموویان یەک لە دوای یەک کۆتاییان پێ هێنرا. بۆیە دەڵێن هەر

هۆیەکی تر بۆ ڕووخـانی مـیـرنشـینی بابان و ئەوانی تریش بوترێت، هۆی لاوەکین نەک سەرەکی.

## بابان لەم چەرخەدا

بابان لە کوردستانی ئێران بەتایبەتی لە شاری (سنە) و (کرماشان) و (بانە) و شارە گەورەکانی تر نیشتەجێن. فەیزوڵڵا بەگی و بابا میری و... هەموو پیاوی گەورە و بەدەسەڵاتیان تێدا هەڵکەوتووە.

لە تورکیا: دوای نەمانی میرایەتیی بابان، زۆر لە بابانەکانی ئێرە دوور خرانەوە بۆ تورکیا بە تایبەتی (ئەستەمبۆڵ) و لەوێ پیاوی ناوداریان تێدا هەڵکەوت وەک وەزیر و باڵیۆز و دوکتۆری زانکۆ و بازرگان و کاسبکاری تر.

لە عێراقدا و بە تایبەتی لە کوردستاندا و زیاتر لە شاری سلێمانیدا کە بنکەی میرنشینی بابان بوو، جگە لە شارەکانی هەڵەبجە و قەلادزە و دەوروپشتیان لە کەرکووک و هەولێر و لە بەغدای پایەتەخت و لە گەلێک شوێن و جێگەی تر نیشتەجێن. لە خاکی باو و باپیریاندا بە سەربەرزی و وەک نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز بۆ وڵاتەکەیان بە کار و ئیشی خۆیانەوە خەریکن. ژمارەیان لە هەموو هەرێمی کوردستاندا دەگاتە سەد هەزار کەس و بگرە زیاتریش خۆیان لە سیاسەت و خۆبردنە پێشەوە دوور خستووەتەوە بۆیە کەسیش لێیان ناپرسێتەوە و نوێنەرێکیان لە پەرلەماندا نییە.

لەگەڵ سڵاو و ڕێزی

جەمال بابان/ سلێمانی

٢٠١١/١٠/١٠

ناوی سیانی: ..........................................................................................

شوێنی لەدایکبوون: ................................................................................

ڕۆژ و ساڵی لەدایکبوون: ........................................................................

کار و پیشەی: .......................................................................................

جێگەی نیشتەجێی: ................................................................................

پارێزگا: ............. قەزا: ............. ناحیە:............... گوند: ..............

گەڕەک: .................

ژمارەی تەلەفۆن یان مۆبایل: ....................................................................

ژمارەی فاکس: .......................................................................................

جۆر و ژمارەی ئۆتۆمۆبێل: .......................................................................

گرووپی خوێن: .......................................................................................

ناونیشانی نزیکترین کەسوکاری: ..............................................................

ژمارەی پاسەپۆرت و شوێنی دەرچوونی: ...................................................

ژمارەی ڕەگەزنامە و شوێنی دەرچوونی: ...................................................

ژمارەی ژمێریاری لە بەنک: .....................................................................

ژمارەی ناسنامەی کەسی و شوێنی دەرچوونی: ..........................................

گەر تێبینیی هەبێت: ...............................................................................

**Sunday 1**
January 2012
١١ بەفرانبار ٢٧١١

# یەکشەممە ١
کانوونی دووەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٨) (ولسن) حاکمی بەریتانیایی هاتە شاری سلێمانی و لەگەڵ شێخ مەحموودا کۆ بووەوە.
* بڵاوبوونەوەی کۆواری (تێگەیشتنی ڕاستی) ساڵی (١٩١٨).
* لەم ڕۆژەدا ساڵی (١٩٦٦) تێکۆشەری مەزن (عەلی حەمدی) لە شاری سلێمانی دەستگیر کرا و تاکو ئێستاش تەرمەکەی بێ سەروشوێنە.
* کۆواری ئامانج یەکەتیی مامۆستایانی کوردستان دەری دەکرد، مامۆستایان (جەمال عەبدول، محەمەد نووری تۆفیق، مەحموود مەلا عیزەت، فوئاد شێخ ئەنوەر) دەستەی نووسەران بوون ساڵی (١٩٧٤) لە سلێمانی دەرچوو.
* تەلەڤزیۆنی (کوردسات) لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٠)دا لە شاری سلێمانی دامەزرا.

چوار کتێبی خوا، چوار بەندی تیایە — کە گوێی لێ بگرن وەکو کیمیایە
تەورات وتوویە قانع بی تێری — زەبوور وتوویە بێدەنگ بی شێری
ئینجلیش دەڵێ تۆ دەرکەناربە — لە دڵەخورپەی دنیا رزگار بە
قورئان فەرموویە پشت بەخوا بەستە — ئەتخاتە ڕێی ڕاست ئەوساکە بەستە

لە پەندەکانی پیرەمێرد

* شەریف ئەفەندی سەعید موختاری گەڕەکی گۆیژە (١٩٢٨).
* فەرەج ئەفەندی ئەحمەد موختاری کانێسکان و چوارباخ (١٩٢٨).
* لەم ڕۆژەدا ساڵی (١٩٥٨) کۆنگرەی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد) پێک هات.
* لەم ڕۆژەدا ساڵی (١٩٨٣) یەکەتیی هونەرمەندانی کوردستان دامەزرا.

له ڕووی سـیـاسـەت خـۆت مـەخـەره بەند
ڕێوی قــەواڵەی پێ بـوو پۆسـتـیـان کـەند

* (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی بۆ یەکەم جار لە شاری ئەستەمبۆڵ لەلایەن کوردە دڵسۆزەکانەوە بەچاپ گەیەنرا.
* کۆچی دوایی مەلا حامد کوڕی مەلا حەمدوون زەکی ساڵی (۱۹۷٦) باوک و کوڕ یەک لە یەکتر شاعیر و بەتواناتر بوون.

دوشمنی ناوخۆ ڕەگ دەردەکێشێ
دار پوازی لە خۆی نەبێ ناقڵێشێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٥)دا هێزەکانی عوسمانی هێرشیان کردە سەر شاری ورمێ و ناوچەکانی دەوروپشتی و ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ئەو ناوە کوژران.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨)دا قوتابیانی کۆلێجی حقووق و شەریعە بە خۆپێشاندان دژی پەیمانی پورتسموث بەغدایان خرۆشان و دوای ئەوە لە ڕۆژەکانی داهاتوودا، خۆپێشاندانی قوتابیانی کۆلێجەکان تەواو پەرەی سەند و جڵەوی کارەکەیان گرتە دەست "لەکاتێکدا کە ئەو زەمانە (زانکۆ – جامعة) لە هیچ شوێنێکی عێراقدا پێک نەهاتبوو".
* بڵاوبوونەوەی پارەی ئەوروپا (یۆرۆ) لە ساڵی (١٩٩٩).
* خۆ تەقینەوەی تیرۆریستێک نزیک ئیمام کازم لە بەغدا ساڵی (٢٠٠٩) بوو بەهۆی کوشتنی (٣٥) کەس و برینداربوونی (٦٥) کەس.

ئەو کانییەی ئاوی لێ دەخۆیتەوە
بەردی تێ مەخە، تینوو ئەبیتەوە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٠٩)دا لە مووسڵ شێخ سەعیدی حەفید و شێخ ئەحمەدی كوڕی لە فیتنەكەی مووسڵدا لەگەڵ چەند كەسێكی تردا شەهید بوون.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٦)دا لە ئەنجامی كۆبوونەوەی دەوڵەتانی بەریتانیا و فرەنسا و توركیا و عێراق، توركیا وازی لە ولایەتی مووسڵ هێنا كە لەوەوپێش داوای بە گەرمی لەسەر دەكرد و خرایە سەر عێراق.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٧)دا شاعیری ناسراوی كوردی توركیا (سلێمان نظیف) كۆچی كرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨)دا لە ئەنجامی خۆپێشاندانەكەی ڕۆژی پێشووتردا لە بەغدا، حكوومەت كۆلێجی حقووقی داخست و (عمید) كە حوسێن عەلی ئەلئەعزەمی بوو گوێزرایەوە، بەڵام ڕۆژی هەشتی ئەو مانگە قاپیی حقووق كرایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٤)دا زانای گەورەی كورد (تۆفیق وەهبی) كۆچی دوایی كرد و لەسەر وەسیەتی خۆی لە دامێنی چیای پیرەمەگروون‌دا شاردرایەوە.

ئەوی بە نەسەب فەجری ڕووناك بێ
ئەبێ بە حەسەب كردەوەی چاك بێ

**Friday 6**
January 2012
١٦ بەفرانبار ٢٧١١

**هەینی ٦**
کانوونی دووەم ٢٠١٢

* مۆڵەتی (پارتی دیموکراتی میللی، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، حزبی شیوعیی عێراق) لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا ساڵی (١٩٦٠) درا بە ئیشکردنی ئاشکرا.
* دامەزراندنی سوپای عێراق ساڵی (١٩٢١).

هەندێ بە پیری ئاخرشەڕ ئەبن
فێری گەڕ ئەبن ئەوسا کەڕ ئەبن

**Saturday 7**
January 2012
١٧ بەفرانبار ٢٧١١

**شەممە ٧**
کانوونی دووەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٦)دا کۆمەڵەی زەردەشت لە بەغدا پێک هات و دوو لقیشی لە سلێمانی و هەولێر دامەزران.
* ساڵی (١٩٤٤) (مەلا مستەفای بارزانی) داواکارییەکانی کوردی لە ڕێی (ماجد مستەفا)وە کە ئەوسا نوێنەری حکوومەتی نووری سەعید بوو پێشکێش کرد کە بریتی بوون لە پێکهێنانی (ویلایەتی کوردستان) لە لیواکانی کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و قەزا کوردییەکانی لیوای مووسڵ، زاخۆ، ئامێدی، دهۆک، ئاکرێ، شێخان و سنجار و هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی لە لیوای دیالە.

ئەوی ئەیەوێ سەری نەیەشێ
بەقەد بەرەی خۆی پێ ڕائەکێشێ

**Sunday 8**
January 2012
١٨ بەفرانبار ٢٧١١

**یەکشەممە ٨**
کانوونی دووەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٨)دا (١٤) خاڵە بەناوبانگەی سەرۆکی ئەمەریکا (ویلسن) بڵاو کرایەوە، یەکێک لە خاڵەکانی تایبەت بوو بە ئازادیی میللەتە ژێردەستەکانی عوسمانی. شێخ مەحموودی نەمر ئەو بەیانەی خستبووە (بازی بەندە)کەی قۆڵیەوە و هەموو کات لە گفتوگۆیدا لە بابەت کوردەوە ئاماژەی بۆ دەکرد.
* بڵاوبوونەوەی (زاری کرمانجی) ساڵی (١٩٤٢) لە ڕەواندز.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨)دا دەرگەی کۆلێجی حقووق کرایەوە، دوای ئەوە لەوەوپێش لە ئەنجامی خۆپێشاندانەکانی دژی پەیمانی پورتسموث داخرا. کە ئەمە سەرکەوتنێک بوو بۆ هێزی میللەت کە قوتابی نوێنەریان بوو، بە تایبەتی قوتابیانی کۆلێجی حقووق و قوتابییە کوردەکانیش زۆربەیان بەشدار بوون تێیدا.
* لە ساڵی (١٩٩٦) کۆچی سەرۆکی فەرەنسا و دۆستی دێرینی کورد (فرانسوا میتران).

گەورە کە یەک بن میللەت سەرئەخەن
دەڵێن دوو ڕێوی، شێرێک کەوڵ دەکەن

* ساڵی (١٩٢٦) ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) دەرچوو.
* ساڵی (١٩٧٠) ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاو بووەوە.
* کۆچی دوایی شاعیری ناسراو (حەسیب قەرەداغی) ساڵی (١٩٩٧).

دەوڵەمـــەند خـــوانی ئەڕازێنـــەوە
فـــەقـــیـــر بۆ نانێک ئەپاڕێتـــەوە
ئەم دوو ئەحواڵە هیچیان تا سەر نین
چونکە هەردوولا بۆ مـــــردن ئەژین

* لە شاری ڕۆما یەکەم ڕۆژنامە لە جیهاندا بڵاو بووەوە ساڵی (١٦٥٣).
* بەکارهێنانی پوولی نامە ناردن ساڵی (١٨٣٠) لە بەریتانیا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٠)دا کۆمەڵەی (هێڤی کورد) لە ئەستەمبوڵ دامەزرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٠)دا سەدام حوسێن چوو بۆ (ناوپردان) بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بارزانیی نەمر لە بابەت مەسەلەی کوردەوە.

لە مەڕ ئەفرێنن، ئەیدەن بە گورگان
پیاوی مایەپووچ بە فرکان فرکان

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٦) ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی (کوردستان) لە شاری (مەهاباد) دەرچوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٩)دا هەفتەنامەی (خەبات) لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەرچوو.
* ساڵی (١٩٩٩) ڕزگارکردنی (٢٥٠) کۆچبەری کوردی عێراق لە لێوارەکانی دەریا لەلایەن پۆلیسی ئیتاڵیاوە.

کەسوکار لە پیاو جیا نابێتەوە
تفی بەرەو با، ریش دەگرێتەوە

**Thursday 12**
January 2012
٢٢ بەفرانبار ٢٧١١

# ١٢ پێنجشەممە
کانوونی دووەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٢)دا هێرشی حکوومەتی عێراق بۆ سەر ناوچەی بەرزان لە ئەنجامی بزووتنەوەی کورددا لەو ناوچەیە دەستی پێ کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) کە زمانی حاڵی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ە لە هەولێر دەرچوو.

بێ کاسبییە ئەم شەڕ و حاڵە
دیارە هەر کاسەی پڕ ئاشتیی ماڵە

**Friday 13**
January 2012
٢٣ بەفرانبار ٢٧١١

# هەینی ١٣
کانوونی دووەم ٢٠١٢

* کۆچی دوایی شاعیری ناسراوی کورد شێخ ڕەزای تاڵەبانی ساڵی (١٩١٠) و لە گۆڕستانی گەیلانی لە بەغدا شاردراوەتەوە لە ساڵی (١٨٣٥)دا هاتووەتە جیهانەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٦)دا (عصبة الامم – کۆمەڵەی گەلان) کە ئێستا (هیئة الامم المتحدة) شوێنی گرتووەتەوە، ڕەزامەندیی دەربڕی لەسەر لکاندنی کوردستانی جنوبی بەعێراقەوە، بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی بەریتانیا لەگەڵ دەوڵەتانی تر کە میراتی دەوڵەتی عوسمانییان بەش کرد کە ئەمەش بەبێ ڕەزامەندیی میللەتی کورد بوو.

وڵاتێک حیزب و میزبی تێ کەوێ
هەرچی دەستی بوو، بەشی خۆی ئەوێ

Saturday 14

January 2012

٢٤ بەفرانبار ٢٧١١

شەممە ١٤

كانوونی دووەم ٢٠١٢

* كۆچی دوایی (د. سدیق ئەترووشی) لە قەڵادزە بەهۆی بۆمباردومانی شارەكەوە ساڵی (١٩٦٤).

* كۆچی دوایی (شێخ ئەحمەدی بارزانی) ساڵی (١٩٦٩).

* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٨)دا روفاتی (٣٦٥) كەسی ئەنفالكراوی دۆڵی جافایەتی هێنرانەوە هەرێمی كوردستان و بەخاك سپێردران.

زۆردار و هەژار، وەك سەرما و هەتیو

بزن هەوڵی گیان، قەساب هەوڵی پیو

**Sunday 15**
January 2012
٢٥ بەفرانبار ٢٧١١

**یەکشەممە ١٥**
کانوونی دووەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٥)دا حوسێن حوزنی موکریانی (چاپخانەی کوردستان)ی لە شاری ڕەواندز دامەزراند.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٧)دا ڕاپەڕینی کوردی تورکیا کە ناوبانگ بوو بە شۆڕشی (ئاگری داغ) بەرپا بوو.
* کۆواری شەفەق ساڵی (١٩٥٨) لە کەرکووک بڵاو بووەوە.
* لە ساڵی (١٩٩٥) بەداخەوە... شەڕی براکوژی کە برینێکی ناسۆرە لە جەستەی کوردی عێراقدا دەست پێ کرد.

تۆ تووڕە مەبە دنیا کەی وایە
وەک (سەعدی) فەرمووی، نان بۆ (کەوایە)
(کەوا بخۆ چیرۆکێکی جوانی لەسەرە)

* یەکەم کۆبوونەوەی (عصبة الامم) ساڵی (١٩٢٠).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٦)دا (عصبة الامم) بڕیاری دا کە ولایەتی مووسڵ بخرێتە سەر عێراق، ئەمەش زیاتر بە پیلانی ئینگلیز بوو لەبەر خاتری نەوتی ناوچەکە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨)دا ساڵح جبری سەرۆک وەزیرانی عێراق کە چووبوو بۆ لەندەن بۆ گرێبەستی پەیمانی پورتسموث (پەیمانی بەینی عێراق و بەریتانیا) ناچار لەژێر پاڵەپەستۆی میللەتدا ڕەشنووسی پەیمانەکە بنێرێ بۆ بەغدا، تاکو بخوێنرێتەوە بۆ میللەت، تاکو بزانن چی تێدایە. هەر لەم ڕۆژەدا (وەصی عەبدولئیلاه) بە بیانووی ئێشەوە، بەغدای جێ هێشت و ڕای کردە بەسرە و هەڵسانی میللەت دژی پەیمانەکە هەر بەردەوام بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٩)دا شای ئێران (حەمە ڕەزاشا) بەناچاری لەسەر تەخت هاتە خوارەوە بە خێزانەوە ڕووی کردە میسر.
* کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆشنبیر ئومێد ئاشنا ساڵی (٢٠٠٠).

لە قاپیی نامەرد، مەکە (دق الباب)
بێ گۆشت بە نەوەک منەتی قەساب

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٤)دا سەرۆک جەمال عەبدولناسر کە دۆستی کورد بوو، لە کۆبوونەوەی سەرۆکەکانی عەرەبدا، نارەزایی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەعس کە بەو جۆرە نامرۆڤانە دژی جووڵانەوەی کورد وەستاوە.
* لە ساڵی (١٩٤٨)دا پارتەکانی ئەو سەردەمە هەموو نارەزاییی خۆیان دەربڕی دژی پەیمانی پورتسموث و خۆپێشاندان بەگشتی دەستی پێ کردەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩١)دا هێرشی دەوڵەتان بۆ سەر عێراق دەستی پێ کرد کە سوپاکەی لە کوێت دەرپەڕێنن، هەرچەند پێش ئەوە هەزار و یەک تکا لە سەدام کرا کە بەبێ شەڕ لە کوێت بکشێتەوە بێ سوود بوو "گوێ رامەکێشە، زۆر کەس بێ گوێیە کوتەک دەزانێ، قۆناغ لە کوێیە".
* مشروع دواجن أربيل بريتییە لە (١٤) حەقل و (٥٤) هۆڵی گەورە لە ساڵی (١٩٧١)دا دەست پێ کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٩) کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانیی کوردستان سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتە کار.
* جەژنی قدیس ئەنتونیوسی گەورە.

ئەم هەموو ساڵە دەوری دنیام دی — نەمدی ئاواتی هەژار بێتە دی
بڕوایشم وایە ئەیڵێم بێ پەروا — هەر وا هاتووە و بەو چەشنەش ئەڕوا

* مامۆستا (ئوستاد – بشیر مشیر) ساڵی (١٩٣٧) بەیانێکی لە ڕۆژنامەی ژیان ژمارە (٥١٠)ی ئەم ڕۆژە بڵاو کردووەتەوە، بۆ هەڵبژاردنی لە پەرلەمانی عێراقی، ئەو سەردەمەدا دەڵێ: لەبەرئەوەی من تینووم بە خزمەتی قومی عێراق حەز دەکەم لەم ڕێگەوە خزمەتی میللەتی عێراق بکەم.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٩)دا شەریف پاشای خەندان لە کۆنگرەی پاریسدا کە نوێنەری کورد بوو داواکانی کوردی دوور و درێژ پێشکێش کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨)دا خۆپێشاندان دژی بەستن و نوێکردنەوەی پەیمانی (عێراق– ئینگلیز پەیمانی پورتسموث) لە بەغدا دەست پێ کردەوە، چوار کەس شەهید بوون یەکێکیان (جعفر الجواهري) برای شاعیری گەورە (محمد مهدي الجواهيري) بوو. ئیتر ڕووداوەکە تەواو تەنییەوە، تەقەیان لە کۆلێجی (صیدلة) کردبوو دوو قوتابیی تێدا شەهید بوون. لەسەر ئەوە (عمید)ی (صیدلة) دەستی خۆی لە کار کێشایەوە.

لە پردی نامەرد، مەپەڕەرەوە
جەردە رووتت کا، با لەمبەرەوە

Thursday 19

January 2012

٢٩ بەفرانبار ٢٧١١

پێنجشەممە ١٩

کانوونی دووەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٦)دا نوێنەری ئێران یاداشتنامەیەکی پێشکێش بە ئەنجوومەنی ئاسایش کرد دژی سۆڤیەت کە یارمەتیی بزووتنەوەی کورد دەدات.

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨)دا (سید علي حجازي) کە لەوەپێشتر بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی بوو، بوو بە (متصرف)ی سلێمانی و تا ڕۆژی (١٩٤٨/٤/١٣) مایەوە. هەر ئەم پیاوە لە دواییدا بوو بە بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس، لە بەغدا هەوڵی کودەتای دا، بەڵام تێدا سەرنەکەوت و گیرا.

بەخیل خۆی نایخوا، هەوڵیشی زۆرە
ماڵی خۆنەخۆر، بۆ چەکمەبۆرە

* شێخ مەحموودی نەمر نامەیەک بۆ یەکەتیی سۆڤیەت لە ساڵی (١٩٢٣)دا دەنێرێ داوای یارمەتی دەکات بۆ کورد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٥)دا حاجی تۆفیق (پیرەمێرد) کە (٢٥) ساڵ بوو لە تورکیا بوو گەڕایەوە بۆ خاکی نیشتمان (سلێمانی).
* مەجید پاشا کوڕی عەبدولقادر پاشای کوڕی سلێمان پاشای کوڕی برایم پاشای بابان کە باخی پاشا لە کفری بە ناوی ئەمەوەیە. بەشداریی کردووە لە دامەزراندنی ڕێگەدا بەرەو شام و لەوێوە بۆ حەج و مزگەوتی خانەقای لە کفری دروست کردووە و لەم ڕۆژەدا ساڵی (١٩٠٥) فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٣) لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستاندا نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوو.
* ساڵی (٢٠٠٩) باراک ئۆباما لە تەمەنی (٤٧) ساڵیدا بوو بە یەکەم کەسێکی ڕەش کە پۆستی سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای بەدەست هێنا.

ئەو عومرەی ئەمڕۆ تۆ لێی بێزاری — بۆی دەکەویتە شیوەن و زاری
بەڵام فایدەی چی بۆت نایەتەوە — لێت تۆرا ئیتر ئاشت نابێتەوە

* کۆچی دوایی (ئیسماعیل حەقی بابان) وەزیر لە دەوڵەتی عوسمانی و پرۆفیسۆر لە زانکۆ ساڵی (١٩١٣) لە ئەستەمبوڵ.
* کۆچی دوایی (فلادیمیر ایلیتش لەنین) ساڵی (١٩٢٤).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٦)دا ڕۆژنامەی ژیان دەرچوو، تا ساڵی (١٩٣٨) کە (٥٥٣) دانەی لێ بڵاو کرایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨) کۆبوونەوە بە سەرۆکایەتیی (وەصی عەبدولئیلاه) لەگەڵ سەرۆکی پارتەکان و گەلێک لە ئەندامانی ڕیشسپییان و نوێنەران و سەرۆکەکانیان و وەزیرەکانی پێشوو، پێک هات کە هەموو بە یەک دەنگ دژی پەیمانی پورتسموث وەستان و هەر لەوێدا داوا لە (صالح جبر)ی سەرۆک وەزیران کە بۆ پێکهێنانی پەیمانەکە و جێبەجێکردنی چوو بۆ لەندەن گورج بگەڕێتەوە بەغدا و واز لە پەیمانەکە بێنێ.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٩) (عادل جلال) ئەفسەرێکی سوپا و خەڵکی خانەقین بوو بوو بە (متصرف – پارێزگار)ی سلێمانی و تا (١٣/ ٨/ ١٩٥٩) مایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٨)دا کۆچی دوایی (مەعرووف جیاووک) کە کوردێکی پاک و دڵسۆز بوو ڕاگەیانرا.

ئەگەر چاکەت کرد لەگەڵ ناپاکا     خراپە ئەکەی لەگەڵ پیاوچاکا

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٦) کۆماری مەهاباد بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد بە کۆششی کوردە دڵسۆزەکان و بە یارمەتیی سۆڤیەت پێک هات، بەڵام بەداخەوە سیاسەتی ناو دەوڵەتان و بۆنی نەوت ساڵێکی نەبرد ئەو کۆمارە گوڵبەدەمەی لەناوبرد.

هێندە بەرز مەفرە بڵێن بێباکە
دیارە بێباکی، هەر بۆ خوا چاکە
چاوساغی کوێریش هێند کەوتۆتە ناو
زۆر کەس ناچارن بە بەستنەوەی چاو

**Monday 23**
January 2012
٣ ڕێبەندان ٢٧١١

# ٢٣ دووشەممە
کانوونی دووەم ٢٠١٢

* ڕۆژووی نەستوورییەکان – ڕۆژووی (العذراء – مریم) بۆ سێ ڕۆژ غ.
* ساڵی (١٩٩٣) دامەزراندنی سوپای یەکگرتووی کوردستان.

گوێ ڕامەکێشە، زۆر کەس بێ گوێیە
کـوتەک ئەزانێ، قـۆناغ لە کـوێیە

**Tuesday 24**
January 2012
٤ ڕێبەندان ٢٧١١

**سێشەممە ٢٤**
کانوونی دووەم ٢٠١٢

* ساڵی (١٩٢٢) عێراق و بەریتانیا ڕێک کەوتن لەسەر مافی کورد و پێکهێنانی حکوومەتێکی کوردی لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام هەر قسە بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٠)دا (شكري صبري الحديثي) کە کابرایەکی بەعسی بوو، کرا بە پارێزگاری سلێمانی و مایەوە تا ڕۆژی ١٥/ ١/١٩٧١.

بۆ چەنەبازێ، کە نەزان دوورە
لە بەهەشتەوە، کوتەک هاتووە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٦) حاجی مستەفا پاشای یامولکی کۆچی دوایی کرد ساڵی (١٨٦٦) هاتووەتە دنیاوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨)دا (کریم علکە) پیاوی چاک و خێرخوازی برا دیانەکانی سلێمانیمان لە بەغدا کۆچی دوایی کرد.
* سەلاحەدینی هەولێری کە ناوی (ابوالعباس أحمد) بوو، لەبەر زیرەکی و توانای زۆری بوو بە صاحیب – سەرۆکی تەشریفاتی سوڵتان مظفرالدین کوکبوری، لە دواییدا چووە میسر لای مەلیک کامل کە کردی بە جێگەی ڕاز و نیازی خۆی لە ڕۆژی (٢٥) (ذي الحجة) ساڵی (٦٣١ک – ١٢٣٣ز) کۆچی دوایی کرد.

لە ڕووی جیهاندا، تۆ وەرە پاک بە
ئەوسا لە واتەی، خەڵکی بێباک بە

**Thursday 26**
January 2012
٦ ڕێبەندان ٢٧١١

**پێنجشەممە ٢٦**
کانوونی دووەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٩)دا پیرەمێرد ڕۆژنامەی (ژین)ی دەرکرد کە هەتا شوباتی (١٩٦٣) بڕی کرد، واتا دوای پیرەمێرد جەمیل سائیب خوشکەزای، دوای ئەویش پارێزەر نووری ئەمین مەحموود، دوای ئەو ئەحمەد زرنگی کچەزای سەرپەرشتییان دەکرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨)دا سەرۆک وەزیرانی عێراق صالح جبر لەسەر داوای میللەت کە لە لەندەن بوو بۆ تەواوکردنی پەیمانی پورتسموث گەڕایەوە بۆ بەغدا.

هیچ کەس لە واتەی خەڵک رزگار نابێ
پیاوی قین لە سک قەت بە یار نابێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨)دا لە ئەنجامی پاڵەپەستۆ خستنە سەر سەرۆک وەزیران (صالح جبر) و بەهۆی دەست لەکارکێشانەوەی چەند وەزیرێک و نوێنەری پەرلەمان ئەویش ناچار بوو دەست لە کار بکێشێتەوە بەڵام بەداخەوە، دەرکەوت کە لە ئەنجامی گرژی و خۆپێشاندان (٢٥) کوژراو و (٧٧) بریندار هەبوو.

چاو مەبڕەرە دەست، خراپ فێر ئەبی
بە پارووی خەڵکی، درەنگ تێر ئەبی

هەویری فیتنە زۆر ئاو ئەکێشێ
دوژمنی ناوخۆ ڕەگ دەرئەکێشێ

**Saturday 28**
January 2012
٨ ڕێبەندان ٢٧١١

**شەممە ٢٨**
کانوونی دووەم ٢٠١٢

* ساڵی (١٨٨٧) بورجی بەناوبانگی (ئیڤڵ) لە پاریس دروست کرا، خۆزگە لە کوردستانیشدا شتێک لەو بابەتە بە ناوی بورجی (خەبات)ەوە پێک دەهات.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٢)دا عێراق لە (کۆمەڵەی گەلان- عصبة الامم) وەرگیرا و لە (انتداب) رزگاری بوو، بەمەرجی جێبەجێکردنی مەرجەکانی (عصبة الامم) و دەرنەچوون و لانەدان لێی.

تا خۆت دۆست نەبی، کەس نابێ بە کەس
چەپڵە لێ نادرێ، بە تەنها یەک دەس

زک تێریم کاری دەستی ماندوومە
تۆوی عیزەتی نەفسە چاندوومە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٩)دا لە بەغدا بەشی کوردی لە ئێستگەی ڕادیۆی بەغدا کرایەوە و کامل کاکەمین بەڕێوەبەری بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨)دا وەزارەتی (محمد الصدر) پێک هات کە پیاوێکی شیعەی بەڕێز و خۆشەویست بوو، سەرۆکی ئەنجوومەنی پیران (أعیان)یش بوو پێنج لە سەرۆک وەزیرانی پێشوو بە وەزیری لەگەڵ چەند زاتێکی تردا لەو وەزارەتەدا بوون. ئەم وەزارەتەش هەتا مانگی حوزەیرانی هەر ئەو ساڵە بەکار بوو دوای ئەوە ئەویش کشایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٢)دا حکوومەتی بەعس نزیکەی دە هەزار کوردی فەیلیی لە بەغدا و شارەکانی تری عێراق دەرکرد بەناوی (تبعیە)ی ئێرانەوە.

دڵ عەهد و وەفای لەلا نەماوە
زمان بۆ درۆ تەڕ و پاراوە
ئەخلاقیش بە دین دێتە ڕێی چاکە
داخەکەم لێڵە، ئەو ئاوە پاکە

**Monday 30**
January 2012
١٠ ڕێبەندان ٢٧١١

**دووشەممە ٣٠**
کانوونی دووەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨)دا باوکی هیندستان مهاتما غاندی بەدەستی ئەندامێکی هیندۆس و لە نەتەوەکەی خۆی تیرۆر کرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٥)دا هەڵبژاردنی کۆمەڵەی عێراقی نیشتمانیی فیدراڵی و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان جێبەجێ کران.

دەوران دەوڵەتت لە دەست دەسـێنێ
بەڵام ناوی چاک، تا سـەر ئەمـێنێ

**Tuesday 31**
January 2012
١١ ڕێبەندان ٢٧١١

**سێشەممە ٣١**
کانوونی دووەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٧) ئیدریس بارزانی باوکی نێچیرڤان بارزانی لە ناوچەی ئورمیەی ئێران کۆچی دوایی کرد. شایانی باسە ئیدریس مێردی نازداری حەماغای ئەوڕەحماناغایە کە یەکێک بوو لە پیاوە ناسراوەکانی شاری سلێمانی.

کە ناحەزت کەوت، تۆ پێی پیا مەنێ
زەبوون کوژمەیە، لای خوا لامەنێ

* ساڵی (١٩٣٩) قوتابخانەیەکی تر بۆ کچان (جادەی ئۆرزدیی ئێستا) کرایەوە بەناوی (الاحداث)ەوە هەر بەو ناوەوە مایەوە تا کۆتاییی (١٩٥٢).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥١) لە سلێمانی لە هۆڵی دواناوەندیی سلێمانی ئاهەنگی وەفات بۆ جەلالەتی مەلیکە (عالیة معظمة) بە ئامادەبوونی مەسئوولین و ئەشراف مەملەکەت پێک هات.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٨)دا کامل چادرچی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کۆچی دواییی کرد.
* ساڵی (١٩٧٩) گەڕانەوەی ئیمام خومەینی بۆ ئێران.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٧)دا فەرەیدوون قادر فەرەج بوو بە پارێزگاری سلێمانی و تا ڕۆژی ١٩٩٧/٧/١٣.
* ساڵی (١٩٩٢) دامەزراندنی (التحالف الديمقراطي الكوردي في سوريا) لە چوار پارتی کوردی لە سووریا پێک هات.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٤)دا لە شاری هەولێر دوو تیرۆریست لە مەڵبەندی یەکێتی و پارتی خۆیان تەقاندەوە و بوون بەهۆی شەهیدبوون و برینداربوونی ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستان و هاووڵاتییان.

تۆ چاکە بکە و بیدە بە ئاوا
خەڵکیش نەزانێ، لای خوا نووسراوە

Thursday 2
February 2012
١٣ ڕێبەندان ٢٧١١

**پێنجشەممە ٢**
شوبات ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ســاڵی (١٩٥٦)دا ژمــارەیەکی تایبــەتی لە ڕۆژنامــەی (ژین) لە بابەت شاری سلێمانییەوە (ژمارە ١٢٨٢) دەرچوو بە (٤٦) لاپەڕە کە زۆر باسی بەنرخی لە بابەت سلێمانییەوە گرتووەتە خۆ.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٥)دا (مادام میتران) دۆستی دێرینی کورد لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا و پەرلەمانتارانی بەریتانیا داوایان لە یەکێتی و پارتی کرد شەڕی ناوەخۆ ڕابگرن.

ئەولادتان بەناز، پەروەردە مەکەن
چاک نابن خۆتان، ڕەنجەڕۆ مەکەن

**Friday 3**
February 2012
١٤ ڕێبەندان ٢٧١١

# هەینی ٣
شوبات ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٥)دا گۆرانیبێژی بەناوبانگی میسر (أم كلثوم) كۆچی دوایی كرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧١)دا (علي عبدالله أمين) بوو بە پارێزگاری سلێمانی و تا ڕۆژی ١٩٧٤/٣/١ مایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٠) هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەكانی هەرێمی كوردستان ئەنجام درا (گ. سلێمانی ژ ٤ ل ١٩).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٥) لە ئەنجامی كۆبوونەوە و گفتوگۆی پارتی و یەكێتی لە هاوینەهەواری سەلاحەدین، جەلال تاڵەبانی دیاری كرا بۆ پۆستی سەركۆماری عێراق و مەسعوود بارزانی بۆ پۆستی سەرۆكی هەرێمی كوردستان.
* ساڵی (٢٠٠٩) (معمر القذافي) هەڵبژێردرا بە سەرۆكی (الاتحاد الافريقي).

میرات هەوێنی شەڕی ئەولادە
بێ ڕەنج دەسكەوتوو ئەدرێ بە بادا

| | |
|---|---|
| **Saturday 4**<br>February 2012<br>١٥ ڕێبەندان ٢٧١١ | **شەممە ٤**<br>شوبات ٢٠١٢ |

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٦)دا بە کۆششی خاتوونی ناسراوی سلێمانی (حەپسەخانی نەقیب) و هاوەڵەکانی کۆمەڵەی بزووتنەوەی ئافرەتان لە سلێمانی هاتە دی.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٩)دا (تیپی نواندنی سلێمانی) دامەزرا.

بە میراتی عیلم کوڕ ئەبێ بە پیاو
ئەولاد بەڕەنجی شــانی دێتــە ناو

**یەکشەممە ٥**
شوبات ٢٠١٢

**Sunday 5**
February 2012
١٦ ڕێبەندان ٢٧١١

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٢)دا هیتلەر لە لووتکەی سەرکەوتنیدا لە شەڕی جیهانیی دووەمدا تەماعی داگیرکردنی هەموو جیهانی کەوتە کەللەیەوە پیرەمێردی دنیادیدە و دووربین لەم کاتەدا ئەم پەندەی بۆ هۆنییەوە:

هـتلەر چـووە سـەر گـۆڕی ناپـلیۆن        وتـی ناوداری تأریـخ چـۆنی چۆن؟
دەنگێک هات لە خاک زۆر بەمەحزوونی        وتی وا تۆش دێی بۆ خۆت ئەیبینی

* ساڵی (١٩٩٠) (پرۆستوریکا و گلاسنوستی گورباچۆڤ) لە یەکەتیی سۆڤیەت ڕووی دا و فرە حزبی هاتە ئاراوە.

هیچ کەس ماڵی خۆی بە کەس نەداوە
کەچی هاتوچۆی، دەوڵەمەند باوە

**Monday 6**
February 2012
١٧ ڕێبەندان ٢٧١١

**دووشەممە ٦**
شوبات ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٩)دا لە کۆنگرەی پاریس شەریف پاشای خەندان نوێنەری کورد داخوازییەکانی میللەتەکەی پێشکێش بەسەرۆکی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس کرد کە کلیمانصۆی سەرۆک وەزیرانی فرەنسا بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٣)دا (معارضة)ی عێراقی بە کورد و عەرەب و هەموو لایەنەکانی ترەوە لە تەرابلوسی لیبیا کۆ بوونەوە بۆ یەک تەن وەستان دژی ڕێژیمی بەعس.
* یەکەتیی قوتابیان و لاوانی ئاشووری لەلایەن وەزارەتی ناوەخۆی هەرێمی کوردستانەوە مۆڵەتی پێ درا بە سەرپەرشتیی مامۆستا (سامی ئیسحاق شەمعون).

دەعوایان هاتە سەر هەلاتبازی
قەت دوو کەس نابن لە قازی رازی

**Tuesday 7**
February 2012
١٨ ڕێبەندان ٢٧١١

**سێشەممە ٧**
شوبات ٢٠١٢

* کۆنگرەی یالّتا ساڵی (١٩٤٥) گیرا (چرچڵ، روزفلت، ستالین) تێدا بەشدار بوون.
* (چارلز دیکنز) نووسەری بالاّ و پێشکەوتنخوازی ئینگلیز نووسەری (ئۆلیڤەر تویست) و کاتە زەحمەتەکان Hard Times و چەند چیرۆکێکی تری جیهانی ساڵی (١٨١٢) هاتووەتە جیهان و ڕۆژی (٩ حوزەیران ساڵی ١٨٧٠) جیهانی بەجێ هێشتووە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٦) یەکەم ژمارەی کۆواری (کوردستان) لە ئێران لە شاری مەهاباد دەرچوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩١)دا (ئەمنە سوورەکەی سلێمانی) کە هەموو کاربەدەستانی سەردەمی بەعس لەوێدا کۆ بوونەوە و بەرەنگارییان دەکرد، بەلاّم هێز و یەکەتیی میللەت لە سلێمانی دەستی گرت بەسەریدا و پاکی کردەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٤) حزبی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دامەزرا.

کە من ئاغا بم، تۆش وەک من ئاغا
بەرە شرەکەمان، کێ بۆمان داخا

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٥)دا قوتابی لە هەریەک لە سلێمانی و کەرکوک و هەولێر واتا (٤٥) قوتابی لە چالاکەکان لەلایەن وەزیری مەعارفەوە بانگ کرانە بەغدا بەمیوانی زۆر شوێن گەڕان تاکو چوونە کۆشکی شاهانە بەدیدەنیی فەیسەڵی دووەم و عەبدولئیلاهی وەصی شاد بوون.
* ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٨ کودەتای بەعسییەکان سەرکەوت کە لای خۆیان بە شۆڕشی (١٤)ی ڕەمەزان ناو دەبرێ بەڕاستی ڕۆژێکی ڕەش بوو بۆ عێراق و بۆ کورد و بۆ بەعسییەکان خۆشیان.
* ڕۆژی ١٩١٤/٢/٨ جەمالەدین ڕەشید بابان یەکەم ژمارەی کۆواری (بانگی کورد)ی لە بەغدا دەرکرد.

هەرچی بەشەرە و گیانی لەبەرە     لەسەر سەفەرە و ڕێگەی لەبەرە
کە دێت هیچ لەگەڵ خۆیا ناهێنێ     کە ئەشڕوا، لێی جێ ئەمێنێ

* جەژنی مارمارون لای نەسرانییەکان.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٠)دا کۆمەڵەی (هێڤی – هیوای کورد) لە ئەستەمبۆڵ لە تورکیا لەلایەن کوردە دڵسۆزەکانەوە دامەزرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٣) یاسای وەزارەتی تەندروستی لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە بە ژمارە (١) دەرچوو.

بە گفت سەروماڵ، درێغی نییە
هاتە کردەوە، بایەخی نییە
ئێستا دەورێکە دوو چشت بەکارە
بۆ خۆ چەسپاندن، تکایە و پارە

**Friday 10**
February 2012
٢١ ڕێبەندان ٢٧١١

**هەینی ١٠**
شوبات ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٩)دا کۆواری رزگاری بڵاو بووەوە.
* ساڵی (١٩٦٤) رێککەوتننامەی کورد لەگەڵ (عەبدولسەلام عارف) پێک هات بۆ وەستانی شەڕ، بەلاٌم بێ سوود بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٠)دا یەکەتیی نووسەرانی کورد بۆ یەکەم جار لە بەغدا دامەزرا بە سەرۆکایەتیی (جەمال بابان، جێگری سەرۆک د. ئیحسان فوئاد، سکرتێر. کاکەمەم بۆتانی، ئەندامەکان: د. مارف خەزنەدار، د. نەسرین فەخری، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، حوسێن عارف، محەمەد مەلاکەریم و خالید دلێر).

کاولەکەی وەتەن هێندە شیرینە
ژەهری دووپشکی عەربەت هەنگوینە
ماوەتەوە سەر تەنها ئاواتێ
با باوەگورگوڕ کورێکمان باتێ
باوەگوڕگوڕی شەخصەکەی خۆمان
ڕووناکییەکت ببێ لە دەورمان

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٤٧) ڕووناککەرەوەی هەموو تاریکاییی دنیا، زانای بەناوبانگ ئەدیسۆن هاتە دنیاوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٦)دا یەکەم وەزارەتی کۆماری مەهاباد لە شاری مەهاباد پێک هات.
* ساڵی (١٩٧٩) سەرکەوتنی شۆڕشی گەلی ئێران بەسەر ڕژێمی شاهانەدا بە بەڕێوەبەرایەتیی ئیمام خومەینی تەواو بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٠)دا (نێڵسۆن ماندێلا) کە سەرکردەی ئازادیخوازانەی ئەفریقیای خواروو بوو دوای زیاتر لە (٢٥) ساڵ زیندانی؛ ئازاد کرا و ئەوە بوو لە دواییدا (خەڵاتی نۆبڵ)یشی پێشکێش کرا.

که خۆت خودبینی و بۆ خەڵک بەدبین بی
نابێ لە دوایی ڕۆژت ئەمین بی
لە ئادەمەوە، دوو برای هاوپشت
لەسەر هەوای نەفس ئەمیان ئەوی کوشت

**Sunday 11**
February 2012
٢٣ ڕێبەندان ٢٧١١

# یەکشەممە ١٢
شوبات ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٠٩)دا زانای بەناوبانگی جیهانی (چارلس داروین) هاتووەتە دنیاوە.

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٤)دا، لیوا بەهادین نووری بوو بە (متصرف – پارێزگار)ی سلێمانی. ئەم پیاوە گەشتەکەی (کلودیوس جیمس ریچ)ی لە ئینگلیزییەوە زۆر بەجوانی وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی و (حەمەی حەمەباقی)ش وەری گێڕاوە بە کوردی. ئیشەکەی پارێزگار تا ڕۆژی (١٩٤٤/٨/٥) درێژەی کێشا.

دۆستت ئەوەتە، کە ئەتگرێێنێ
دوشمن ئەوەتە، پێت پێ ئەکەنێ
نازانن بەشەر، مایەی بە شەڕە
سروشتی ئەسڵی، تەشقەڵە و گەڕە

* بەغدای پایەتەختی خولەفای عەباسی ساڵی (١٢٥٨) لەلایەن هۆلاکۆی تەتەرەوە داگیر کرا و کۆتا بە خەلافەی عەباسی هات.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٥)دا دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، ئەنجامەکەی بڵاو کرایەوە کە نزیکەی نیوەی شتێ کەم بۆ شیعە و چواریەکی بۆ کورد و باقییەکەی بۆ لیستی عێراقی بوو.

ئەوەی شایانی باسە سونەی عەرەب بەشدارییان لەم هەڵبژاردنەدا نەکرد.

بە خاڵۆ خاڵۆ، هات بەلامەوە
بوو بە توولەمار، دای وەپامەوە
خوا شەو و ڕۆژی داناوە بۆمان
لەوحەی عیبرەتن بۆ ئەهلی جیهان

* ساڵی (١٩٢٥) (داراهێن) لەلایەن شێخ سەعیدی پیرانەوە لە کوردستانی باکور دەکرێتە پایەتەختی کاتیی کوردستان.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٥)دا کۆمەڵەی (بەرگریی نیشتمانیی کورد) لە شاری سلێمانی دامەزرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٩)دا سکرتێری پارتی شیوعیی عێراق (یوسف سلمان یوسف – فهد) لە دار درا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٨)دا (الاتحاد الهاشمي) لەلایەن عێراق و ئوردندا ڕاگەیەنرا بە یەکگرتنی سیاسیی ئەو دوو وڵاتە، بەڵام لە ئەنجامدا بەهۆی جووڵانەوە سەربازییەکەی چواردەی تەمووزەوە لە عێراقدا ئیشەکە تێک چوو سەری نەگرت.

پیرێژنی چەرخ بە نووکەنووکە
هەزار مێردی ناشت هێشتا هەر بووکە
ئەوەی بۆ ژنی بەدخوو بەخەمە
ناویان لێ ناوە بە (مامەخەمە)

* ڕۆژووی پەنجا ڕۆژەی برا نەسرانییەکانی ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا.
* داخستنی کۆواری نزار لە بەغدا ساڵی (١٩٤٩) کە عەلادین سەجادی دەری دەکرد.
* ڕۆژنامەی (ژین)ی ئەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥١) ناوی ئەو قوتابیانەی سەرەتاییی بڵاو کردووەتەوە کە بە یەکەم دەرچوون و سەعاتیان پێشکێش کراوە: جانیت ئیبراهیم مراد قوتابخانەی سدیقە، ئەحمەد کەمال حاجی عەبدوڵڵا شاڵی قوتابخانەی خالیدیە، ئەمیرە حوسێن حاجی ڕەشید قوتابخانەی گۆیژەی کچان، جەلال کەریم عەبدوڕەحمان قوتابخانەی عەبدولئیلاه.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٩)دا (عەبدوڵڵا ئۆجەلان – ئاپۆ) سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردی تورکیا (PKK) لە ئەنجامی تەڵەنانەوەی ناو دەوڵەتاندا لە نایروبی (کینیا) دەستگیر کرا و لەوساوە لە گرتیگەی تورکیادایە.

من بە ڕەنجی شان پارەم دەست کەوێ
تەمەڵ لەلاوە چی لە من ئەوێ؟
بەڵێ حەقی کەس بە کەس نابرێ
ناحەقی ناوی بەخراپ ئەبرێ

**Thursday 16**
February 2012
٢٧ ڕێبەندان ٢٧١١

**پێنجشەممە ١٦**
شوبات ٢٠١٢

* لەشکری ڕووس (سەردەمی قەیسەر) ناوچەی ئەرزەڕۆمی لە کوردستانی تورکیا ساڵی (١٩١٥) داگیر کرد.
* کۆچی دوایی ئەفسەر و ئەدیبی کورد (ئەمین فەیزی بەگ) ساڵی (١٩٢٨).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٦)دا کوردەکانی باکوری تورکیا دژی ڕێژیمی ئەتاتورک ڕاپەڕین.

کە خوا پیاو سەرخا، بە کەس نانەوێ
ئەم ئاسمانە، ئەستوونی ئەوێ
ئەشکالی بەشەر کەس لە کەس ناکا
تاکو یەکسان بێ بەد لەگەڵ چاکا

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٦)دا دوای پێکهاتنی (کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان) چەند کەسێکی ڕۆشنبیری کورد، داواکارییەکیان پێشکێش بەو دەزگایە کرد لە بابەت مافی ئۆتۆنۆمییەوە بۆ کوردستانی خواروو.
* کارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجە لە ساڵی (١٩٨٤)دا کەوتووەتە کار و لە ساڵی (١٩٨٦) بە تەواوەتی هاتە بەرهەم، بەڵام لە ساڵی (١٩٩١) بە دواوە وەستا تاکو لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٧) هێڵێکی کەوتەوە بەرهەم.
* ژمارە یەکی ئەم ڕۆژەی ڕۆژنامەی (الثورة)ی بەعس ساڵی (١٩٦١) لە وتارێکیدا (داوای توانەوەی کوردی کردووە).

ئەو کەسەی کە خوا، قەدری داوە پێی
هیچ کەس لێی پرسیویە، کە تۆ کوڕی کێی؟

هەرچی هەڵئەستێ ئەڵێ من حیزبم
برا لێم لادە ناموەێ ئەندام بم
ئەحزاب جیا بەجیا کەوتنە شەڕەجوێن
ئیسلامییەت و عەسەبییەت (جوێن)

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٦)دا ڕۆژنامەی (العراق) لە بەغدا لە سەردەمی بەعسدا بڵاو بووەوە، ڕۆژنامەی کوردەکان بوو بەڵام بەعەرەبی بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨١)دا (جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجی) بوو بە پارێزگاری سلێمانی و تا ڕۆژی ١٩٨٩/٩/١.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٠)دا (فرانسۆ حەریری) پارێزگاری هەولێر تیرۆر کرا.

مەسنەد نادرێ، بەزۆری چەنە
لەم زەوییە ڕەقە، تووری هەڵکەنە
دیموکراتییە و لافی وەتەنی
بەم تەفرەدانە شەیتان پێ کەنی

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٨)دا (کوفی ئەنان) سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان هات بۆ بەغدا بۆ وتووێژ لە بابەت لابردنی (گەمارۆ – حصار) لەسەر عێراق.
* لە ساڵی (٢٠٠٩) ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، دەوڵەتی قانوون چواریەکی کورسییەکانی بەدەست هێنا.

ئەوی بە ئاغام، بە پاشام فێرە
بەراتی دێتە، سەر دوو کولێرە
ئەوی کە لەسەر تەجروبە ئەڕوا
هەرچییەکی وت پێی بکە بڕوا

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٩)دا سەرۆک (ولسن)ی ئەمەریکا بە برووسکە کاربەدەستانی ئینگلیزی لە هیندستان ئاگەدار کردەوە لە بابەت عێراق و سەربەخۆیی کوردەوە لە چوارچێوەی عێراقدا.
* قۆناغی یەکەمی ئەنفالکردنی خەڵکی (سورداش – دوکان– بنگرد– سەرگەڵوو– بەرگەڵوو) لە سەردەمی بەعسدا دەستی پێ کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٨)دا (کوفی ئەنان) لە بەغدا مایەوە و درێژە بە وتووێژ درا لە بابەت لابردنی (گەمارۆ – حصار)ەوە لەسەر عێراق.
* ساڵی (١٩٩٢) کۆنفرانسی یەکەتیی ئافرەتانی کوردستان لە هەولێر بەناوی شەهید (لەیلا قاسم)ەوە دەستی پێ کرد.
* ساڵی (١٩٩٧) وەزارەتی ناوەخۆی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی ئیشکردنی بە بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی باپیر کامەلا بەخشی.

کەسێ دڵسۆز بێ، بۆ هەموو کەسێ
دەرگاش دانەخا، لە دز نەترسێ
لە توونچییەوە بی بە حەمامچی
لە ئیشوکارتا بە غەڵەت ناچی

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٦)دا (کۆواری هەڵاڵە) لە بۆکان کوردستانی ئێران بڵاو بووەوە.
* کۆچی دوایی شاعیر و نووسەری بەتوانا مامۆستا (هەژار عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی).
* قوتابخانەی (بالیە) هونەری ساڵی (٢٠٠٩) لە سلێمانی کرایەوە، نزیکەی (٤٠) کچ تەمەنیان لە (٦ بۆ ١٦) ساڵ داخڵ بوون.
* ساڵی (١٩٩٢) بە یەکگەیشتنی سەرۆک (مەسعوود بارزانی) و سەرکۆماری تورکیا (تۆرکۆت ئۆزال).

بە قاسپەقاسپی کەو بایەخ مەکەن
چونکە بۆ ڕاوی جنسی خۆی ئەبەن
با سیاسەتیش درۆی پێ بوێ
درۆزن (شا)یش بێ دوایی ئەکەوێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢١)دا لە قاهیرە کۆنگرە بەسترا لەلایەن نوێنەرانی حکوومەتی بەریتانیاوە بۆ باسکردنی کاروباری ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست هەر لەو کۆبوونەوەیەشدا پێشنیاز کرا کە کۆنفیدرالیەت دامەزرێ بۆ کورد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٤)دا (مەلا مستەفا بارزانی) لەگەڵ چەند کەسێکدا یەکێکیان فەتاحاغای هەرکی بوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکوومەتی عێراقەوە پێشوازی کران و چاویان بە باڵیۆزی بەریتانیا کەوت.
* سەرەتاییی کاری کۆمەڵکوژی (ئەنفال) لە دۆڵی جافایەتی ساڵی (١٩٨٨).
* شەڕێکی قورس لە نێوان لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان و ڕێژیمی عێراق ساڵی (١٩٦٢) لە ئەترووش ڕووی دا.

ئەڵێن تەور کلکی خۆی نابڕێتەوە
وای ئەبڕێتەوە، کە نەبێتەوە
جاران هەر شارێ بینا ئەکرا
قەلایەکی بۆ دروست ئەکرا
کە دوژمن زۆری بۆ بهاتایە
خۆی ئەکوتایە ناو ئەو قەلایە

* ساڵی (١٩٢٥) دەستپێکردنی شۆڕشی (شێخ سەعیدی پیران) لە کوردستانی باکور.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٣)دا (سمایل خانی سمکۆ) هاتووەتە سلێمانی بۆ سەردانی شێخ مەحموود و پشتگیرکردنی کە ئەمەش ڕقی ئینگلیزەکانی هەڵسان.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٦)دا شاعیری گەورەی عێراق (جمیل صدقی زهاوی) کوڕی موفتیی گەورە محەمەد فەیزی زەهاوی بە ڕەگەز کورد فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا.

بەدخوویی منداڵ، لای باوک شەرمە
ژیشک بێچووی خۆی گەلێک لا نەرمە
ئێستر لە گوێدرێژ، بارەبەرترە
حەرامزادەیە لەو خەتەرترە

**Friday 24**
February 2012
٥ ڕەشەمێ ٢٧١١

## هەینی ٢٤
شوبات ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٠) لە پاریس ڕێک کەوتن لە نێوان کورد و ئەرمەنییەوە لە نێوان شەریف پاشای خەندان و نوبار پاشای ئەرمەندا مۆر کرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٦)دا کۆمەڵەی زانستی کوردان لە سلێمانی بەهیمەتی پیرەمێرد و ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ و دڵسۆزانی نیشتمان دامەزرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٢)دا، (ساڵی بەفرە زۆرەکەی) شاری سلێمانی بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩١)دا هێرشی دەوڵەتان لە ڕێگەی وشکانییەوە (طريق بري) دەستی پێ کرد بۆ سەر سوپای عێراق لە کوێت.
* پەیمانی بەغدا لە نێوان (تورکیا- عێراق- ئێران- پاکستان- بەریتانیا) لە بەغدا ساڵی (١٩٥٥) مۆر کرا کە پێوەندیی بە لێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە هەبوو.

دنیا سێبەرە، دوای کەوی ئەڕوا
کە ڕووت وەرگێڕا، ئەوت دێ لە دوا
کە دەوڵەمەند بم، کەسیشم نەوێ
خەڵک لە خۆیەوە، شوێنم ئەکەوێ

* لەدایکبوونی یەکەم مێژوونووسی کورد (شەرەفخانی بەتلیسی) نووسەری (شەرەفنامە) ساڵی (١٥٤٣).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٢)دا بەفرێکی هێجگار زۆر باری بۆیە ئەو ساڵە بە ساڵی بەفرە زۆرەکەی سلێمانی ناودەبرێ.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٨)دا (ساڵح قەفتان) (کۆواری زانستی) دەرکرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩١)دا لە ئەنجامی هێرشی هێزی دەوڵەتان بۆ سەر سوپای عێراق لە کوێت سەدام حوسێن (دوای ڕۆژێک) ناچار بوو بەکشانەوەی هێزی سوپایەکەی.
* پەرلەمانی عێراق (حصانة)ی لە (محمد لطفي) سەندەوە کە دەستی هەبوو لە تەقینەوەی بۆمبێک لە پەرلەمانی خۆیدا.

گەورەیی ئێستا، دەردی سەرییە
ئەچەوسێتەوە و، لە خەو بەرییە
چەند خۆشە ئینسان لە خوا بترسێ
ڕێگەی ڕاست بگرێ و لە شا نەپرسێ

**Sunday 26**
February 2012
٧ ڕەشەمێ ٢٧١١

**یەکشەممە ٢٦**
شوبات ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٧١٠) یەکەم هەنگاوی ڕۆشنبیری نرا لەلایەن (گۆتەنبورگ)ەوە بۆ داهێنانی چاپخانە بۆ چاپی ڕۆژنامە و کۆوار و کتێب.
* کۆچی دوایی شاعیری دڵتەڕ و ڕۆح سووک (محەمەد عەلی مەدهۆش) ساڵی (١٩٩٤).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٥)دا هێرشی پارتی کرێکارانی کورد لە تورکیا (PKK) بۆ سەر شوێنەکانی گەشتوگوزاری تورک لە شاری بەرلین و بۆن لە ئەڵمانیا دەستی پێ کرد.

زۆر باران باری، دەغڵ ژەنگ دێنێ
ئاو زۆر مایەوە، کرم هەڵدێنێ
بەجارێ باری نەگبەتمان بۆ هات
گەرما و گرانی ڕووی کردە وڵات

**Monday 27**
February 2012
٨ ڕەشەمێ ٢٧١١

**دووشەممە ٢٧**
شوبات ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٤)دا کۆمەڵەی نیشتمانیی تورکیا کۆتاییان بە خەلافەتی ئیسلامی هێنا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٦)دا کارەساتە دڵتەزێنەکەی شاری زاخۆ ڕووی دا کە بوو بەهۆی شەهیدبوون و بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان و خەڵکی تر لەو شارەدا.
* ساڵی (١٩٩٢) دامەزراندنی (کۆمەڵەی منداڵپارێزی کوردستان).
* ساڵی (٢٠٠٩) باراک ئۆبامای سەرۆکی تازەی ئەمەریکا کێشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکای لە عێراق ڕاگەیاند لە کۆتاییی (٢٠١١)دا بەتەواوەتی.

ئەڵێن گیا لەسەر، بنجی خۆی ئەڕوێ
وەجاخ زادە بۆ چ، خەڵکی لێ ئەدوێ
زۆر پیاومان دیوە بە فەزل و هونەر
لەگەڵ زەمانە نەیبردۆتە سەر

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٠)دا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) لە شاری سلێمانی دەرچوو.
* بڵاوبوونەوەی کۆواری (پێشکەوتن) لە بەغدا ساڵی (١٩٥٨).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٢)دا (مزاهم ماهر) کە لەوەپێش بەڕێوەبەری پۆلیس بوو، بوو بە (متصرف – پارێزگار)ی سلێمانی و تاکو (٢٠/ ٧/ ١٩٥٤) مایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٨)دا کۆواری (پێشکەوتن) بڵاو بووەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩١)دا شەڕی کوێت وەستا بە شکاندنی سەدام خۆی و سوپاکەی و مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی سەفوان.

کە خوا دای هیچ کەس، ناڵێ کوڕی کێی
دەسەڵاتداری، هەر خۆت گەورەی دێی
پیاو بۆ ئیش نییە، ئیش بۆ پیاوە
کاری دیوانی وەک خۆم شێواوە

**Wednesday 28**
February 2012
١٠ ڕەشەمێ ٢٧١١

**٢٩ چوارشەممە**
شوبات ٢٠١٢

**Thursday 1**
March 2012
١١ ڕەشەمێ ٢٧١١

# ١ پێنجشەممە
ئادار ٢٠١٢

* (ڕۆژی نوێ) کۆوارێکی سیاسی، ئەدەبی، ڕووناکبیریی گشتی خاوەنی ئیمتیاز پارێزەر جەمال شاڵی و سەرنووسیار کامەران موکریانی و دەستەی نووسیاران د. ئیحسان فوئاد و موحەڕەم محەمەدئەمین و کەریم زەند لە ساڵی (١٩٦٠) لە سلێمانی (١٨) ژمارەی دەرچوو بە فەرمانی حاکمی عەسکەری لە بەغدا چەند جارێک ڕاگیرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٠) بە ڕۆژی مامۆستا دانرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٧)دا ڕێککەوتننامەی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ئیمزا کرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٩)دا (بارزانی نەمر) لە ئەمەریکا کۆچی دوایی کرد و لە دواییدا تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ بارزان لەگەڵ ئیدریسی کوڕیدا لە تەنیشت یەکەوە نێژران.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٧) ئەنجوومەنی شارەوانیی سلێمانی کۆ بووەوە و یاداشتێکی پێشکێشی وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستان کرد بۆ ناساندنی شاری سلێمانی بە (پایەتەختی کولتوور و ڕووناکبیری کوردستان).
* ئولف پاڵمە سەرۆک وەزیرانی سوێد و دۆستی کورد شەو لە ستۆکهۆڵم ساڵی (١٩٨٦) تیرۆر کرا.

هەنگ نەجیبە بۆ، هەنگوین کەڵک ئەگرێ
کە پێشیەوە دای، ئەو بۆ خۆی ئەمرێ

هەر لەو ڕۆژەوە دنیا دانراوە    لەسەر تەجروبە، زۆر شت بێژراوە
یەکێک لەوانە ماڵ و دەوڵەتە    کۆبوونەوەی لای، دانا زەحمەتە

**Friday 2**
March 2012
۱۲ ڕەشەمێ ۲۷۱۱

**هەینی ۲**
ئادار ۲۰۱۲

* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۲۲)دا لەلایەن ئینگلیزەوە یەکەم بۆردمانی شاری سلێمانی کرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹٤۳)دا لە بەیرووت کۆواری (ڕۆژا نو) بڵاو بووەوە.
* دوای کۆتاییی شەڕی جیهانیی دووەم، سوپای ئینگلیز لە ئێران و لە کوردستانی ئێران ساڵی (۱۹٤٥) کشایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۲۰۰۳)دا سەرکردایەتیی باڵای نێوان هەردوو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان پێک هاتن.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۲۰۰۳)دا خۆپیشاندانێکی گەورە لە هەولێر پێک هات دژی بڕیاری تورکیا بۆ هاتنە ناوەوەی کوردستانی عێراق.

پێ خاوس بە، نەک پێڵاوت تەنگ بێ
بێ ژن بە و نەوەک، لە ماڵتا جەنگ بێ
زەمانە وایە لەگەڵ پیاوچاکا
سەری ئەبڕێ و ڕیش شانە ئەکا

* سـاڵی (١٩٤٨) گـۆڤاری (نزار) بە کـوردی و بە عـەرەبی لەلایەن عـەلادین سەجادییەوە لە بەغدا دەرچوو و هەفتانە بوو. هەتا ڕۆژی (١٥/٢/١٩٤٩) مایەوە، (٢٢) ژمارەی لێ دەرچوو.
* کۆچی دوایی شاعیر شێخ سەلام ئەحمەد ساڵی (١٩٥٩) و لە ساڵی (١٨٩٢)دا چاوی بە ڕووناکیی دنیا هەڵهێناوە.
* لەم ڕۆژەی سـاڵی (١٩٩٣)، یاسـای بەڕێوەبردنی شـارەوانیـیەکـانی هەرێمی کـوردسـتـان ژمـارە (٦)ی سـاڵی (١٩٩٣) لەلایەن ئەنجـوومـەنی نیـشـتـمـانیی کوردستانەوە دەرچوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٩) و ڕۆژانی دواتر گەلێک جار بلەرزەی هەست پێکراو لە سلێمانی ڕووی دا پلەی هەرە بەرزیان (٥) بوو بە پێوەری ریختەر.

خەریتەی هەموو خاکی کوردستان
دایک بەدەرزیی دەزوو دوورمـان
بنووسێ لەسەر، سەرپێشکەی مناڵ
هەر بە کوردستان بێتە گڕوگاڵ
لە بێشکەی وادا چاو هەڵنەهێنێ
درۆیە هەستی تۆڵە بسێنێ
(شێخ سەلام)

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٣)دا، شاری سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە دژی شێخ مەحموود بۆردمان کرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٣)دا وەفدی عێراق بە سەرۆکایەتیی (تاهیر یەحیا) زیارەتی بارزانیان لە کوردستان کرد و بارزانی داواکارییەکانی کوردی خستە بەردەمیان.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٩)دا دادگەی (الجنائية الدولية) بڕیاری گرتنی سەرۆکی سودان (عومەر حەسەن ئەلبەشیر)ی دەرکرد بەهۆی جورمەکانی دژی مرۆڤایەتی لە دارفۆر.

پیاوان هێند ڕیشیان تاشی، تاسەولووس
وا لە تورکیا، ژن بوون بە مەبعووس
ئەلف بۆیە پێش هەموو حەرفانە
لووس و باریک و ڕاست و ڕەوانە

**Monday 5**
March 2012
١٥ ڕەشەمێ ٢٧١١

**دووشەممە ٥**
ئادار ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١١٩٣) سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا دوای خەباتێکی بێ وچان لە ڕێی باوەڕی ئیسلامدا بەڵام بە شێوەیەکی مرۆڤانەی ڕاست. ئەو سەلاحەدینەی ئەیوت: خۆڵ و پارە و ماڵی دنیا لای من وەک یەک وایە گۆڕی پیرۆزی لە شامە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٨)دا، مۆسکۆ کرا بە پایەتەختی یەکەتیی سۆڤیەت.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩١) ڕاپەڕینی کورد دژی ڕێژیمی بەعس لە شاری ڕانیەوە دەستی پێ کرد.

دز و خاوەن ماڵ کردەیان یەک خەن
بە کونەبانا، گاجووت سەردەخەن
کاربەدەست لەسەر تەجرەبە ئەڕوا
گۆشت بۆ قەساب و نان بۆ نانەوا

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٣)دا ستالین سەرۆکی یەکەتیی سۆڤیەت دنیای بەجێ هێشت.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٥) لە جەزائیر پەیمانی نێوان شای ئێران و سەدام حوسێن ئیمزا کرا بۆ کۆتاییهێنان بە شۆڕشی ئازادیخوازانەی کورد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٤)دا سالار عەزیز ئیسماعیل بوو بە پارێزگاری سلێمانی و مایەوە تا ڕۆژی (٣١/ ١/ ١٩٩٧).

ڕاستبێژ هەر بەشی، پلار و پەڵە
دەور دەوری زەمان ماین چەقەڵە
کاری تەربیە، ئەندازەی ئەوێ
لە حەد ترازا پەکی ئەکەوێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٥)دا دوای ئەوەی سلێمانی خرایە سەر عێراق، یەکەم (متصرف، محافظ، پارێزگار) ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ دەستی کرد بە ئیش.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٥)دا کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار دەستی بە ئیش کرد.
* ساڵی (١٩٧٥) هێرشی ئاسمانیی عێراق بێ ڕەحمانە ناوچەکانی (چۆمان، گەڵاڵە، ناوپردان، دەربەند)ی بۆردمان کرد.

جاران ئەچووینە، سەر باوەگوڕگوڕ
ئەمانگوت هاتووین، بۆ زگپڕی و کوڕ
باوک بۆ ئەولاد هیچ چاری نییە
ئازاری هەیە و بێزاری نییە

**Thursday 8**
March 2012
١٨ ڕەشەمێ ٢٧١١

**پێنجشەممە ٨**
ئادار ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٠٨) بە ڕۆژی ئافرەتانی جیهان دانراوە.
* (بانگی حەق) لە ناوچەی سلێمانی – لە ئەشکەوتی (جاسەنە) تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچوو، زمانی حاڵی شۆڕشگێڕانی کورد بوو بە سەرۆکایەتیی شێخی نەمر (شێخ مەحموودی حەفید) ساڵی ( ١٩٢٣).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٦)دا لەلایەن سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بڕیاری (١٣٦) بۆ دامەزراندنی مەڵبەندی کوردۆلۆجی دەرکرا دوای شەش مانگ بینای بۆ دابین کرا، پێشتریش لە ساڵی (١٩٩٧) مەڵبەندێک بە هەمان ناوەوە هەر لە شاری سلێمانی دامەزراوە.

قەناعەت ئینسان، دەوڵەمەند ئەکا
تەماع ناوەستێ، پێت لە بەند ئەکا

هەندە چەنەیی کار ناباتە سەر
ئەبێ تەسلیم بین بە قەزاوقەدەر
بەڵام بۆ ئەوەی کە سەرەڕۆیە
کوتەک ئەزانێ قۆناغ لە کوێیە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٧)دا، لە عێراقدا بەرەی نیشتمانی دژی حکوومەت و دەسەڵاتی ئەوسا پێک هات.

تا دەسندەت بێ، قەدرت لەلامە
کەوم بۆ نەگری، پێت ناڵێم مامە
ئەم شەڕە لەسەر کورسیی دوو کەسە
من بۆ چ بکوژرێم، بێ عەقڵی بەسە

**Saturday 10**
March 2012
٢٠ ڕەشەمێ ٢٧١١

**شەممە ◆ ١٠**
ئادار ٢٠١٢

* سەرمای حەوت ڕۆژی پیرێژن – برد العجوز.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٨٢) دوکتۆر (ڤان کوخ) میکرۆبی نەخۆشیی سیلی دۆزییەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٠)دا جوولەکەکانی شاری سلێمانی دەستیان کرد بە ڕۆیشتن بەرەو ئیسرائیل و بەرەو وڵاتانی تر.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٧)دا (کۆمەڵەی برایەتی) لەلایەن شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموود و مەلا ئەسعەدی مەحوی و چەند کەسێکی ترەوە دامەزرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا یەکەتیی سۆڤیەت کە یەکێک بوو لە دوو زلهێزەکانی هەموو جیهان، لە سەردەمی گۆرباتشۆفدا هەڵوەشێنرایەوە و لە ئەنجامدا دوازدە کۆماری جیاجیای لێ پێک هات.

میللەت دارێکە، کە سێبەردارە
چۆن لق و پۆپی، ئەشکێ ئەو دارە؟
خوا کە عێراقی بە ئێمە داوە
چیمانە لە بۆ پاسی جرتاوە

* ساڵی (١٩١٧) لەم ڕۆژەدا ئینگلیز بەغدای داگیر کرد.
* ساڵی (١٩٢٦) ئەنجوومەنی مەعاریفی سلێمانی (متصرف – سەرۆک، ئەندامەکان، مەلا سەعید کابان، زیوەر ئەفەندی، ساڵح قەفتان، شێخ محەمەدی گوڵانی) کۆ بوونەوە بڕیاریان لەسەر بڵاوکردنەوە و خوێندنی (دروس تأریخی کە تەرجومە کراوە بۆ کوردی، قەواعیدی کوردی، ئەلفبای کوردی) دا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٠)دا بەیانی (١١)ی ئادار لەلایەن حکومەتی بەعسەوە دەرچوو کە تایبەت بوو بە مافەکانی گەلی کورد لە عێراقدا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٤)دا سەرکردایەتیی کورد بڕیاریان دا شوێنی خۆیان لە شارەکان بەجێ بێڵن و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بکشێنەوە.
* ساڵی (٢٠٠٩) دادگەی جینایاتی بەرز بڕیاری خنکاندنی (وطبان و سبعاوي)ی برای سەدامی دەرکرد بەهۆی کەیسی ئیعدامی بارزانییەکانی ساڵی (١٩٩٢).

دڵ ئەڕەنجێنێ، پیاوی بێ کەماڵ
بە هەڵەوەڕی، دز دێتە سەرماڵ
خوا ئەوە بگرێ ئەم دڵپاکانە
تووشی شەڕ ئەکا وا بێباکانە

**Monday 12**
March 2012
٢٢ ڕەشەمێ ٢٧١١

**١٢ دووشەممە**
ئادار ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٢)دا لە دێی عیساوا سەر بەناحیەی (قامیشە) بازگەی گومرگ دانراوە هەر کەلوپەل و پارە لەلایەن بازرگانەکانەوە بڕوا بۆ (عەجەم) وە یا لە (عەجەم)ەوە بێت پێویستە بچێتە بازگەی گومرگ سەر بە ناوچەی سلێمانی.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٤)دا هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق پێک هات کە چەند کوردێکیش بەشدار بوون تێیدا .

چەند خۆشە کە پیاو دڵی پاکی بێ
لە تەنگانەدا، دۆستی چاکی بێ
لە ڕاستی خوا و خەڵک ڕاست و دڵپاک بە
لە واتەی هەموو عالەم بێباک بە

**Tuesday 13**
March 2012
٢٣ ڕەشەمێ ٢٧١١

**١٣ سێشەممە**
ئادار ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٠)دا حاجی ڕەمەزان پاشا بوو بە (متصرف - پارێزگار)ی سلێمانی و هەتا ڕۆژی (١٩٤٠/٧/١) مایەوە.
* کۆچی دوایی نووسەری (أقتران النیرین في مجمع البحرین) مەلا ڕەشید بەگی بابان ساڵی (١٩٤٢) لە ئەستەمبۆڵ، کە لە ساڵی (١٨٦٨)دا لە شاری سلێمانی چاوی بە ڕووناکی هەڵهێنابوو.

خوا عەیبی بزنی دەرخستۆتە ڕوو
کەچی کلاویشی کردووە بۆ بەڕوو
نازانین بەیتی گورگ و مەڕ چییە
دووگی خۆم خۆش بێ، خانووم بۆ چییە

* ڕۆژووی ئەستێر (ع).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٠٣)دا بارزانی نەمر (مەلا مستەفا) لەدایک بووە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢١) هەر یەکێک لە دەوڵەتەکانی فرەنسا و ئیتاڵیا و یەکەتیی سۆڤیەت دەستی یارمەتییان بۆ (مستەفا کەمال) درێژ کرد بێ ئەوەی گوێ بدەنە بەندەکانی سەرۆک (ویلسن)ی ئەمەریکا لە بابەت کێشەی میللەتە ژێردەستەکانەوە و بە تایبەتی کێشەی میللەتی کورد.

بێستوون بەعەشق لەبن کەنراوە
شۆرەتی شۆری، بۆ فەرهاد ماوە
ئەڵێن فەرهادیش کوردە بەجێیە
ڕەنجەڕۆی وەک ئەو، کورد نەبێ کێیە؟

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٢) هێزی سەربازیی حکوومەتی عێراق هێرشی کردە سەر ناوچەی بارزان بەهۆی جموجۆڵی ئەو ناوچەیەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٢)دا کۆواری (هاوار) لە شام بڵاو بووەوە.
* کارگەی مافووری سلێمانی لە سەردەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٧)دا، دامەزرا و لە ڕۆژی (١٥/ ٦/ ١٩٩٧) لەلایەن سەرۆکی حکوومەتی هەرێمەوە کرایەوە.

ئاینی ئیسلام وا قاڵ کراوە
دەستووری وامان بۆ دانراوە
ئەگەر بێو لەسەر ئەو ڕێیە بڕۆین
هێند سەر ئەکەوین نەزانین لە کوێین

Friday 16
March 2012
٢٦ ڕەشەمێ ٢٧١١

هەینی ١٦
ئادار ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٥)دا شاعیری گەورەی عێراق (معروف الرصافي) کۆچی دوایی کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٧)دا پیاوی ناسراوی لبنان (کمال جنبلاط) (گیان پۆڵا) تیرۆر کرا.
* ڕۆژی کیمیابارانە دڕندانەکەی هەڵەبجەیە ساڵی (١٩٨٨) لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە.
* کۆبوونەوەیەک لە (گەلاڵە) لە ساڵی (١٩٧٥)دا تەواوی سەرۆکە کوردەکانی نیزامی و فەرماندەی لەشکرەکان بەشدار بوون، بارزانی ڕای گەیاند کە پێویستە نەخشەیەکی هێرش لە بەرەی ڕەواندزەوە بەڕێوە ببرێت و تەواوی پێشمەرگە بەشداریی تێدا بکەن (کۆنگرەی نەوەت ساڵەی بارزانی. ل ١٧٠- ١٧١).

بە دیموکراتی، من ڕەنگم سوور بێ
خوا بکا پڵنگ و، ورچم لێ دوور بێ
گەورە و بچووکی خوا خۆی دای ناوە
ئێستا وا پارتی و تەحەڕوڕ باوە

* لە ئەنجامی ئەو ناخۆشییەی لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و (PKK) لە (بقاع)ی لبنان بە کۆتاییهێنانی لەیەکدان ساڵی (١٩٩٣) ڕێک کەوتن.
* سەرۆکی ئەمەریکا (بوش) پیرۆزباییی جەژنی نەورۆزی لە گەلی کورد کرد.

لە ئادەمـــەوە بە پێـــغـــەمـــبـــەری
یەکـــێکی لە شـــوێن هەر بۆ ڕابەری
لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ئەخـــلاقی بەشـــەر
هەر لە ئەزەلدا مـــائیلە بە شــــەڕ
(والظلم من شـیم النفـوس فـان تجـد
ذاعـــــــفـــــــة فلعلة لایظلم)

**Sunday 18**
March 2012
٢٨ ڕەشەمێ ٢٧١١

# ١٨ یەکشەممە
ئادار ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٤)دا حکومەتی مەلیک فەیسەڵی یەکەم یاسای (مجلس تأسیسی عێراقی) دەرکرد بۆ زیاتر پەسندکردنی پەیمانی عێراق و بەریتانیا.
* دوای بەستنی ڕێککەوتنی جەزائیر لە نێوان شای ئێران و سەدام حوسێن بەڕەسمی سەرکردەکانی شۆڕشی ساڵی (١٩٧٥) دەستبەرداری چەک هەڵگرتن بوون (یادی بارزانیی نەمر لاپەڕە (١٢٢)).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٤) هاتوچۆ و بەیەکگەیشتنی وەفدی حزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق کۆتاییی پێ هات بەهۆی ڕێک نەکەوتن لەسەر کەرکووک.

من بۆیە بستەم هێندە خۆش ئەوێ
چی لە دڵدایە، ڕاست دەردەکەوێ
ئێستا هەڵکردی جیهانی دووانە
یەکێکیان خەمە، یەکێکیان نانە

* جەژنی قەدیس یوسف (غ).
* ساڵی (١٩٤٨) لە (مەلهای جەواهیری) لە بەغدا، بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە گەنجانی کورد و عەرەب فیستیڤاڵێکیان پێک هێنا داوای (نان کرا بۆ گەل، بەربوونی بارزانییەکان، ڕووخاندنی پەیمانی (١٩٣٠) و هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی تورکی – عێراقی – ئوردنی و داوای هەڵبژاردنی ئازاد کرا)، بەدر شاکر سەیاب دوای ئەو ڕەشید کەریم، ئینجا کەمال میرزا کەریم سەرۆکی قوتابیانی سلێمانی دواتر (خانم زوهدی) وتارێکی جوانی خوێندەوە کە چەند جارێ دووپات کرایەوە.
* ساڵی (١٩٨٨) ئەنفالکردنی دۆڵی جافایەتی لەلایەن بەعسەوە دەستی پێ کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٤) حکوومەتی تورکیا دانی نا بە جەژنی نەورۆز و سەری ساڵی کوردیدا، لە کوردستانی باکور ئاگری نەورۆز کرایەوە وەک جەژنێکی ڕەسمی.

ئەو قەومە بەرز و ساحێب مەنزڵن
کە لەگەڵ یەکدا، ڕاست و یەک دڵن
خوا بیدا و قەدری یەکتر بزانین
دەستی یەک بگرین ڕوو لە عاسمانین

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٧٢٧) زانای بیرکاریی بەناوبانگ ئیسحاق نیوتن کۆچی دوایی کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٩)دا شێخ مەحموودی نەمر بە نامەیەک داوای لە کۆنگرەی ئاشتی کرد لە پاریس کە کورد لە دەست تورک رزگار بکات.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩١)دا شاری کەرکووک لەلایەن کوردەکانەوە لە دەست بەعس رزگار کرا، بەڵام بەداخەوە زۆری نەبرد ناچار بوون چۆڵی بکەن.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٣) زەنگی بە ئاگەدارکردنەوە لە بەغدا لێی دا بەواتای دەستپێکردنی شەڕ لەلایەن ئەمەریکاوە دژی عێراق و بۆردمانی بەغدا و شارەکانی تر و نەوەستایەوە تاکو (٢٠٠٣/٤/٩) کە بەغدا سقوتی کرد.

ئەو ئیشەی کەوا، راجع بە خوابێ
بەزۆری بازووی هیچ لایێ نابێ
مەسنەد نادرێ بە زۆری چەنە
لەم ئەرزە رەقە تۆزێک هەڵکەنە

* جەژنی سەری ساڵ و جەژنی پیرۆزی کورد، جەژنی بەهار و رزگاربوون لە زستانی سەخت و لە دەست زۆردار، ئەم ڕۆژی نەورۆزە کە لە هۆڵی (خولد) ساڵی (١٩٧٠) دوای بەیانی یازدەی ئادار پێک هات.
* لە شەوی ئەم ڕۆژەدا ساڵی (١٩٤٥) لە گردی مامەیارە ئاگر کرایەوە بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە.
* ساڵی (١٩٤٨) لە کارێزی شێخ مەحموود لە شاری سلێمانی شەش تا حەوت هەزار کەس کۆ بوونەوە بۆ ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە کامەران موکریی شاعیر و کچی دوکتۆر هاشم و شێخ رەئووفی شێخ سەعید شیعر و وتاریان تێدا خوێندەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٥) میجەر ئەدمۆندس کە ڕاوێژکاری سەرەکیی ئینگلیز بوو لە وەزارەتی ناوەخۆی عێراقدا و دەسەڵاتی تەواوی هەبوو، بە بۆنەی نەورۆز و کۆتاییهێنان بە ئیشوکاری لە عێراقدا، هاتە سلێمانی و مارف جیاووکی پارێزگار بانگی کرد بۆ کارێزی وەستا شەریف کە ئاهەنگی نەورۆزی تێدا دەگێڕدرا. فائیق بێکەس هەستا شیعرەکەی (٢٧ ساڵە من رەنجبەری تۆم) ڕووبەرووی خوێندنەوە کە (٧٧) دێر بوو.
* لەم ڕۆژەدا لە (قاعەی مەلیک فەیسەڵ) لە بەغدا بەبۆنەی نەورۆزی ساڵی (١٩٤٧)وە ئاهەنگ گێڕدرا.

هەر لە ئەوەڵی دنیا تا ئەمڕۆ
دەنی لە پێشەو دانا ڕەنجەڕۆ
زاتەن دنیا خۆی، ناوی دەنییە
ئیتر ئەم تانە و توانجە چییە؟

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٥)، دوای کۆتاییی شەڕی دووەمی گەورەی جیهان (جامعة الدول العربیة) لە قاهیرە دامەزرا و یەکەم باوەڕپێکراوی گشتیی عەبدورەحمان عەزام پاشا بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٧)دا محەمەد ساڵح عەنبەر کە ئەفسەرێکی خەڵکی سلێمانی بوو کرا بە پارێزگاری سلێمانی و هەتا ڕۆژی (٢٧/ ٦/ ١٩٧٧) مایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٢)دا، میهرەجانی شیعری کوردی لە کەرکووک بە سەرپەرشتیی ساڵح یوسفی لە سینەمای سەلاحەدین بە ئامادەبوونی شاعیری گەورەی عەرەب محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری، زەکی جابر، عەبدولەجید لوتفی ئامادە بوون، ئەوانەی بەشدار بوون لە پێشکێشکردنی وتار و شیعردا هەریەک لە (ساڵح یوسفی، هێمن، د. ئیحسان فوئاد، شێرکۆ بێکەس، محەمەد دارا، عەبدوڵڵا پەشێو، کامل ژیر) بۆ ڕۆژی دوایی (ئەژی گۆران، کەریم شارەزا، عەبدورەحمان مزووری، ع. ع. شەونم، پیرباڵ مەحموود، أ. ب. هەوری، دڵزار، حەسیب قەرەداغی، مەدحەت بێخەو، ساڵح عەلی گوڵی، عەبدوڵڵا سەراج، ئەحمەد شوکری، عەبدوڵڵا عەباس و محەمەد بەدری) شیعریان خوێندەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٦)دا یەکەم ژمارەی گۆواری (ڕابەر) لە چاپ دراوە لە قوتابخانەی مەڵکەندیی کوڕان کە مستەفا ساڵح کەریم سەرنووسیاری بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٠)دا هەر لە هۆڵی (خولد) لە بەغدا درامای (مشتەی ناو هەمانەکە کوشتمی) تۆمار کرا کە یەکەم تۆماری تەلەڤزیۆنییە لە مێژووی هونەری کوردیدا.

یا خوا قەت گەدا، نەگاتە مەسنەد
هەموو کاربەدەست، ئەبنە پیاوی بەد
هۆشیار غەمبارە، بێعار پارەدار
تۆ مەڕوانەرە عەقڵ و ئیختیار

* گرتنی تاوانبار ئەحمەد ساڵح کە نزیکەی ٧٥٠ کیلۆ (T.N.T) لە شاری زاخۆ تەقاندەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٨)دا، (واشنتۆن پۆست) وەسفی کیمیابارانەکەی هەڵەبجەی کرد و بەراوردی کرد لەگەڵ لێدانی شاری (بومی) و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هیچ جیاوازییەکیان نییە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٦) سوپای سۆڤیەت لە ئێران کشایەوە بەهۆی بۆنی نەوت وە کە ئەم کشانەوەیە ڕێگەدانێک بوو بۆ هێرشی ئێران بۆ سەر کۆماری مەهاباد، ئێرانیش لە بەخشینی نەوت بە سۆڤیەت پەشیمان بووەوە.

کورد نابڕێتەوە، خەیاڵیان خاوە
بەراتی نەجات بەخوێن نووسراوە
من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆش ئەوێ
مژدەی شەفەقی لێ دەرئەکەوێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٧)دا دوای تێکدانی کۆماری مەهاباد سوپای ئێران هێرشی بردە هەندێ شاری تری کوردستانی ڕۆهەڵات وەک خانە و ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا کۆواری (پەپوولە) لە سلێمانی دەرچوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٣)دا لە سووریا و لە شاری (حەسەکە) بە دەسیسەیەکی شۆڤێنییانە گرتیگەی ئەو شارە سووتێنرا کە زیاتر لە حەفتا زیندانی سیاسیی کوردی تێدا بوو.

خۆزگە بۆ چاکی وا یەک دەکەوتین
بە هیچ قووەتێ، دانەدەکەوتین
وەکو ئەوانەی دەماخیان بەرزە
بۆ وەتەن فیدای ڕۆحیان لا فەرزە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٠)دا لە یەریڤان ڕۆژنامەی (ڕێیا تازە) دەرچوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٧)دا جارِدانی پێکهێنانی (سوق الاوروبیة المشترکة - بازاڕی هاوبەشیی ئەوروپا) پێک هات.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٦) پاڵەوانی شەڕی ئاگری داغ ئیحسان نووری پاشای کورد، دوای دەربەدەری لە ئێران کۆچی دوایی کرد.

ئەو دەمە هۆشم، لێ شێوا و وەستام
کە هەرچی هەڵسا، وتی ئاش وەستام
شینم بە شیعرێ ئەکرد ئەوسایە
ئێستاش گریانم وا لە قوڕگایە

* (عید الفصح) جەژنی نەسرانییەکان.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٢٧)دا میوزیکژەنی بەناوبانگ بیتهۆڤن دنیای بەجێ هێشت.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٦)دا تورکیا بنکەی سەربازیی لە خاکی کوردستاندا بە ئەمەریکا بەخشی لە ئەنجامی ڕێککەوتنێکی ئابووریدا.

ئەوی جڵەوی، خۆی دایە دەست خەڵک
ناوی نراوە، زەبوون و بێ کەڵک
ئەو کەسەی خۆیان بۆ دا بەمردن
ئەو بە دەستی خۆی کەلەپچەی کردن

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٤) (ئەنجوومەنی دامەزرێنەری عێراقی – المجلس التأسيسي) كرایەوە و دەستبەكار بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٤)دا لە ڕۆژنامەی (أميد استقلال) بڵاو كراوەتەوە كە پوولی چوار روپیەیی و روپیەونیوی و یەک روپیەیی چاپ كراوە خراوەتە (موقع تطبيق)ەوە، رەئیسی مالیەش بەجیدی خەریكی تەدارەكی زۆر ئاڵتوونی سكەدار و بێ سكەیە كە لە سندووقدا بە تەئمینات دای بنێ و بە موقابیل ئەو ئاڵتوونە بانقە نوط چاپ بكات و بیخاتە موقعی تطبيقەوە.
* ساڵی (١٩٤٨) گەورەترین خۆپێشاندان لە سلێمانی دەستی پێ كرد، كچان و ژنان لە پێشەوە لاوان لە دوایانەوە كرێكار بەخاكەناز و پاچەوە، حەماڵ بە كۆڵەوە، حامیەی سلێمانی بەتاقمی موزیقە و چەكەوە، بەناو شارادا دەگەڕان (داوای نان ئەكەین بۆ سەرباز، جەڵدە لەسەر عەسكەر لاببرێت، بمرێ ئیستیعمار دوژمنی گەل و سوپا بژی مەلیک، بژی وەصی، بژی سوپای ئازادیی میللەت و نیشتمان).

ئەو چوار عونسورەی سروشتی منن
هەر چواریان لەگەڵ، یەكا دوژمنن
ئاو و ئاگر و با، لەگەڵ خاكا
ئەویان لەگەڵ ئەو، كاتی هەڵناكا

* ساڵی (١٩٥٩) عێراق بە سەرۆکایەتیی خوا لێخۆشبوو (عەبدولکەریم قاسم) لە پەیمانی بەغدا هاتە دەرەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٥)دا (بەداخەوە) بۆ جاری دووەم شەڕی براکوژیی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی پێ کردەوە کە بوو بەهۆی زیانێکی زۆر لە گیان و ماڵی کورد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٨)دا لە شاری (لەندەن) کۆنگرەیەکی تایبەتی بەسترا لەلایەن شارەزایانەوە بۆ باس و شیکردنەوەی کێشەی کورد و وڵاتانی تر لە ڕووی ئابووری و زمانەوانی و مێژوو و ئەدەبەوە.

چەند خۆشە ئینسان، لە خۆیا پاک بێ
لە پەند و باوی، دونیا بێباک بێ
خوا هیچ کارێکی بێ حیکمەت نییە
کەم کەس ئەزانێ مەبەستی چییە

**Thursday 29**
March 2012
٩ خاکەلێوە ٢٧١٢

# ٢٩ پێنجشەممە
ئادار ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٩)دا، دوای پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسرائیل، تورکیا دووەم دەوڵەت بوو دوای ئەمەریکا کە دانی بەو دەوڵەتە دانا.
* ساڵی (١٩٨٧) ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی بەعس دەسەلاتی تەواوی دا بە (علي حسن مجيد – عەلی کیمیاوی) واتە دەسەڵاتی سەرکۆمار لە ناوچەی کوردستاندا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٦)دا بەبۆنەی سەردانی (سلێمان دیمیریل) سەرۆک وەزیرانی تورکیا و کە لە دواییدا بوو بە سەرکۆماری ئەو وڵاتە، بۆ ئەمەریکا، ڕۆڵەکانی یۆنان و ئەرمەن و کورد خۆپێشاندانێکیان لە دژی ئەو کابرایە و وڵاتەکەی ڕێک خست.

ئەمساڵ ئینتیخاب کەوتە باحورا
زۆر کەس دەروونی، ئاگری تیا گرا
سەرکەوتن بۆ جێی بەرز چەندە گرانە
هاتنە خوارەوە هێندە ئاسانە

**Friday 30**
March 2012
١٠ خاکەلێوە ٢٧١٢

# ھەینی ٣٠
ئادار ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٨)دا زانای ئاینیی قەڵەم ڕەنگین و نووسەری کوردی پەتی مەلا محەمەدی حاجی مەلا مستەفای کوردی لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨) کۆواری (نزار) لە بەغدا بڵاو بووەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩١)دا سەرەتای کۆڕەوە ملیۆنەکە لە کوردستان دەستی پێ کرد، لە ئەنجامی گەڕانەوەی سوپا شکستەکەی سەدام لە کوێت و لە پەلاماردانی کوردستاندا.

مەدحی ڕووبەڕوو پیاو ئەدا بەشوو
زۆر دۆستی سەرنان بەدوژمن دەرچوو
هەڵبەز و دابەز وا لە پێشەوە
گورزت حازر کە تۆ لە پێشەوە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٤٧)دا پەیمانی (ئەرزەڕۆم) لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران مۆر کرا بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانیان بە وتووێژ هەر ئەمە بوو بەهۆی سقوتی میرنشینە کوردییەکانی بابان و ئەوانی تر یەک لە دوای یەک.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٧)دا پێشەوای گەورەی کورد قازی محەمەد و هەڤاڵەکانی سەیفی قازی و سەدری قازی کران بە لەداردا.
* دەسپێکی کۆڕەوە مەزنەکەی کورد لە کوردستانی عێراق بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا ساڵی (١٩٩١).
* ساڵی (٢٠٠٨) پرۆژەی (سەنتەری پزیشکیی فاروق) دەستی کردووە بەئیش و بودجەی (١٠٠) ملیۆن دۆلار خاوەن پرۆژە (فاروق مەلا مستەفا)یە، لەسەر ڕووبەری سەد هەزار مەتری دووجا، نەخۆشخانەیەکی هەشت نهۆمی لە گەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەد تەنیشت گردی سەلیم بەگ لە شاری سلێمانی.

خوا مووسا بۆ سەر فیرعەون ئەنێرێ
کەچی جارجار مەڕ بە گورگ ئەسپێرێ
من ئەڵێم هەوای ئەم شـــارە وایە
قـــــەدری زۆرداریان زیاتر لەلایە

* جەژنی درۆودەلەسە و گاڵتە بە یەککردن لە ڕۆئاوا بەڵام ئێستا ئەملای زیاتر گرتووەتەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣١)دا پارەی عێراق بڵاو بووەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٠)دا کۆواری (ڕۆژی نوێ) لە سلێمانی دەرچوو.
* ساڵی (١٩٣٧) موختاری گەڕەکی دەرگەزێن و سەرشەقام مستەفا مەعسووم بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٤)دا شێخ نووری شێخ ڕەشید عەبابەیلی کە ئەفسەرێکی سوپا بوو، کرا بە پارێزگاری سلێمانی و تا ڕۆژی ٢٤/ ٤/ ١٩٧٤ مایەوە.
* کۆواری (نەورۆز)ی ڕووناکبیری و ئەدەبیی گشتی لە شاری سلێمانی ساڵی (١٩٥٩) لەلایەن پارێزەر کەمال میرزا کەریمەوە بەرهەم دەهێنرا، بە سێ مانگ ژمارەی دەرچوو دوای ئەوە وەستا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٦)دا پرۆژەی ئوتێلی پێنج ئەستێرەیی شاری جوان دەستی پێ کرد بە بودجەی (٩٠) ملیۆن دۆلار کە (١٧٦) شوقەی نیشتەجێبوونی تێدایە. بەگەورەترین ئوتێل دادەنرێ لە کوردستان و عێراق و بەرامبەر ئوتێلە گەورەکانی دنیا (کۆواری سلێمانی، ژ ٩٩، ل ٣٠).

پیاو هیوادار بێ، نەوەک ناهومێد
چۆن ئەژیت ئەگەر، هیوا ببڕێ لێت
خووی چاک لە خوێندن گەلێ چاکترە
بەدخوویی خەڵک ژانی زیاترە

**Monday 2**
April 2012
١٣ خاکەلێوە ٢٧١٢

## دووشەممە ٢
نیسان ٢٠١٢

* جەژنی پێنجە لای سوبییەکان بۆ پێنج ڕۆژ.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٥) لە هاوینەهەواری سەرسەنگی سەر بە دهۆک کە جەندرمەی تورک گەیشتوونەتە ئەو ناوە و چەند جووتیارێکی کوردیان سەر بڕیوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٧)دا حکوومەتی بەناو ئیسلامیی ئێران بڵاو بووەوە زیاتر لە پەنجا کوردیان لە ئۆردوگای بازیان دەرمان خوارد کردووە.

پیاو بۆ بۆرەپیاو، ڕۆحی خۆی سەرف کرد
کەچی پێی دەگوت، بەدەردی خۆی مرد
ئەمەندەیان رست بۆ دیموکراتی
ئەم عالەمەش ڕووی کردە نەهاتی

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤١)دا ڕەشید عالی گەیلانی بەهاوکاریی ئەفسەرە نەتەوەپەرستەکانی عەرەب بەکودەتایەک حکوومەتی (بەرگریی نیشتمانی) لە بەغدا دامەزراند، بەڵام تەمەنی لە دوو مانگ کەمتر بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٧)دا لە ئەنجامی شەڕ مەلا مستەفای بارزانی لە (بەری زەر) بریندار کرا.
* ساڵی (١٩٤٨) لە هەموو عێراقدا بە ساڵی ئازادی و ڕزگاری دادەنرا دوای شکستهێنانی پەیمانی پورتسموث بۆیە ساڵی (١٩٤٨) لە هەڵەبجە خۆپێشاندانێکی گەورە پێک هات لە ژن و پیاو و قوتابیان، داوای بەرەڵلاکردنی بارزانییەکان و داوای نان و بەرگیان بۆ کردن، دوای ئەوە داوای ئەو (مطالیب)یان کرد کە لە هەموو عێراقدا داوا دەکرا.

ئاخ خوێندەواری، فریامان کەوە
بۆ عالەم ڕۆژە، بۆ ئێمە شەوە
حوقووقی دووەل قورستر بوو باسی
چونکو پێویستە بۆ دەبلوماسی

**Wednesday 4**
April 2012
١٥ خاکەلێوە ٢٧١٢

**چوارشەممە ٤**
نیسان ٢٠١٢

* جەژنی چوونە سەر تەختی مەلیک فەیسەڵی دووەم (١٩٣٩) بەڵام لەبەر تەمەنی منداڵی، خاڵی (عەبدولئیلاه) کرا بە (وصي).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٥)دا لە گردی مامەیارە ئاگری نەورۆز کرایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٥)دا پیرەمێرد ئاهەنگی دوای نەورۆزی لە گردی مامەیارە پێک هێنایەوە، بەڵام بەهۆی باران بارینەوە زوو کۆتاییی هات.
* ساڵی (١٩٥٩) بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی (خەبات) ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق.
* لە بەیرووت ئاهەنگ گێڕدرا بەبۆنەی دەستنیشانکردنی بەیرووتەوە بە پایەتەختی (کتێب) بۆ ساڵی (٢٠٠٩) لەلایەن یونسکۆوە.

جالینۆس ئەڵێ تاقیم کردەوە
هەر قەومێ ناسرا بەپێی کردەوە
دنیا کە ناوی پایەی گەورەیە
سیاسەتەکەی هەموو تەفرەیە
لە هیچە یەکێ بەرز ئەکاتەوە
ئەیباتە ئەوجی ژووروڵاتەوە

* (جەژنی الفصح) بۆ هەشت ڕۆژ.
* ساڵی (١٩٢٧) دەست کرا بە هەڵکەندنی بیری نەوت لە (باباگوڕگوڕ) لە کەرکووک.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣١)دا شەڕی ئاوباریک لە نێوان شێخ مەحموود و هێزەکانی حکوومەتدا ڕووی دا کە ڕەنگدانەوەیەکی کوشتارەکەی ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوولی (١٩٣٠) بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٥)دا شێخ مەحموود لەگەڵ مێجەر ئەدمۆندس لە نزیک مەرکەزی تەینال کۆ بووەوە بۆ وتووێژ.
* ساڵی (١٩٨٠) دەست کرا بە دەرکردنی برا فەیلییەکانمان بەرەو ئێران لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩١)دا ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری (٦٨٨)ی دەرکرد لە بابەت پاراستنی کورد و کوردستانەوە لە هێرشی دڕندایەتیی بەعسی دەسەڵاتدار.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٤) بڵاوکردنەوەی پرۆژەی یەکگرتنی هەردوو پارت (حسک و پاسۆک).

بەچاکە جەزای، خراپ بەیتەوە
بەوە گرەوی، پێ دەبەیتەوە
کە گەل بۆ ئیشی خۆی تۆی هەڵبژارد
تۆزاوی مەبە بۆ تۆزکاڵێ ئارد
چونکە چاو بە چاو ئەکەوێتەوە
ناوی بەدناویت لێ نابێتەوە

* لە کۆڕەوەکەی ساڵی (١٩٩١)دا ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری دەرکرد کە حکوومەتی عێراق پێویستە ڕێگە لە یارمەتیی کوردە ئاوارەکان نەگرێ لەلایەن هەر حکوومەت یا کەسانێک کە یارمەتییان دەدەن.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٥)دا بۆ یەکەم جار مام جەلال بە سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ هەڵبژێردرا.

مەبعووسی حەفتا و دوو بەری هەیە
بۆیە ئەوەندە خەڵک بۆی کوشتەیە
هەندێ بۆ شۆرەت، هەندێ بۆ کورسی
کە جاران هیچ کەس لێی نەدەپرسی

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٣٧)دا سوپای عوسمانی پەلاماری کوردی ئێزیدییان دا زۆریان لێ کوشتن و ماڵیان تاڵان کردن لە خاک و نیشتمانی باو و باپیریان دەریان پەڕاندن.
* دوای کۆتاییی شەڕی جیهانیی یەکەم، سوپای بەریتانیا ساڵی (١٩١٨) یەکسەر شاری کەرکووکی داگیر کرد چونکە بەینێک بوو بۆنی نەوتەکەی باباگوڕگوڕی کردبوو.
* ساڵی (١٩٤٧) دامەزراندنی حزبی بەعس لە دیمەشق کە هەردوو باڵەکانی حزبی بەعس دەگرێتەوە سووریایی و عێراقی.
* ساڵی (١٩٨٨) ئەنفالکردنی ناوچەکانی (چەمچەماڵ، سەنگاو، قادرکەرەم، کفری، کەلار و دووز) لەلایەن بەعسەوە.

لەوساوە دنیا، بوو بە پارتیزان
دەستە لە پێشە، زانست یا نەزان
تەفرەی ئینتیخاب وا بووە بە باو
خاڵە وەیسەمان وا کەوتۆتە ناو
هەرچی هەڵدەسێ پارە دائەنێ
خۆی ئەپاڵێوێ لای قازی بەنێ
کورسیمان شەشە و دوانزە بەپێوە
هێشتا ئەوەندەی تر وان بەڕێوە

* ساڵی (١٩٧٤) هونەرمەندی ناسراوی جیهانی (بیکاسۆ)ی ئیسپانیایی کۆچی دوایی کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٨)دا مامۆستا أ. ب هەوری، ئەبوبەکر هەوری کۆچی دوایی کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا (قانون انتخاب المجلس الوطني - یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان) دەرچوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٩)دا (کارگەی چیمەنتۆی بازیان) پاش نوێکردنەوەی لەلایەن فارووقی مەلا مستەفا و هاوەڵەکانیەوە، کرایەوە و ڕۆژانە نزیکەی حەوت هەزار تەن چیمەنتۆ بەرهەم دەهێنێ.

وادەی ئینتیخاب کەوتە بەهارێ
چاوەڕێ بن ئەمرمان بۆ بێ لە شارێ
جاران بە فەرمان ئەهاتنە کایە
پێمان ئەوتن عاشور ئاغایە
ئێستا بەرەئی هەڵیان ئەبژێرن
لە دەنگی دەهۆڵ ناترسن شێرن

**Monday 9**
April 2012
٢٠ خاکەلێوە ٢٧١٢

**دووشەممە ٩**
نیسان ٢٠١٢

* ساڵی (١٩٧٤) لە نێوان حکوومەتی بەعس و یەکەتیی سۆڤیەتدا پەیمانی یارمەتی و هاوکاری مۆر کرا بێ ئەوەی حیسابێک بۆ کورد بکرێت بەڵام سەرۆکایەتیی کورد دژی ئەو رێککەوتنە بوو.
* ڕۆژی داگیرکردنی عێراق و ڕزگاربوونی لە دەست ڕێژیمی شۆڤێنیی بەعس ساڵی (٢٠٠٣).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٣)دا، ڕۆژی کۆتاییی حوکمی سەدام و بەعس.

پیـــــاوی زۆربڵێ، بۆ دۆزەخ بەرە
لەوێشـــدا ئەڵێ، دارەکـــەی تەڕە
زرێی زانینت کـــە کـــردە بەرت
تاجی ئەدەبیش ئەنێیـتە سـەرت

* نووسەری قەڵەم ڕەنگینی مەسیحیی لبنانی (جبران خلیل جبران) کۆچی دوایی کرد لە (١٩٣١)دا.
* (مستەفا مەعسووم عەبدوڵڵا) موختاری گەڕەکی دەرگەزێن و سەرشەقام لە (١٩٣٧) هەتا (١٩٤٤) بەردەوام بوو.
* ساڵی (١٩٦٦) لە سووریا ناوی زیاتر لە دە هەزار کەس لە کوردەکانی ئەو وڵاتە شاردرایەوە لە (سجلات)ی ناسنامەدا.

لێرە لە چاکە و نەزاکەت گەڕێ
کوتەک لە بەهەشت هاتووەتە دەرێ
بەڵێ مەشهوورە کوردی مەیدانە
ئەمجارە هونەر بە گۆ و گۆچانە

* سەرچاوەیەک کە (جدول کشف الموظفین العاملین في الحکومة العراقیة)ی ناوە، ناوی (مەهران افندی گربیدیان)ی هێناوە کە لە ڕۆژی ١١/٤/١٩٣٣دا (مەئمووری زراعەی لیوای سلێمانی) بووە، واتا لەو کاتەدا دەستگای کشتوکاڵ لە سلێمانیدا هەبووە.
* ساڵی (٢٠٠٣) دوای هەرەسهێنانی حکوومەتی بەعس، هێزەکانی سوپا لە کوردستانی عێراق خۆیان دا بە دەستی کوردەکان و هێزی ئەمەریکاوە.

لە قورئانیشدا، فەرموودەی خوایە
ڕاستە تەنگانە، خۆشیی لەدوایە
(أن بعد العسر، یسرا)

* لەم ڕۆژەی ســاڵی (١٩٤٥)دا هەواڵی مــردنی ڕۆزفلت ســەرۆکی ئەمــەریکا بڵاو بووەوە، کە ڕۆڵێکی سەرەکیی دیاری کرد لە شەڕی گێتیی دووەمدا دژی (نازی) و (هیتلەر).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٣)دا شاژنی بەناوبانگی سلێمانی (حەپسەخانی نەقیب) وەفاتی کرد کە ساڵی (١٨٩١) چاوی بەدنیا هەڵهێنابوو.
* یەکەم ئادەمیزاد نێردرا بۆ ئاسمان ساڵی (١٩٦١).

سەیوان بەهارە، ئەرخەوان مۆرە
ئەم ساڵ کڕیاری زەوییەکەت زۆرە
نووری جەمالی زاتی حەپسەخان
مەزارەکەتی بەجوانی نەخشان
شەماڵی ئەجەل بەوێنەی ڕەقیب
کوژانیەوانێ چراکەی نەقیب

* جەژنی (القیامە) غ.
* ساڵی (١٩٦٦) فڕۆکەی تایبەتیی (عەبدولسەلام عارف) سەرکۆماری عێراق هەر بەئاسمانەوە سووتا و هەرچییەکی تێدا بوو سووتان.
* کوشتنی (شێخ حەنەش ئەلطائی) بەدەستی پێشمەرگە چونکە سەر بەو حکوومەتەی ئەوسای عێراق بوو ساڵی (١٩٦٨) ئەو حکوومەتەی دژی کورد بوو.

خۆزگە مەبعووسی بەیداخی ئەبوو
بە تەپڵ و بەیداخ بۆ مەجلیس ئەچوو
ئەوسایە دەنگیان دڵێرتر ئەبوو
لەناو کۆمەڵدا ناویان دەرئەچوو

* لە (جنێڤ) دوا ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان) کە ژمارە (٣١) بوو ساڵی (١٩٠٢) دەرچوو دوای ئەوە وەستا.
* ساڵی (١٩٥٩) کۆمەڵەی کاژیک (ژیانەوەی کوردستان) لە سلێمانی پێک هات.
* (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) دوای ئەوەی سلێمانیی بەجێ هێشت و ڕووی کردە شام لەوێ لە ساڵی (١٨٢٦)دا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا.
* ساڵی (١٩٨٨) ڕۆژێکە لە ڕۆژەکانی ئەنفالی بەعس لە کوردستاندا.

ئەڵێن ئازایی و نەزانی بران
خۆزگە ئەم دووانە لەیەک ئەبڕان
جوبرائیل دەستی مووسای ڕاکێشا
ئاگری پێ هەڵگرت کە سووتا ئێستا
هەرچەند ئەو ئاگرە زوبانی سووتاند
بەزوبانی (پس) فیرعەونی سووتاند

* دوای نەمانی دەوڵەتی عوسمانی، لەو میراتییە کە لە پاشی بەجێ مابوو سووریا و لبنان ساڵی (١٩٢٠) بە گوێرەی پەیمانی سایکس پیکۆ درا بە فرەنسا و عێراق و فەلەستین و شەرقی ئوردن درا بە بەریتانیا.
* ساڵی (١٩٢٥) تورکەکان چوار سەرکردەی کوردیان لەدار دا لەوانە (یوسف زیاد و سەرهەنگ پیلید) کە نوێنەری پێشووی پەرلەمان بوون لە تورکیا.
* کۆچی دوایی (سمایل خانی سمکۆ) بە کوشتنی لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانەوە ساڵی (١٩٣٠).
* ساڵی (١٩٤٣) دەرچوونی یەکەمین ژمارەی کۆواری (دەنگی گێتیی تازە) لە بەغدا لەلایەن عیلاقاتی باڵیۆزخانەی بەریتانیاوە، کۆوارێکی مانگانەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، زمانەوانی بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٧)دا نۆرەی کیمیابارانی کوردستان هاتە سەر گوندی شێخ وەسانان کە بووە هۆی شەهیدبوونی گەلێک کەس کە منداڵ و ئافرەتیشیان تێدا بوو.

بەرزیەتیی باوان، بە وارس نابڕێ
زۆر وەجاخزادە، لە برسا ئەمرێ
هەندێ خۆشحاڵن (قابینە) گۆڕرا
بەڵام گرانیی بازاڕ نەگۆڕرا
کە مەبعووسی بێ خەیاڵی شەوت
ڕاکشێ و بنوو با بێتە خەوت

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٢٠)دا ژنەکەی (ریچ) باڵیۆزی ئینگلیز لە بەغدا سەری لە (ساڵحەخان) ژنی سلێمان پاشای بابان داوە بۆ خواحافیزی. ساڵحەخان بۆی گێڕاوەتەوە کەوا کشانەوەیان خۆی و مێردەکەی لە کۆیەوە بەرەو کرماشان بەناوچەی بڵباسدا کە چۆن والیی بەغدا بڵباسەکانی هان داوە کە مێردەکەی بکوژن و کشانەوە کە چل ڕۆژی خایاندووە بەناو گوللەباراندا تێپەڕ بوون.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٨٩)دا کۆمیدیایی بەناوبانگ (شارلی شاپلن) لەدایک بووە.
* سەیرانێک لەلایەن دانیشتوانی گەڕەکی دەرگەزێنی سلێمانییەوە پێک هات بە سەرپەرشتیی سەعیدی دەوڵەت و ڕەشیدی حاجی فەتاح سێ ڕۆژی خایاند ساڵی (١٩٢٢).
* ساڵی (١٩٤٨) خۆپیشاندانێکی زۆر گەورە لە کۆیە کرا لە ئەنجامی گیرانی نووسەر (محەمەد تۆفیق وەردی) کە لەلایەن قائیمقامەوە ئیدارەتەن تەوقیف کرابوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨١) زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر کرایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٧) کیمیابارانی (شێخ وەسان و دۆڵی بالیسان) لەلایەن بەعسەوە کرا.

مەڵێن مەبعووسی بە ڕا و تەگبیرە
قرەقری قەل هەر بۆ هەنجیرە
مەڵێن ئەم خەڵکە وا تەماعکارە
داود پێغەمبەر، کەوتە ئەم کارە
دوایی پێغەمبەر ڕێی تەماعی بەست
پشتێنی لەسەر گۆشتەوە ئەبەست

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٠)دا کە مێجەر سۆن حاکمی سلێمانی بوو (ئەنجوومەنی شار) لەم زاتانە پێک هاتبو (عەبدوڵڵا بەگی حاجی حەسەنەفەنی سەرۆکی شارەوانی، تۆفیق وەهبی بەگ، میرزا فەرەج، حاجی برایم ئاغا و خواجە یونتوب) (گ. سلێمانی، ژ ٤، ل ٢١).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٦) عەبدوڕەحمان عارف پۆستی سەرکۆماری عێراقی گرتە دەست دوای فەوتی عەبدولسەلامی برای لە ڕۆژی (١٣) هەر لەم مانگەدا بۆ گاڵتە عێراقییەکان (بدل ضائع)یان پێ دەوت.

برا ئەم پیاگە سەیری چەند خۆشە
من پێژم نێرە، پێژی بیدۆشە
ئۆخەیچ کە ئێستا زۆردار بێهێزە
لە بیرتە ئەیوت گاڵت و گوێزە؟

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٩)دا (کۆمەڵەی گەلان – عصبة الامم) پێک هات.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٥)دا زانا هەرە بەناوبانگی دنیا (ئەنشتاین) کۆچی دوایی کردووە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٥)دا پیرەمێرد ئاهەنگی دوای نەورۆزی لە گردی مامەیارە پێک هێنا.

نابێ ئادەمزاد کە بەشەڕ نەبێ
بێ شەڕ بێ ئەبێ هەر بەشەر نەبێ
ئەوانەی ئەڵێن حەز لە شەڕ ناکەین
دیموکراتین و مائیل بە چاکەین
هەموو سەرکردەی شەڕی ڕابردوون
لەژێر پاڵتۆوە تیغ لەیەک ئەسوون

* کۆچی دوایی دانای بەناوبانگ (لورد بایرونی)ی ئینگلیز ساڵی (١٨٢٤).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٧)دا ئەحمەد عوسمان (متصرف - پارێزگار)ی هەولێر گوێزرایەوە بۆ سلێمانی و ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ لە سلێمانییەوە گوێزرایەوە بۆ هەولێر.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٦) (مووسا شاکر) بوو بە (متصرف - پارێزگار)ی سلێمانی هەتا ڕۆژی (٢٧/ ٦/١٩٤٦) مایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٣) (کۆمەڵەی کورد) لە لبنان دامەزرا.
* ساڵی (٢٠٠٩) هەڵبژاردنی (أياد السامرائي) بە سەرۆکی پەرلەمانی عێراق پێک هات دوای دەرچوونی (محمود المشهداني).

پارتیزانییە و ڕۆژ ڕۆژی دەستدار
هەرکەس دەستەی خۆی ئەخاتە سەر کار
جاران ئەیانگوت ئەهل بۆ ئیشە
کەچی ئیش بۆ پیاو بووە بە پیشە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٧)دا و لە ئەنجامی هێرشی فڕۆکەی سەربازیی لیوای ئینگلیز، شێخ مەحموود ناچار پێنجوینی چۆڵ کرد، لە دواییدا گەڕایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٩)دا کۆواری (رزگاری) کە خاوەنەکەی نەوشیروان مستەفا و سەرنووسیارەکەی پارێزەر شازاد سائیب بوو لە سلێمانی دەرچوو، دوا ژمارەی (١٥) بوو لە (٢٧/ ٣/ ١٩٧٠)دا دەرچوو.

تاریکەشـــەوە و ئەحـــزاب لەناوە
رەمەزان بە جەنگ و سەفەر بەدناوە
هەرچی بتـــەوێ بیکرێ گـــرانە
لافی وەتەن و شـــەرەف هەرزانە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٦)دا یەکەم قوتابخانەی کچان لە سلێمانی لە خانووەکەی عەلی بەگ فەتحوڵڵا لە ڕێی سابوونکەران کرایەوە، بەڕێوەبەری (گوزیدە خانم) خێزانی عەزیز یامولکی بوو.

هەندێ بە ئەحزاب، خۆیان هەڵدەنێن
نوقتەی سەرەوەی لای ڕاست دائەنێن
پارتیزانییە و ڕۆژ ڕۆژی دەستدار
هەر کەسە دەستەی خۆی ئەخاتە کار

* ڕۆژی ڕۆژنامەوانیی کوردی، بەبۆنەی بڵاوبوونەوەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە بەناوی (کوردستان)ەوە کە (مدحت بدرخان) دەری دەکرد ساڵی (١٨٩٨).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٢)دا نووسەری بەناوبانگ و مامۆستای قوتابخانەی کەشتیی نوح (نەجمەدینی مەلا) فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا.

خۆزگە ئەو عەقڵەی پێش چوونە سەر کار
لە سەرەتا ئەما و ئەتهێنایە کار
کە دووکەڵ دەرکەوت ئاگری لە شوێنە
خۆت بپارێزە، دڵ مەڕەنجێنە

* كـۆچی دوایـیی شـانۆنووسـی بەناوبـانـگی ئینگلیـزی (ولیـام شـێكسـپـیـر) سـاڵی (١٦١٦).

ماست و ڕاست ئێستا بوونە مۆدەی کۆن
شـەرم و تەریقی نـەهێـشـتـووە (پاردۆن)
دنیـــا هـەر ڕۆژە لـەســـەر ڕەنگێكە
بـۆ بـووك و زاوا بـە ئـاهـەنـگـێـكـە

* ڕاپەڕینی عەشیرەتی گۆیان لە زاخۆ (١٩١٩).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٤)دا بۆردمانی شاری قەڵادزێ لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە کرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٤) بابەکر مەحموود پشدەری کرا بە پارێزگاری سلێمانی تا ڕۆژی (١٠/١٠/١٩٧٤) مایەوە.

لە باتیی ئەوەی دەستی یەک بگرین
لە بارەگای خوا تێر بۆ یەک بگرین
جامیعەیەک بین تێکڕا عێراقی
قەومێکی ڕاقی، نەوەک فیراقی
بەڵکو پێکەوە بە خۆشی بژین
بە دووبەرەکی، بۆچ بکەوینە قین

* دامەزراندنی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان (هیئة الامم المتحدة) ساڵی (١٩٤٥).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩١)دا نەجمەدین نەقشبەندی کە ئەفسەرێکی سوپا بوو کرا بە پارێزگاری سلێمانی هەتا ڕۆژی (١٦/ ١٠/ ١٩٩١) مایەوە.
* ساڵی (١٩٩٣) دامەزراندنی دووەم کابینەی وەزیرانی کوردستان لەلایەن (کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی)یەوە لە سلێمانی.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٣) (قانون المطبوعات لاقلیم کوردستان) بە ژمارە (٢٤) لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە دەرچوو.

ئەو پیاوە گەورەی کە خۆشباوەڕە
بەدەست خەڵکەوە مێکوتی ساوەرە
پارووی زل گەرووی پیاو ئەدڕێنێ
زۆریشی لێ بکەی وا ئەتخنکێنێ
تەماع کەمیش بێ زیانی زۆرە
ماڵی خۆنەخۆر بۆ چەکمەبۆرە

* کۆچی دوایی نووسەری بەناوبانگی کورد لە قاهیرە ئەحمەد تەیموور ساڵی (١٩٣٠).
* یانەی وەرزشیی سلێمانی کە ساڵی (١٩٥٦) دامەزرا بەڵام لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٧)دا یەکەم کۆبوونەوەیان پێک هێنا بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەر بە سەرۆکایەتیی ساڵح عەلی و جێگری سەرۆک ئەحمەد زرنگ و ئەندامان سەعید شەفیق و عومەر مەحموود میرزا.

صەلاحیەتی ساڵحانم نییە
بڵێم ئەمە ڕەش ئەمە سپییە
کە کەلیمەی ڕەش، وەرگەڕێتەوە
دەبینی شەڕی لێ دەبێتەوە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٢٠)دا ژنەکەی (مستەر ریچ) باڵیۆزی ئینگلیز لە بەغدا لە یاداشتنامەکەیدا دەڵێت کاتێک لەگەڵ مێردەکەمدا و پاسەوانێکی زۆر بەرەو سلێمانی ئەڕۆیشتین، نزیک کفری خەڵک چاوەڕوانی دایکی مەحموود پاشای میری بابانی سلێمانییان دەکرد بەرەو بەغدا کە مەحموودی کوڕی ناردبووی بۆ لای والی بۆ جێبەجێکردنی هەندێ کاروباری سیاسی و کارگێڕی. کە ئەمە مێژووی یەکەم دیپلۆماسییەتە لە کوردستاندا. وەک دەڵێن والیی بەغدایش هەموو داواکارییەکانی جێبەجێ کردووە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٩)دا لە شاری سلێمانی لە هۆڵی (تەوار) تا ڕۆژی (٢٩) گەورەترین دیداری جیهانی بۆ مەولانا خالیدی نەقشبەندی ڕێک خرا کە چەندان دەزگا و مەڵبەندی سلێمانی بەشدارییان تێدا کرد.

تەماع سوێراوە، وەک ئاو دەنوێنێ
تا بیخۆیتەوە، تینوویێتی دێنێ
بە دیموکراتی، ڕوو بکەرە هاتی
خزمەتت زۆر بێ بۆ خۆوولاتی
بیرت بێ زوڵمت چەند لا گران بوو
قەومت بە ستەم چەند دڵگران بوو

* جەژنی (القیامة) لای نەسرانییەکان غ.

ئەمەوێ بڵێم، نابێ کورد کورت بێ
ئەبێ بۆ خزمەت هەمیشە گورد بێ
ئەگەر بێو پاشقول لە یەکتر بگرین
لە ڕێگای ڕاستا هەموو ئەدۆڕێین
چەند خۆشە دوو دەست بەهێز تێ کۆشێ
گوزەرانیی خۆی بەزۆر ڕاکێشێ

**Sunday 29**
April 2012
٩ گوڵان ٢٧١٢

# ٢٩ یەکشەممە
نیسان ٢٠١٢

* کۆچی دوایی شێخ سەعیدی پیران ساڵی (١٩٢٥) لە تورکیا.
* بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (التآخي) لە بەغدا ساڵی (١٩٦٧).
* مردنی ڕابەری فاشیزم مۆسۆلینی ئیتاڵیایی ساڵی (١٩٤٥).
* پێشکەوتن، ڕۆژنامەیەکی حەفتانە بوو، میجەر سۆن. کە حاکمی ئەو سەردەمەی ئینگلیز بوو لە سلێمانی، ئەو دای مەزراند، تا تەمووزی ساڵی (١٩٢٢)، (١١٨) ژمارەی دەرچوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٥)دا دەزگای گەشتوگوزار (سیاحة) بە یاسای (٢٩) لە شاری سلێمانی دامەزرا (کۆواری سلێمانی، ژ ٦٤، ل ٣٩).

ئەدەب تاجێکە لە نووری یەزدان
بیکەرە سەرت و بڕۆ بۆ ئاسمان
لە ڕێی میللەتا مردن مەردییە
مردن مردنە لنگ فرتێ چییە

* لە شەڕی (کووت)دا جەنەراڵ (تاوزەند) ساڵی (١٩١٦) خۆی دا بەدەست لەشکری عوسمانییەوە.
* خۆکوشتنی ڕابەری نازییەت سەرۆکی ئەڵمانیا (ئەدولف هیتلەر) ساڵی (١٩٤٥).

خوا یار بێ ئێمە (ئەحمەدی سوارە)ین
خاوەن (قەدارە) و ساحیب نەقارەین
غیرەتی میللی ئەوەندە پاکە
پیاو لە کوشتن و برین بێباکە
کەسم نەدیوە وەک کورد ئازا بێ
لە ڕێگای ڕاستدا هێند بێ پەروا بێ

* جەژنی کرێکارانی جیهان ساڵی (١٨٨٦).
* بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (ئازادی) ساڵی (١٩٥٩).
* (ساڵح زەکی ساحێبقڕان) بوو بە (متصرف - پارێزگار)ی سلێمانی و ساڵێک و دوو مانگ واتا هەتا (١٩٣٦/٧/١٢) مایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٧)دا ڕێژیمی بەعس دەستی کرد بە (ترحیل)کردنی کوردەکانی کەرکووک بەرەو باکور و باشووری عێراق.

کە ئیشێکت کرد، زانیت خەتایە
بگەڕێیتەوە، بوزورگی تیایە
بەدخوو بە چاکەی چاکان چاک نابێ
خوا وای کردووە، هەر ئەبێ وابێ

* ڕۆژی لەدایکبوونی مەلیک فەیسەڵی دووەم ساڵی (١٩٣٥).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٥) دوکاندارەکانی قەیسەری وەسمان پاشا لە شاری سلێمانی سەیرانێکی گەورەیان بۆ سەرچنار ساز دا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤١) چوار ئەفسەرەکان بە ڕابەرایەتیی (ڕەشید عالی گەیلانی) بزووتنەوە لە شێوەی کودەتادا دژی ڕێژیمی ئەوسای عێراق، بەڵام دوو مانگی نەخایاند کە بزووتنەوەکە توایەوە و بەرپرسەکانی هەموو بۆی دەرچوون و عەبدولئیلاهی وەسی گەڕایەوە شوێنی خۆی.
* دامەزراندنی ئێستگەی تەلەڤزیۆنی بەغدا ساڵی (١٩٥٦).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٦)دا هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر چیای زۆزک و هەندرێن دەستی پێ کرد.

عەشرەت هاوارە، عەشرەت هاوارە
خۆیان گورج ئەکرد پیادە و سوارە
ڕوویان ئەکردە مەڵبەند بە سەرڕەو
وەستانیان نەبوو بە ڕۆژ و بە شەو
تێیان هەڵئەکرد وەک بچنە شایی
ناویان دەرچووبوو کورد بە ئازایی

**Thursday 3** ٣ **پێنجشەممە**
May 2012 ئایار ٢٠١٢
١٣ گوڵان ٢٧١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٥)دا لە (ساحەی مەعارف) نمایشێکی گشتی لەلایەن قوتابخانەکانی شاری سلێمانییەوە پێک هات.

ئەگــــەر بێی بەقین تـۆڵە بســــێنی
خــــەوی ڕەحــــەتی بۆ خــــۆت نابینی
چەند خۆشە، قەومێ هەموو یەک دڵ بن
لە ڕووی جیهاندا وەک دەسکەگوڵ بن

* (لەیلا قاسم) و هەڤاڵەکانی بەهۆی پێوەندییان بە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقەوە لە بەغدا لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە ساڵی (١٩٧٤) لەدار دران.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٤)دا چەند کەسێک لە بنەماڵەی بابان بە سەرۆکایەتیی (جەمال بابان) و (د. فوئاد بابان) سەردانی بەڕێز (مام جەلال)یان کرد لە قەلاچوالان بۆ گفتوگۆ لە بابەت بنەماڵەکەیانەوە.

کچ بە نابەدڵ بۆ پیر چوو بە بووک
مێرد بێزار ئەکا شەو بە نووکەنووک
هانای بەتۆیە خواکەی دەستگیر
نەیکەی بە بووک، بیخەیتە دەست پیر
پیری پەک ئەخا و (بەستن) بیانووە
ئەمە ئەفسانەی دەوری کوانووە

**Saturday 5**
May 2012
١٥ گوڵان ٢٧١٢

**شەممە ٥**
ئایار ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤١) حوسێن فەوزی پاشا (پارێزگار)ی سلێمانی بوو هەتا ڕۆژی (١٩٤١/٦/٢٧) ئەم ماوەیەش کاتی کودەتاکەی چوار ئەفسەرەکە بوو لە حوکما کە بە هەراکەی (ڕەشید عالی گەیلانی) بەناوبانگ بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٢)دا لاشەی مەلا نەجمەدین لە کەشتیی نوح هێنرایە دەرەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٧)دا کیمیابارانی ناوچەی قەرەداغ لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە کرا، (کۆواری سلێمانی، ژ٤، ل ٣٧).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٧)دا لافاوێکی ناوەخت بە هۆی بارینی تەرزەوە سلێمانیی سەغڵەت کرد، هەر لەم ڕووداوەدا پیاوەکانی بەعس لە باتیی یارمەتی دانیشتوانی شار، دەستیان کرد بە گرتن و سزادانی خەڵک، (کۆواری سلێمانی، ژ٤، ل ٣٧).

عیسا میقرۆبی پاک ئەکردەوە
لە عیسایان دا مووسا بوردەوە
ڕۆژ و کریسمس گەیشتنە سەری ساڵ
هەردوو پێکەوە گەیشتنەوە ماڵ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٢)دا نووسەر و مێژوونووس و ڕۆژنامەنووس (حوسێن نازم بەگ) فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا کە لە ساڵی (١٨٧١) هاتبووە دنیاوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٢)دا سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە داگیر کرایەوە و شێخ مەحموود و هێزەکەی بەرەو سووورداش کشانەوە.

جــاران ئەچووینە ســەر باوەگــوڕگــوڕ
ئەمــانگوت هـاتووین بۆ زگـپـڕی و کــوڕ
باوەڕمان نەکرد، شەخصە و پیاوی خوا
تا هـاتنە بـەرپـێی پـادشـــا و گـــەدا
کـوڕێکی وای دا بە عـاصـمـە خـاتوون
پۆبلانـەی گـەییـە سـەد هـەزار ئاڵتـوون

**Monday 7**
May 2012
١٧ گوڵان ٢٧١٢

## دووشەممە ٧
ئایار ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٨)دا، قەسابەکانی سلێمانی سەیرانێکیان ساز دا بە سەرپەرشتیی (فرج کوردی).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٢) تا ڕۆژی (١٩/ ٤/ ١٩٢٧) ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ (متصرف– پارێزگار)ی سلێمانی بووە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٥)دا خۆکوشتنی هیتلەر و ڕووخانی ئەڵمانیای نازی بڵاو کرایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٥)دا کۆچی دوایی شاعیری گەل (قانع) کە ساڵی (١٨٩٩) هاتووەتە دنیاوە.
* کۆچی دوایی چیرۆکنووسی کارا محەمەد مەولوود (مەم) ساڵی (١٩٨٧).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٥)دا (نێچیرڤان بارزانی) دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێم لە سلێمانی و هەولێر حکوومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی پێنجەمی پێک هێنا.

هەر هێندە بڵێی کەمتیار چاکە
قولەپێی بسمی هێشتا دەنگ ناکا
چەند خۆشە کە پیاو دڵی پاکی بێ
لە تەنگانەدا، دۆستی چاکی بێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٥)دا سەرکەوتنی (سوێندخۆران- حلفاء) بەسەر (ئەڵمانیا و ئیتاڵیا...) و چەک داماڵینی ئەڵمانیا بڵاو کرایەوە، دەزگاکانی میری و قوتابخانەکانی هەموو (تعطیل) بوون.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٤)دا تاکو (١٩٥٠/٨/٢) بۆ یەکەم جار (قادر ئاغای حاجی مەلا محێدین) سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی بووە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٥)دا لە سلێمانی بڕیاری دروستکردنی پارکی ئازادی درا لە شوێنی سەربازگە سەرکوتکەرەکەی ڕێژیمی ئەوسای بەعس.

توخن بە پیاوی سەرچەوت مەکەوە
بە دەست قەرز بدەو بە پێ دووی کەوە
گەورە کە یەک بن میللەت سەر ئەخەن
دەڵێن دوو ڕێوی شێرێ کەوڵ ئەکەن
کەسوکار لە پیاو جیا نابێتەوە
تفی بەرەو با ڕیش ئەگرێتەوە

* (ابن خلكان) دانەری کتێبی (وفیات الاعیان) لە شەش بەرگدا، ناوی خۆی (أبوالعباس شمس الدین)ە ڕۆژی پێنجشەممە سەرلەئێوارەی ڕۆژی (١١/ ربیع الاول/ ٦٠٨ کۆچی/ ١٢١١ز) لە بنەماڵەیەکی شاری هەولێر چاوی هەڵهێناوە. خەڵەکان ناوی چەند دێیەکە لە قەزای ڕانیە و قەزای ڕەواندز.
* جەژنی کۆتاییی شەڕی ئەورووپا ساڵی (١٩٤٥).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا (پۆلێکی) زمانی کوردی لە هۆڵەندا بۆ منداڵانی کورد لەلایەن مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردەوە کرایەوە.

بە کەر ناوێرین، بە کورتان شێرین
وەک زەردەواڵەین، بە خاڵمان فێرین
خوا نەیداوینێ ساڵێک ئۆخەی کەین
شادی بێ و تاڵی نەکەوێتە بەین

**Thursday 10**
May 2012
٢٠ گوڵان ٢٧١٢

**پێنجشەممە ◆ ١٠**
ئایار ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٦)دا رادیۆی کۆماری (مەهاباد) دەستبەکار بوو و بەرنامەکانی بە زمانی کوردی بڵاو دەکردەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٢٠)دا مستەر ریچ باڵیۆزی ئینگلیز لە بەغدا هاتووەتە شاری سلێمانی پایەتەختی بابان و نزیکەی چوار مانگ ماوەتەوە بە میوانی مەحموود پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشای بابان کە ئەو کاتە حاکم و میری وڵاتی بابان بوو.
* کۆچی دوایی محەمەد سەیفوڵڵا - مەلا کاکەحەمە ساڵی (١٩٦١) وە لە ساڵی (١٨٨٤)دا هاتووەتە دنیاوە.

لە پشت کەسەوە جەماعەت ناکەم
بۆ وڵاتەکەم بە تەمای چاکەم
هونەر ئەوەیە بەختی لەگەڵ بێ
چیمەنتۆ ئەبێ لمی تێکەڵ بێ

* مەحموود مەسرەف سەرەک وەزیرانی میرنشینی بابان لەم ڕۆژەدا لە ساڵی (١٨٢٠)دا خۆی و چوار کوڕی چوون بۆ بەخێرهاتنی مستەر ریچ باڵیۆزی ئینگلیز لە بەغدا، چمکێک لە داوونەریتی کوردەواریی ئەو ڕۆژەیان پێشان داوە کە (شەڕەکەو) بوو.
* بە گوێرەی پەیمانی سایکس- بیکۆ لە کۆتاییی شەڕی جیهانیی یەکەمدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی لەژێر دەستی عوسمانییەکاندا ڕزگاریان بوو، ئینجا دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان لە ناوەخۆیاندا بەشیان کردن، وڵاتی (بین النهرین) بەر بەریتانیا کەوت ساڵی (١٩١٧) لەلایەن بەریتانیاوە عێراق - بەغدا داگیر کرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٠)دا تۆفیق وەهبی بەگ کرا بە (متصرف - پارێزگار)ی سلێمانی، بەڵام بە هۆی شەڕی بەردەرگەی سەرا (٦ ئەیلوول) زوو لە ڕۆژی (١٩٣٠/٨/٢٢)دا لابرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨)دا (جەمیل ڕەشید) کە بەڕێوەبەری پۆلیس و پیاوێکی کەرکووکی پاک و ڕاست بوو، بوو بە جێگری (متصرف - پارێزگار)ی سلێمانی تا (١٢/ ٩/ ١٩٤٨)ی کێشا.

ئۆخەیچ کە ئێستا زۆردار بێ هێزە
لەبیرتە ئەیگوت گاڵت وە گوێزە
ئەوسا کە جوامێر، دەنگی دلێر بوو
قەومی هەمەوەند، ژنیشیان شێر بوو
جالینۆس ئەڵێ تاقیم کردەوە
هەر قەومێک ناسرا بەپێی کردەوە
جاف بۆ زیان، هەمەوەند بۆ شەڕ
شێخ و تەفرەقە، زەنگەنە بۆ گەڕ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٢٠)دا مستەر ریچ باڵیۆزی ئینگلیز لە بەغدا لە گەشتنامەکەیدا باسی (گەرماو - حەمام)ی سلێمانی بە جۆرێک دەکات کە گەلێک لە گەرماوی شام و قاهیرە و ئەستەمبۆڵ بەرزتر و پاکتر و جوانتر بوون.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٦)دا (عامر الحسک) بوو بە (متصرف - پارێزگار)ی سلێمانی و هەتا ڕۆژی (١٩٦٦/١٠/٨) مایەوە، ئەم پیاوە ئەفسەری سوپا و مرۆیەکی میانڕۆ بوو.
* کۆچی دوایی (ئیسماعیل حەقی شاوەیس) لە ساڵی (١٩٧٦).
* بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (هاواری کوردستان) لە ساڵی (١٩٤٦).
* کۆچی دوایی شاعیر (کانی- عەبدولجەبار مەلا عەبدوڕەحمان) ساڵی (١٩٥٧).
* کۆچی دوایی (شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی حەفید) لە ساڵی (١٩٧٢). کە لە ساڵی (١٩١٧) هاتووەتە دنیاوە.

ئەمڕۆ مەبعووسی هاتووەتە رەواج
ڕەسمی ئیفتیتاح کەوتە بەر میعراج
بەڵام عومر و رزق لە بەراتایە
بزانین ئەوسا کێ دێتە کایە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٢٠)دا مستەر ریچ باڵیۆزی ئینگلیز لە بەغدا کە هاتووەتە شاری سلێمانی دەڵێت (کاتی خۆی ئەورەحمان پاشای بابان) ویستوویەتی لە جیاتیی پێوەندیی وڵاتەکەی بە والیی بەغداوە، یەکسەر پێوەندیی بە (باب العالي- ئاستانە)وە بێت، بەڵام لەبەرئەوەی لەوەپێشتر ولایەتی بەغدای قەبووڵ نەکردبوو بۆیە داواکەی سەری نەگرت.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣١)دا شێخ مەحموودی حەفید خۆی دا بەدەست حکوومەتی عێراقەوە.. سەرەتا دووریان خستەوە بۆ (سەماوە) دواتر بۆ (ناصریە) دواتر بۆ (عانە) لە دواییدا بۆ بەغدا.
* ساڵی (١٩٨٨) دەستپێکردنی هێرشی ئەنفالی چوارەمی بەعس لە کوردستاندا بۆ ناوچەکانی (ساڵەیی، شێخ بزەینی، شوان، قەڵاسێوکە).

ئەو پیاوە گەورەی کە خۆشباوەڕە
بەدەست خەڵکەوە مێکوتی ساوەرە
کاکە خوار دەستت بە کەم مەبینە
بۆیە بە کینە لێت نائەمینە
هەندێ بە فڕین گەیشتوونە پایە
شەیتان لە بەرگی فریشتەدایە

* ساڵی (١٩٥٥) بەستنی پەیمانی سوپاییی وارشۆ لەلایەن ڕووسیا و ئەلبانیا و بولغاریا و چیکۆسلۆڤاکیا و مەجەر و پۆڵەندا و ڕۆمانیا بەرامبەر بە پەیمانی (ناتۆ) بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ لە شاری وارشۆ.
* ساڵی (١٩٩٩) کۆنگرەی حزبی کەسکی سوید بەکۆتا هات دوای هەڵبژاردن، لەوانە کوردێکی سلێمانی (جەبار ئەمین) بە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆنگرەکە هاتە هەڵبژاردن.

کەو ئەبەنە ڕاو هەرکە ئەخوێنێ
هاوجنسی خۆی بۆ کوشتن ئەهێنێ
لەقلەق هاتەوە، نیشتە سەر هێلکە
مەیدان خاڵی بوو، بۆ پەڕەسێلکە

* جەژنی مەریەمی عەزرا (غ).
* ساڵی (١٩٣٢) دەرچوونی یەکەم ژمارەی (کۆواری هاوار) لەلایەن (ئەمیر جەلادەت بەدرخانەوە لە شام).
* کۆچی دوایی میری میران ئەوڕەحمان پاشای بابان لە (١٧/ ربیع الثاني / ١٢٢٨ کۆچی / ١٨١٣ز).
* پاشای بابان جیهانگیری:

رەنگ رۆستەمی زاڵ پیری　　رانابوێرم بە فەقیری
ناکەم خـزمەتی وەزیـری　　نانی دەستینم بە شیری

(عەلی بەردەشانی)

* بڵاوبوونەوەی کۆواری هەتاو لە هەولێر ساڵی (١٩٥٤) کە هەتا (١٩٦١/١٠/٣٠)ی پێ چوو، خاوەنەکەی (گیوی موکریانی) بوو.
* ڕۆژی ڕەشی عەرەبی لە فەلەستین ساڵی (١٩٤٨).

بابی بابیـــیـــە چەرخی زەمـــانە
ئەم چەرخـە کـۆنە، دەوران دەورانە
بۆ خۆ هەڵکێشـان زەعـیم بزورگن
هەندێکی تر هەن ســپـڵـی لاورگن

* ساڵی (١٩١٦) مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی (سایکس بیکۆ) کە دەبێ فرەنسا واز لە ویلایەتی مووسڵ بهێنێ بۆ بەریتانیا کە ویلایەتی مووسڵ زۆربەی کوردنشینن.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٢) ڕۆشنبیری بەناوبانگ جەمال عیرفان لە سلێمانی تیرۆر کرا.

دنیاکەی فانی، کاروان سەرای ڕەنگ
بە نیـمێ دڵشـاد، ئەو نیـوەی دڵتـەنگ
سـەرێ کـە شـاهان بە تەمـای نەبن
بۆ ئەوە باشـــــە هەڵکەنرێ لـەبن

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٧)دا، (عبدالمطلب امين الهاشمي) کە ئەفسەرێکی گەورە و پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو، کرا بە (متصرف - پارێزگار)ی سلێمانی هەتا ڕۆژی (١٩٥٨/٩/٤) مایەوە.
* لە کوردستانی نوێ ژمارە (٣٩٠) ساڵی (١٩٩٣)دا (عەلی قازی کوڕی قازی محەمەد) دەڵێت مەرحوومی (مەلا مستەفا) کە لە کوردستان بوو، داوای لە بابم کرد پێکەوە بڕۆن بابم بە مەلا مستەفای گوت ناتوانم سوور و سپیی کوردستان بەجێ بێڵم. بەڵام گوتی ئەو ئاڵایەی کوردستان تەسلیمی تۆ دەکەم، بەردەوام بە لەسەر مافی ڕەوای نەتەوەی کورد ئەو ئاڵایە ئێستا هەر ماوە لای بنەماڵەی بارزانی.
* ڕۆژنامەی (ژین)ی ساڵی (١٩٥١) مژدە بڵاو دەکاتەوە کەوا:

سینەمای گۆیژە کرایەوە
ڕۆژی دڵتەنگی بڕایەوە
بەعەشایەری دەعوا حەل دەکەن
شاگرد شەق ئەخوا و وەستا تێ دەخەن
بەحوشتریان وت، حوشتر کورت بوو
وتی لە پشتی من بار لانەچوو

**Friday 18**
May 2012
٢٨ گوڵان ٢٧١٢

**هەینی ١٨**
ئایار ٢٠١٢

* کۆچی دوایی (شێخ لەتیفی دانساز) ساڵی (١٩٤٨).
* ساڵی (١٩٧٧) سووریا بڕیاری ژمارە (٥٨٠)ی دەرکرد کە بەوە ناوی شار و گوند و شەقامە کوردییەکانی بەشی کوردەواریی سووریا گۆڕان بە عەرەبی.

لە خەت دەرمەچۆ، مەکەوە دەورە
دەست بەکڵاوی، خۆتەوە بگرە
کەو دەبەنە ڕاو بەفێڵ دەخوێنن
هاوجنسی خۆیان بۆ کوشتن دێنن

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٩) سەرکۆماری ئەمەریکا (بیل کلنتۆن) نامەیەکی بۆ کۆنگرێسی ئەمەریکا نارد. دووپاتی کردەوە کە دژی هەر هێرشێکە بۆ سەر کوردستانی عێراق.

ئەوساکە (جوامێر) دەنگی دلێر بوو
فیرقەی هەمەوەند ژنیشیان شێر بوو
کوێخا جوامێری هەمەوەند ئەیوت
های جوامێر ڕۆم و عەجەم وا لە دووت
ئێستا من هەستم دوڵدوڵم پێیە
ئاخر ناپرسن لەشکرت کێیە؟

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٢٠)دا مستەر ریچ باڵیۆزی ئینگلیز لە بەغدا لە حاجییەکی بیستووە کە تازە لە حەج گەڕاوەتەوە وتوویەتی: لەم سێ ساڵەی دواییەدا نزیکەی دوو هەزار کەس لە سلێمانییەوە چوون بۆ حەج.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٠)دا شەریف پاشای خەندان داوا لە باڵیۆزی بەریتانیا (لویس مالت) دەکات کە بە (بلفور)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بگەیەنێت، کە پێویستە سەرۆکی کوردستانی ئازاد دابنێ و کوردستان بەسەربەخۆ بناسن.

هەندێ مەعاشی تەقاویتیشیان
زۆریشە و لێیان بوو بە ماخولان
هەوڵی وەزیفە ئەدەن تێر ناخۆن
تا دیسانەوە، دەبنە کەوڵەکۆن
کاسبیش چونکە دەعیەی تیا نییە
هیچ مەئموورێکی پێ ڕازی نییە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٦)دا کۆمەڵێ لە دارتاشەکانی سلێمانی بە سەرپەرشتیی حەمەسەعیدی جەعفەر و وەستا ئەوڕەحمانی وەستا گورون سەیرانێکی خۆشیان ساز دا بۆ قەلاچوالان.

بوارە ڕەش و سپی دەرئەخا
ڕێکەوتە نادان جارجار سەرئەخا
شانس سپیاوێکە بەعارەق ئەڕوا
عەیبی ئەخلاقی ناپۆشێ کەوا
ئەگەر بەعیلم و عەمەل پەسەند بی
چاکترە لەوەی کە دەوڵەمەند بی

**Tuesday 22**
May 2012
١ جۆزەردان ٢٧١٢

**٢٢ سێشەممە**
ئایار ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٥)دا کوردەکانی مووسڵ دژی داواکاریی تورکیا بۆ ویلایەتی مووسڵ وەستان و قوتابیی (عەلی حەیدەر سلێمان) کە سەر بە کۆمەڵەی (النهضة)ی قوتابیان بوو وتارێکی جوانی دژی ئەو داوایەی تورکیا خوێندەوە.

علیم بۆ قەومێ ڕێگا دەنوێنێ
عالمیش ناوی چاکەی دەمێنێ
دۆست چاکەی دۆستی لێک ئەداتەوە
دوژمن لەگەڵ دۆست ئاشت ئەکاتەوە

* کەیخەسرەو بەگی جاف باوکی حەمە پاشا لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٢٠)دا هاتووەتە سلێمانی و لە ڕێی مەحموود مەسرەفەوە بانگهێشتنی (مستەر ریچ) باڵیۆزی ئینگلیزی کردووە بۆ لای خۆیان.
* بە گوێرەی یاسایێک کە ساڵی (١٩٣١) دەرچوو، زمانی کوردی لە کوردستانی عێراقدا بوو بە زمانی فەرمی.

دۆست ئەو دۆستەیە، بۆ کردەوەی چاک
خۆشەویستت بێ، بەدڵێکی پاک
ئەوە دۆست نییە بە هیوای پۆست بێ
نەیەوێ دۆستی لەگەڵ کەس دۆست بێ

**Thursday 24**
May 2012
٣ جۆزەردان ٢٧١٢

# پێنجشەممە ٢٤
ئایار ٢٠١٢

---

* ساڵی (١٩٢٥) شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عەبدوڵڵای نەهری و کوڕەکەی لە تورکیا لەدار دران.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٢٠)دا لەسەر قسەی (مستەر ریچ) باڵیۆزی ئینگلیز لە بەغدا کە لە سلێمانی بووە گوایە عوسمان بەگی کوڕی ئەوڕەحمان پاشای بابان لە نیشان شکاندندا بە یەکەم دەرچووە و بەتفەنگی گەورە و قورس نیشانی لە دەست نەداوە.
* کۆچی دوایی شاعیری ئێسک سووک ئەحمەد شوکری (د.شۆ) ساڵی (١٩٨٩).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٣)دا بە هیمەتی جەمال بابان و فائیق هۆشیار و ڕەئووف ئەحمەد (یانەی سەلاحەدین)ی کوردان کە لە بەغدا دامەزرا، کرایەوە.

چوارپێ لە دووپێی بەدخوو چاکترە
بە (جۆ) هەڵدەکا و دڵی پاکترە
ستەمگەر کە مرد، خاک نایگرێتە خۆ
بەدڵ خوا شکور، بەدەم ئاغارۆ
بەڵام ئەو گەورەی خۆی بەکەم ئەگرێ
لە ئەندازەی خۆی زیاتر سەر ئەخرێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی ١٩٤٢دا فڕۆکەکانی ئینگلیز بۆردمانی شاری سلێمانییان کرد.
* ساڵی (١٩٢٥) تێکۆشەری کورد (دوکتۆر فوئاد) لەلایەن ڕژێمی تورکیاوە لەدار درا.
* ساڵی (١٩٢٦) یەکەم ژمارەی کۆواری (زاری کرمانجی) لەلایەن (حوسێن حوزنی موکریانی)یەوە لە ڕەواندز دەرچوو.

لەگەڵ خۆهەڵکێش خۆشباوەڕ مەبە
ئاڵتوون بە محەک پیاو بە تەجروبە
گوێی ڕاستت سووک بێ بۆ چاکە بیستن
گوێی چەپت کەڕ بێ بۆ فیت هەڵبەستن
قسەی چاک زەحمەت ئەگاتە جێی خۆی
واتەی بەد زۆر کەس پۆستەچییە بۆی

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٣)دا جەمال بابان بوو بە باوەڕ پێکراوی گشتی (ئەمین عام)ی کۆڕی زانیاری کورد (المجمع العلمي الكردي) لە بەغدا، دوای دوکتۆر کەمال مەزهەر کە بوو بە ئەندامی کارای کۆڕ.
* ساڵی (١٩٨٦) لە کۆمەڵگەی بنگردی سلێمانی جەماوەر گشتی دژ بە ڕەفتاری بەعس هەڵسان و ناڕەزاییی خۆیان دەربڕی چونکە بەزۆر هێنرابوونە ئەو شوێنە. لە بەرامبەردا ڕێژیم کۆمەڵگەیەکی بەتەواوی تێ کدا و (٦٠) گوندی سووتان و خەڵکەکانی گواستەوە بۆ قەزای دوکان.

ناوی وەفدمان هێندە لا خۆشە
هەر بڵێن وەفدە، زۆر کەس بەجۆشە
هەندێکیش بەهیچ تەریق نابنەوە
بەدووی ڕێویدا ئەچنە کونەوە

* مستەر ریچ دەڵێت: لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٢٠)دا، (عومەر خەزنەدار) گەورە پیاوێکی سەردەمی بابان لە سلێمانی پێی ڕاگەیاندم (گردی دەلۆ) لە نێوان قەرەداغ و برایم خانچی تونێکی هەزار بەهەزار. ئەم گردە، نەوت و زاخ و گۆگرد و خوێ و سەرچاوەیەکی ترش و زەردیشی تێدایە.
* کۆچی دوایی پێشەوای هیند (جەواهر لال نەهرۆ) ساڵی (١٩٦٤).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٩) دهۆک کرا بە پارێزگا.

لەش و عەقڵ و دڵ، ئەم سیانە بێ
ساحێبیان ئەبێ، هەر بەدەماغ بێ
خزمەتی وڵاتیش هەر بەعیلم ئەکرێ
بەچرای عیلمەوە پێ دەردەکرێ

* ساڵی (١٩١٥) هێزەکانی ڕووس شاری (مەهاباد) لە ئێران داگیر دەکەن.
* ساڵی (١٩٩٩) فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە وڵاتی سوێد فیستیڤاڵێک بۆ لاوان ساز دەدەن.

هێشتا پیاوی چاک لێک ناکەینەوە
گرەو لە ناپیاو هەر نابەینەوە
بەڵام هەی هاوار کە دێینە قسە
ئەرستۆ و سوقرات لامان ناکەسە
کەچی بە (بلوف) ئەمانترسێنن
لغاومان دەکەن ئەمانڕەتێنن

* ساڵی (١٩٩٣) مەلیک (فەهد) پێشوازیی لە وەفدێکی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی کرد و کۆبوونەوەیەکی بەتەنیا لەگەڵ کاک (مەسعوود بارزانی) ساز دا.

هەر پەندەکانی پیرەمێرد – پیرەمێردی نەوسن

مەجلیسی دەوری حەوزەکەی خۆمان
ترێ و کاڵەک و شووتی و سێوی جوان
ئەمانەن شاه و وەزیر و موشیر
خۆشگوزەرانی پێویستە بۆ پیر
جارێ بابزانین ساڵ بەری دوورە
من لەمانەم چی شای من ئەنگوورە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٢٠)دا، چاوەڕوان دەکرا بۆ دووسبەی برا ترسنۆکەکەی میری بابان، کە حەسەن بەگی ناو بوو، بە فریودانی والیی خۆی رای کردبووە بەغدا، والی بەدەست بەسراوی تەسلیمی بکاتەوە بە میری برای، بۆیە عوسمان بەگی برای دووەمی میر ڕق و نەنگەویستی زۆری خۆی دەرهەق بە تورکەکان دەردەبڕی لەبەر درۆودەلەسە و فڕوفێڵ و تەڵەکەبازییان.
* ساڵی (١٩٣٠) (یانەی سەرکەوتنی کوردان) لە بەغدا کرایەوە زیاتر بەهیمەتی (مارف جیاووک) بوو. کە ئەمە یانەیەکی سیاسیی کۆمەڵایەتی بوو. یەکێک لە ئامادەبووانی کردنەوەی شاعیری بەناوبانگی کوردی (بابان جەمیل سدقی زەهاوی) بوو.

وەزیفەی گەورە، زۆر پیاو گێژ ئەکا
پیریش زۆر شاعیر فرەبێژ ئەکا
هەرچی بە ئەرخە دامەزرێنراوە
لە ترسا دڵی وەک (بی) ناوئاوە
کاربەدەست، ئەگەر بێ کار دەربکا
ئەبێ زیاتریش خۆی تووشی شەڕ کا

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٢٠)دا مستەر ڕیچ چووەتە سەیری (زۆرانبازی) لە شاری سلێمانی لە شوێنێکدا کە زۆر قەرەباڵغ بوو هەرچەندە لەسەر شێوەی کۆن و لادێییانە زۆرانیان دەگرت، بەڵام کورد لەو گەلانەن کە هێجگار حەزیان لە وەرزشە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٢)دا تا دووی حوزەیران دووجار بۆردمانی سلێمانی کرا بۆ چۆڵکردنی لەلایەن شێخ مەحموود و لەشکرەکەیەوە.
* ساڵی (١٩٦٣) مام جەلال تاڵەبانی بۆ بینینی سەرۆک (جەمال عەبدولناسر) وەکو نوێنەری کورد دەچێتە میسر بۆ گفتوگۆ لەسەر مەسەلەی کورد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٠) (د. مەحموود عوسمان) لە یاریگەی شاری سلێمانی وتاری پارتی دیموکراتی کوردستانی خوێندەوە لە بابەت بەیاننامەی ئاداری ئەو ساڵە و دەستکەوتەکانیەوە.

ولاتێک حزب و میزبی، تێ کەوێ
هەرچی دەستی بوو، بەشی خۆی ئەوێ
هیچ کەسێ نەفعی عمومیی ناوێ
بۆیە ئەخنکێین، بۆ کاسە ئاوێ
هەرچیش ئەبینی ئەڵێ زەعیمم
لەم ناوە هەر من تەنها هەتیوم

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٢٠)دا حەسەن بەگی کوڕی ئەوڕەحمان پاشا و خوشکەزای کەیخەسرەو بەگی جاف بە ئەسیری و کەساسی لەلایەن والیی بەغداوە تەسلیم بە میری گەورەی برای کە مەحموود پاشا بوو، کرایەوە بەڵام میری گەورە نە تورکخواز و نە ئێرانخواز بوو، لە براکەی خۆش بووە، خەڵکی سلێمانیش ئەم ڕەفتارەی والیی بەغدایان زۆر لا ناخۆش بوو، هەموو تف و لەعنەتیان دەکرد.
* ساڵی (١٩٥٨) بەشی کوردی لە ڕادیۆی قاهیرە کرایەوە.
* ساڵی (١٩٧٥) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٠)دا یەکەم ژمارەی گۆواری (سلێمانی) دەرچوو کە تەواوکەر و زنجیرەی گۆواری سلێمانییە کە لە ساڵی (١٩٦٨)دا شارەوانیی سلێمانی دەری دەکرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٨)دا لە شاری سلێمانی وێستگەی کەشناسی لە بەکرەجۆ دامەزرا لە کێڵگەی کۆلێجی کشتوکاڵ سەر بە زانکۆی سلێمانی.
* لە ساڵی (١٩٥٢)وەوە ئەم ڕۆژە ڕۆژی ساوایانی جیهانە.
* خۆماڵیکردن (تأمیم)ی کۆمپانیاکانی نەوت (١٩٧٢).
* کۆچی دوایی مامۆستا (عەبدوڵلا جەوهەر) ساڵی (١٩٨٢).

ئەو سەرکردەیەی بە ڕاست ئینسانە
بەند و زنجیر لای روتبە و نیشانە
بەڵام نەک قەومێ تووش کا و خۆی ڕاکا
وابێ ئیتر کەس بڕوای پێ ناکا
ئاخ ئەمە ڕەنجی دواین بە بادا
لەشکری نادان پشتمان بەرنادا

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٢٠)دا (جۆ) هاتووەتە بازاڕی سلێمانییەوە لە بەروبوومی ئەو ساڵەدا، هەروەها سەرەتای (ئارد) و (توو)ش هەندێکی پێ گەیشتبوو، بەڵام گەنم ناوەڕاست یا کۆتاییی ئەم حوزەیرانە دروێنە دەکرێ.
* داگیرکردنی (عمارە) ساڵی (١٩١٥).
* ڕۆژنامەی (بروا) حەفتانە بوو لە شاری سلێمانی پارێزەر کەمال میرزا کەریم دەری دەکرد لە ساڵی (١٩٦٠)وە هەتا ڕۆژی (١٩٦٣/١/٢٥) کە (٩٥) ژمارەی دەرچوو دوای کودەتای (٨) شوباتی (١٩٦٣) ڕاگیرا.

کە دنیا بوو بە گاڵتەی منداڵان
ماڵی هەموومان، ئەڕوا بەتاڵان
هیوامان وایە دەستەی خوێندەوار
بۆمان پێ بگەن، بکەونە ڕووی کار

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٢٠)دا لە سلێمانی شمشێربازی کراوە (لباد)ێکیان بەچوار قەدی بەگوریسێکەوە هەڵیان واسیوە. عوسمان بەگی بابان کوڕی ئەوڕەحمان پاشا بە یەکجار شمشێر وەشاندن کردوویە بەدوو کەرتەوە، دوایی ئەو حەسەن بەگ ناوێک، ئینجا عەزیز ئاغای مەسرەف هەموویان بەو شێوەیە.
* ساڵی (١٩٨٣) لە شاری مەهاباد (٥٩) لاوی کوردی نیشتمانپەروەر لە ئێران لەدار دران کە تەلەڤزیۆنی کۆماری ئیسلامی پیشانی دا، (ڕۆژی کوردی لە مێژوودا).
* کۆچی دوایی شاعیر و نووسەری گەورەی تورک (نازم حیکمەت) ساڵی (١٩٦٣).

به ئێستریان وت، باوکی تۆ کێیە؟
وتی شەجەرەی دایکمم پێیە
تانجی لە ڕاوا هونەر ئەنوێنێ
نەتەوەی سەگە و گورگ ئەخنکێنێ
ئەڵێن گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێ
دەسا بێستانیش بژاری ئەوێ

* مـحـەمـەد قـودسـی ئەو ئەفسـەرەی لەسـەر کوردایەتی ئیعدام کرا، سـاڵی (١٩٤٥) لەگەڵ جـەلالی ئەمین بەگی ئـەفسـەری هـاوڕێیدا چووەتە پاڵ جووڵانەوەی بارزان و بوو بە ئەندامی (هەیئەی ئازادی) کە ئەو هـەیئەیە شکسـتی هێنا هـەر لە تشـرینی یەکـەمـی هـەمـان سـاڵدا لەگـەڵ بارزانیـیـەکـان و بەشـدارانی تردا چووە دیوی کوردستانی ئێرانەوە (بیرەوەرییەکانی جەلال ئەمین بەگ – سدیق ساڵح).
* سـاڵی (١٩٨٩) ڕێبـەری کـۆمـاری ئیسـلامـیی ئێـران (ئیمـام ئـایەتوڵلا خـومـەینی) کۆچی دوایی کرد.
* ساڵی (١٩٩٢) یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر.
* ساڵی (٢٠٠٩) جەنەراڵ موتورز، زەبەلاحی دروستکەری ئۆتۆمۆبێل بەڕەسمی مایە پووچبوونی بڵاو کرایەوە.

پـایـز ڕوو زەردی خـــــــەزانـی هـێـنـا
ڕەعدیش قامـچیی خـۆی لە هـەور داهێنا
ئاسـمـان سـاڵی چوار جـار ئـەگـۆڕێ
بەخـتی کـورد هـەمـوو ڕۆژێک دەتۆرێ
گـیـانە خـوا ئـیـشـی ناپەسـەند ناکـا
تـا کـێـو نەبینێ، بەفـری تێ ناکـا

* ساڵی (۱۹۰۹) یەکەمین ژمارەی هەفتەنامەی (پەیمان) بەزمانی کوردی و تورکی لە دیاربەکر دەرچوو.
* ساڵی (۱۹۲٦) ویلایەتی مووسڵ درا بە عێراق بەبێ ڕەزامەندی و پرس پێکردنی گەلی کوردی دانیشتووی ناوچەکە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۳۲)دا عیزەت بەگی وەسمان پاشای جاف سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی بووە.
* لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی شارەوانی بە سەرۆکایەتیی جەمال بابان ساڵی (۱۹٦۸) ناوی پیاوە گەورەکان لە شەقامە گەورەکانی سلێمانی نرا وەک شەقامەکانی (سالم، مەولەوی، کاوە، شێخ مەحموود، گۆران، بێکەس، نالی، سەیوان، ئەمین زەکی، بێسارانی، بابان، زێوەر، کاک ئەحمەدی شێخ، برایم پاشا، مەحوی، حەمدی، پیرەمێرد، کەریمی عەلەکە) و گەڕەکەکان (خەبات، لە جیاتیی قەرەج ئاوا) و (ئازادی لە جیاتی فراش ئاوا)، (ئەزمر لە جیاتیی ئیسکان) و (شۆڕش لە جیاتیی عەقاری).

کەوتووینە دەورێ، هەرچی بۆی بلوێ
دەستە چەورەکەی بە خەڵکا ئەسوێ
چونکە ڕۆژ ڕۆژی درۆ و بوختانە
ڕاستی گرانە، درۆ هەرزانە

* بڵاوبوونەوەی کۆواری (ڕۆژی کورد) لە ئەستەمبۆڵ ساڵی (١٩١١).
* جەژنی لەدایکبوونی (یەحیا)ی پێغەمبەری سوبییەکان کە تەنیا یەک ڕۆژە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣١) پیاوی زانای شار حاجی شێخ ئەمینی خاڵ کۆچی دوایی کرد. ئەمڕۆ ڕۆژی شینی دینە، شینی حاجی شێخ ئەمینە، هەموو ئیسلام بۆی غەمگینە، بۆیە ئاسمان بەرگی شینە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٤)دا (حوسێن حوزنی موکریانی) لەسەر بانگهێشتنی پیرەمێرد هاتووەتە سلێمانی و نزیکەی چوار مانگ ماوەتەوە. نووسینێکی تێروتەسەلی لە بابەت سلێمانیی ئەو ڕۆژەوە نووسیوە لە بەرگی دووەمی (سلێمانی شارە گەشاوەکەم) نووسینی جەمال بابان بڵاو کراوەتەوە (لاپەڕە ١٤٨– ١٥٩) لەگەڵ پرۆفیسۆر مینۆرسکیی کوردناسدا یەکیان ناسی کە ئەویش لەو کاتەدا لە سلێمانی بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٣)دا (عەبدوڕەزاق سەید مەحموود) کە ئەفسەرێکی مووسڵاوی بوو، بوو بە پارێزگاری سلێمانی، مایەوە هەتا ڕۆژی (١٩٦٤/١٢/٧).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٨)دا (تەلاری هونەر) لە سلێمانی کرایەوە کە جوانترین و تازەترین هونەری بیناسازیی تێدا بەکار هێنراوە.

ئەگەر تۆ باوکی خۆتت خۆش ئەوێ
جوێن مەدە، نەوەک جوێنی بەرکەوێ
لەوە بترسە لە خوا ناترسێ
دەم مەنێرە دەم ناشی و ناکەسێ

* سالّی (١٩٨١) وێستگەی ئەتۆمیی تەمووزی عێراق نزیک شاری بەغدا لەلایەن هێزی ئاسمانیی ئیسرائیلەوە لێ درا.

لەگەڵ خودادا سەرڕاست بی چاکە
هیچ لەو گوم نابێ خراپە و چاکە
لەگەڵ خەڵکیدا ئینساف بنوێنە
هەتا دەتوانی، نەفست بشکێنە
بۆ هەژار دڵسۆز، بۆ گەورە حورمەت
بۆ لە خۆت خوارتر لوتف و شەفەقەت
بۆ دۆست ڕابەر بە، بۆ دوژمن بە حیلم
بەتەوازووع بە، لەگەڵ ئەهلی عیلم
لەگەڵ جاهیلدا بێدەنگ و خامۆش
ئەم پەندانەی من نەکەی فەرامۆش

* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۸۲۰)دا (عومەر ئاغا)ی بەناوبانگ و مەحموود مەسرەف سەرەک وەزیرانی میرایەتیی بابان بە (مستەر ریچ)یان ڕاگەیاندووە کە تووتن و لۆکە و مەرەزە و گەنمەشامی و نیسک و نۆک و هەرزن و ماش، تۆو دەکەن، بەڵام پرتەقاڵ و لیمۆ پێ ناگەن لەبەر گۆڕینی کەشوهەوا.
* سەربەخۆیی (استقلال)ی سووریا و لبنان ساڵی (۱۹٤۱).
* ساڵی (۱۹۹٥) ڕێژیمی تورکیا فەتوای بە دەستەی باڵای فەتواکان دەرکرد بە لەداردانی بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەی قورئان بە زمانی کوردی.

هەندێ کەوتوونە، سەودای مەبعووسی
هەوڵیان زۆر بوو، خوا نەینووسی
باز هەڵدەن مەبعووس پێی بێتە کایە
بەڵام باز چاوی لە گۆشتی گایە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٩)دا شەڕی دەربەندی بازیان لە نێوان ئینگلیز و شێخ مەحموودی حەفید رووی دا و بە بریندار‌بوونی شێخ و گرتنی لە پاڵ بەردەقارەماندا کۆتایی هات و ئینگلیز سلێمانیی داگیر کردەوە.
* ڕۆژێکی ڕەشی تر لە شاری سلێمانی ساڵی (١٩٦٣)دا کە هاوتای ڕۆژی ڕەشی (٦ /٩/ ١٩٣٠) بوو، کە بەرۆژی ڕەشی زەعیم سدیق بەناوبانگە نزیکەی (٣٠٠٠) سێ هەزار کەس گیرا و تانک و هێزی سەرباز دەوروبەری سلێمانیی گرت و زۆر کەسیش بێ سەروشوێنن ئێستاش نەدۆزرانەوە لەوانە (کەمال حەمەی فەرەج ئەفەندی) و (مامۆستا یاسین). گۆبەندەکەش لە شوێنی حامیەی سلێمانی بوو کە ئێستا پارکی ئازادییە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٣)دا هەتا (١٩٦٧/١٢/٢٦) (عیزەت سەعید کابان) سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی بووە.

هەندێ کە پیاو کەوت پێی ئەڵێن کەرە
کاتەوە سەر کار ئەڵێن جەوهەرە
تۆ لەو کەسانە هەمیشە دوور بە
لە کونجی خۆتا، هەڵکە و ڕووسوور بە

* لەم ڕۆژەی ســاڵی (١٨٢٠)دا مــیــری بابان لە شــاری سلێــمــانی فــەرمــانی بە ئەســتێـرەناس (منجم بـاشی) دا کە لەســەر شـێوەی ڕۆهەڵاتیـیـان نـەخشـەیەکی جیهـان بۆ (مسـتـەر ریچ) دروست بکات. ئەویش کردی و دای بە (ریچ) کە ئەویش نەخشەکەی لا پەسند بوو.
* پەیمانەکەی ساڵی (١٩٢٤)ی نێوان عێراق و بەریتانیا ئەمڕۆ لەلایەن ئەنجوومەنی دامەزرێنەری عێراقەوە –(مجلس تأسیسي) بڕیاری لەسەر درا واتا (تەسدیق کرا).
* ساڵی (١٩٧٠) دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

قەی چێکا جارجـار خەیاڵپەروەر بی
بە خـــەیاڵ بەرگی شـــاهی لەبەر بی
وا بزانە کە تۆش مەبعووسێ بووی پار
خاوەن کەش و فش ئۆتۆمۆبێل سـوار

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٠)دا (باقر الدجیلي) بوو بە (متصرف – پارێزگار)ی شاری سلێمانی هەتا (١٣/ ٥/ ١٩٦١).
* ساڵی (١٩٦٣) دەستپێکی دڕندانەی ڕێژیمی عێراق بە خاپوورکردنی کوردستان هەتا ڕۆژی (١٩٦٣/٧/٢٣) بەردەوام بوو، لە ئەنجامدا (٨٧٥) گوندی کوردستانی گرتەوە.

ساڵێک مەبعووسی ڕەئیی بۆ درا
کەچی یەکێکی تر داخل کرا
نەسیب و قیسمەت عیلمی غەیبییە
ئەحمەر و ئەسوەد، چابووک دەستییە

* ساڵی (١٩٢٤) (جۆرج بوش)ی سەرۆکی چل و یەکەمینی ئەمەریکا و دۆستی کورد لەدایک بووە (سەرچاوە ڕۆژی کورد لە مێژوودا).
* ساڵی (١٩٢٦) ویلایەتی مووسڵ درا بە عێراق بەبێ ڕەزامەندی و پرس پێکردنی گەلی کوردی دانیشتووی ناوچەکە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٢)دا مامۆستای بەڕێز (عەبدولخالق قوتب) دنیای بەجێ هێشت، ئەو کەسە بوو کە ئاوازی سروودی (ئەی ڕەقیب)ی دانا.
* ساڵی (٢٠٠٩) هەڵبژاردنەوەی مەحموود ئەحمەدی نەژاد بەسەرکۆماری ئێران بۆ دووەم جار لەگەڵ قسە و باسێکی زۆری ساختەکاری و فڕوفێڵ لە هەڵبژاردنەکەدا.

لە ئادەمـــــەوە تا ئەم زەمـــــانە
ڕێگای خێر و شەڕ، هەر بۆ ژنانە
کـــۆنە دەمـــاخـــان، هەروا نادانن
هیچ قـەدری جنسی لەتیف نازانن

**Wednesday 13**
June 2012
٢٣ جۆزەردان ٢٧١٢

**چوارشەممە ١٣**
حوزەیران ٢٠١٢

* ساڵی (١٩٢١) ئەمیر فەیسەڵ لەلایەن ئینگلیزەوە بە مەلیکی عێراق دانرا.
* ساڵی (١٩٦٣) هێزێکی گەورەی حەرەس قەومی هێرش دەکەنە سەر گوندەکانی کەندیناوەی پارێزگای هەولێر و زیاتر لە بیست دێ دەسووتێنن و مەڕوماڵاتیان تاڵان دەکەن.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢١)دا (یاریی وڵاخ تاودان – رایسز) لە سەردەمی ئینگلیزدا کۆتاییی پێ هات کە لە ڕۆژی (١٩٢١/٥/٢)وە دەستی پێ کردبوو.

پیــــاوێ زەرەری لە خـــەڵک دابێ
دڵی ناســـرەوێ هەتاکــو مــابێ
یــەکــێ بــە درۆ، یــەکــێ چـاوڕاو
یەکێ بە ئاغـام، پاشــام هاتە ناو

**Thursday 14**

June 2012

٢٤ جۆزەردان ٢٧١٢

**پێنجشەممە ١٤**

حوزەیران ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٧)دا بۆ یەکەم جار دائیرەی ئەوقاف لە عێراقدا دامەزرا.
* ساڵی (١٩١٩) مێجەر نوئیل دۆستی کورد گەشتێکی مێژوویینی بۆ کوردستانی باکور لەگەڵ جەلادەت بەدرخان و براکەی و ئەکرەمی جەمیل پاشا دەستی پێ کرد کە نزیکەی سێ مانگ و حەوت ڕۆژی خایاند.

ئینسان لە نسیان، دروست کراوە
چاوی بە پەردەی، غەفڵەت پۆشراوە
مادام دنیایە و، ئەمانەی تێدایە
پیاوی ئاوەها لە برەودایە

**Friday 15**
June 2012
٢٥ جۆزەردان ٢٧١٢

**هەینی ١٥**
حوزەیران ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٢٠)دا، (مستەر ریچ) دەڵێت: دوو بلوێرژەنی کورد پێکەوەو لەسەرخۆ و خەمگین بەئاوازێکی دڵتەزێن بلوێریان لێ دەدا، باشترین ئاوازیان گۆرانییەک بوو، ناوی (لەیلێ گیان) بووە گۆرانییەکی تریش بە (ئەز دنالم) دەست پێ دەکرد.
* بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (الزوراء العراقي) ساڵی (١٨٦٩).
* ساڵی (١٩٣٠) ڕاپەڕینەکەی (ئاگری داغ) لە کوردستانی تورکیا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٤)دا مەلیک غازی هاتە سلێمانی و (١٧)ی مانگ گەڕایەوە بۆ بەغدا.
* کۆچی دوایی مەلا عەبدولکەریم (موفتی پێنجوێنی) ساڵی (١٩٣٩).

خوا ڕەگی بەدکار، لەبن دەردێنێ
تۆڵەی کارژۆڵەی بێ شاخ ئەسێنێ
بەڵام خوویەکی گیرا بە شیری
ناتوانرێ تەرک بکرێ بە پیری

**Saturday 16** **شەممە ١٦**

June 2012

٢٦ جۆزەردان ٢٧١٢

حوزەیران ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی ١٩٨٢دا مامۆستای ڕۆشنبیر و نووسەری بادینان (صادق بهاالدین) کۆچی دوایی کرد.
* ساڵی (١٩٩٩) فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید پشتگیرییان لە پێشنیازی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد لە بابەت هەڵکردنی ئاڵای کوردستانەوە

هیچ کەس نازانێ، کە ئەم دنیایە
چەند هەمەچیزەی، حەوت ڕەنگی تیایە
باوجود ئێستا منداڵ پەسەندە
کەس بەپیر ناڵێ، کەرت بەچەندە

* ساڵی (١٩٢٣) ئینگلیز لەبەر مەترسیی شۆڕشی کوردەکان ناچار دەبن لە سلێمانی بکشێنەوە.
* ساڵی (١٩٩٩) سەرەتای کۆبوونەوەی نێوان (پ. د. ک و ی. ن. ک) لە واشنتۆن بە سەرپەرشتیی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا.

هەیە هەر لە شوێن، پارە عەودالە
چزووی تیژ کردووە، وەک زەردەواڵە
من سەربەست ئەژیم رەند و قەلەندەر
سەودای مەبعووسیم بۆچ بکەوێتە سەر

* ســاڵی (١٩٤٧) بارزانی نەمر و هاوڕێکانی لە ئاوی (ئاراس) بەرەو ڕووسیا پەڕینەوە.
* ساڵی (١٩٦٢) ئیبراهیم ئەحمەد نووسراوێک بۆ (تاهیر یەحیا) دەنێرێ لە بابەت ئاشتی و برایەتیی ژیانی پێکەوەی کورد و عەرەب لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.
* شاعیری نیشتمانپەروەری کورد عەبدولخالق ئەسیری ساڵی (١٩٦٢) کۆچی دوایی کرد:

ئەی ئەسیری هێندە عەشقی میللەتی کوردت هەیە
لام وایە بشمری قەبری گردی سەیوانت ئەوێ

* کۆچی دوایی حەسەن فەهمی جاف ساڵی (١٩٧٣) و لە هەڵەبجە ساڵی (١٩٠٥) هاتووەتە دنیاوە.
* جەمیل سدقی زەهاوی (شاعیر)ی بەناوبانگ کە بەرەگەز بابانە لە ساڵی (١٨٦٣)ی ئەم ڕۆژەدا هاتووەتە دنیاوە.
* ئاهەنگی کردنەوەی سەنتەری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی بابان لە هۆڵی گەنجان لە سلێمانی ساز درا.

چەند خۆشە ئینسان شێوەی شەمعی بێ
خۆی بسووتێنێ نەفعی جەمعی بێ
چەند خۆشە ئینسان خووی چاک بگرێ
ئەوە بگرێتە باوەش کە دەمرێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٩)دا، شەڕی دەربەندی بازیان نێوان شێخ مەحموود و ئینگلیز، شێخ مەحموود بریندار کرا و لە پاڵ بەردە قارەماندا یەخسیر کرا و دوور خرایەوە بۆ (دوورگەی ئەندام) لە هیندستان.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٧)دا هەتا ڕۆژی ١٩٣٠/٥/١٠ ئەحمەد عوسمان هەولێری (متصرف – پارێزگار)ی سلێمانی بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٧)دا تەرمی شەهیدەکان محەمەد قودسی و مستەفا خۆشناو دوای لەداردانیان هێنرانەوە بۆ شاری سلێمانی و بوو بەئاژاوە و دەربڕینی نارەزاییی پیرەمێرد:

وا پێمان ئەڵێن دەم بە پێکەنین
گیانمان فیدا کرد، ئێوەی پێ بژین

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٠)دا شاعیر و فەیلەسووفی کورد پیرەمێرد لە شاری سلێمانی دنیای بەجێ هێشت و لەسەر وەسیەتی خۆی لە گردی مامەیارە لە ڕۆهەڵاتی شاری سلێمانی شاردرایەوە کە لە دواییدا جەمیل سائیبی خوشکەزای و فائیق هۆشیار و ئەحمەد زرنگی کچەزای هەر لەو گردە لە پاڵیدا شاردرانەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٧)دا بەگوێرەی نامەی وەزارەتی ناوخۆی عێراق (کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی) دامەزرا. ڕۆژی ٥/٧ی هەر ئەو ساڵە ئەم لێژنانە پێک هات:

١– لێژنەی تەمسیل. ٢– لێژنەی مۆسیقا و گۆرانی. ٣– لێژنەی وێنە و ئیشی دەست ٤– دەزگەی بەڕێوەبەر.

* دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کورد ساڵی (١٩٧٠).

ئافەرین لەوەی کە شیری پاکە
شێری مەیدانە، لە گشت بێباکە
ئەوی خەریکە دۆستی خۆی بخا
کاتێک زانی وەک دیوار ڕووخا

* ساڵی (١٩٦٠) لیستی جووتیارانی پارتی دوای هەڵبژاردن بەرامبەر بە لیستی شیوعی، دەرچوو کە مەلا ڕەسووڵ گورون بە سەرۆک قادری براخاسی عەربەتی بە جێگری سەرۆک و شێخ ساڵحی شێخ مستەفای داراغا بە سکرتێری یەکەتیی جووتیاران هەڵبژێردران. (سەرچاوە کۆواری سلێمانی، ژمارە ٢٥، ل ١٨– ١٩).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٥)دا وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستان میهرەجانێکی ساز دا بە بۆنەی تێپەڕبوونی سێسەد ساڵ بەسەر دەرچوونی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانییەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٩)دا کۆچی دوایی میری بابان ڕۆژنامەنووس و پارێزەر (نەجیب جەمیل بابان).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٩)دا بەهۆی تەقاندنەوەی شاحینەیەک لە (تازە)ی کەرکووک (٧٢) کەس کوژرا و (٢٠٠) کەس برینداری لێ کەوتەوە.

نابێ هیچ کەسێک، زۆردار مەغروور بێ
بە نەبوون، زەبوون، بە بوون مەسروور بێ
ئەبێ دەسەڵات بە هەل بزانێ
هەڵسووڕێ بۆ خەڵک هەتا ئەتوانێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨١٣)دا کۆچی دوایی (ئەوڕەحمان پاشای میری گەورەی بابان).
* تیرۆرکردنی (سمایل خانی سمکۆ) لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە ساڵی (١٩٣٠)
* ساڵی (١٩٣٢) شێخ (ئەحمەد بارزانی) لەگەڵ چوارسەد کەسدا پەنایان بردە بەر تورکیا (ڕۆژی کوردی لە مێژوودا).
* ساڵی (١٩٤٦) پێشەوا (قازی محەمەد) دەچێتە تاران و چاوی بە (قوام السلطنة)ی سەرۆک وەزیرانی ئێران دەکەوێت، سەڵتەنە بە قازی دەڵێت: کە نیاز وایە لەشکری ئێران بگەڕێتەوە سەر دۆخی پێشووی خۆی.

کابرای (زەکی) تۆیش نەخەڵەتابی
بکەی حیسابی دەورەی نیابی
بۆ خۆت کتێبی، تأریخ بنووسە
سەرپێچی مەکە، لەم چارەنووسە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٢)دا (بارزانیی نەمر) لەگەڵ هەموو خێزانە بارزانییەکاندا پەنا دەبەنە بەر خاکی تورکیا.
* کۆچی دوایی نووسەر و شاعیری بادینان مەلا ئەنوەر مایی ساڵی (١٩٦٣).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٨)دا دامەزراندنی حزبی (تەڤگەری رزگاریخوازی کوردستانی تورکیا).

پارەی میراتیش، میقرۆبی شەڕە
برای میراتخۆر، دەست بە خەنجەرە
وەرە بنوارە، دەعوای مەحکەمە
زۆری میراتە، دەعوای تر کەمە

* ساڵی (١٩٦٣) ڕێژیمی عێراق (٢٨) کوردی هاووڵاتیی بەتۆمەتی جۆرەوجۆر لە کەرکووک لەدار دەدا کە ئەدیب و پارێزەر شێخ مارفی بەرزنجی و شێخ حوسێنی برای تێدا بوو.
* کۆچی دواییی شاعیری نیشتمانپەروەر مەلا حەسەن قازی ناسراو بە (شاهۆ) ساڵی (١٩٧١).
* ساڵی (١٩٧٠) کردنەوەی کۆنگرەی یەکەمی یەکەتیی نووسەرانی کورد لە شاری بەغدا بە سەرۆکایەتیی (جەمال بابان) و ئەندامیەتیی (د. ئیحسان فوئاد، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، د. نسرین فەخری، د. مارف خەزنەدار، حوسێن عارف، محەمەد مەلا کەریم، خالید دلێر و کاکەمەم بۆتانی سکرتێر).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٠) (براءة الاختراع) درا بە جووت برا (بەرهەم جمال) و (بەهمەن جمال) کە ژوورێکی ئەلیکترۆنییان بۆ ئیفلیج و بێ باڵ و بێ قاچ دروست کرد.

هەور و ڕەشەبا، بەفر و هەڵەکۆک
مشک و پشیلە، لەگەڵ یەک ناکۆک
واشە و چۆلەکە، کەروێشک و تانجی
پشیلەی مەتبەخ، هەمینە باجی
سەگ و گورگ و مەڕ، ئاشچی و داری تەڕ
سۆفی و سەگی گەڕ چەتە و ئەسپی لەڕ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٢٠)دا عوسمان بەگی بابان بە (مستەر ریچ)ی وتووە کە: خۆی و مەحموود پاشای برای و زۆربەی سەرکردەکانی کورد موریدی مەولانا خالیدی نەقشبەندین، کە لە سەراسەری تورکیا و وڵاتە عەرەبییەکاندا دوازدە هەزار موریدی هەیە و کورد ئەو پیاوە بە (وەلی) دەزانن، زۆری تریشیان لە ڕیزی پێغەمبەرەکەیانیان دادەنێن و لەگەڵ شێخ (عەبدولقادری گەیلانی)دا لە یەک ڕیزدا دای دەنێن.
* کۆچی دوایی ڕۆشنبیر و قسەخۆش حوسێنی سەی ئەحمەدی خانەقا ساڵی (١٩٨٤).
* میهرەجانی حاجی قادری نەمر لە شاری کۆیە گیرا لە ساڵی (١٩٧١):

گوتم بە بەختی خەواڵوو بەسە ئەتوبی خوا
لە خەو هەڵسە زەمانێ با بچینەوە ئەولا
حاکم و میرەکانی کوردستان
هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان
یەک بەیەک حافظی شەریعەت بوون
سەییدی قەوم و شێخی میللەت بوون

* ساڵی (١٩٩٩) مەڵبەندێک بەناوی مەلا مستەفای بارزانییەوە بۆ توێژینەوەی جیهانی لەسەر کوردان لە واشنتۆن بە کۆششی پرۆفیسۆر عەبدولعەزیز سەعید دامەزرا.

هەتا باریان کەی هەر ئەڵێن کەمە
خۆزگە ئەمزانی کەی ئەڵێ هەمە؟
ئەوی هەشیەتی، هەر بە پەرۆشە
سەیرکەن، سەیری دنیا چەند خۆشە

* سـاڵی (١٩٢٥) ڕێژیمـی ئەو کـاتەی تورکـیـا چل و پێنج سـەرۆک و کـاربەدەسـتی جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی کوردیان لەدار دا.
* سـاڵی (١٩٦١) عـەبدولکەریم قـاسم ڕای گەیاند کە کۆتاییی بەرگریی بەریتانیا لە کوێت مانای ئەوەیە کە کوێت گەڕایەوە باوەشی عێراقی دایکی و بڕیاری دەرکرد کە (شێخ عەبدوڵڵا سالم ئەلسەباح) ئەمیری کوێت بکرێتە قائیمقام و کوێتیش ببێتە قەزا سەربە پارێزگای بەسرە.
* سـاڵی (١٩٨١) سـەرکـردەیەکی سـیـاسـیی پارت (صـالح یوسـفی) لە بەغـدا لە بەردەرگەی ماڵی خۆیاندا لەلایەن بەعسەوە تیرۆر کرا.
* سـاڵی (٢٠٠٩) ئەسـتـێرەی بەناوبانگی گۆرانیی ئەمـەریکا (مـایکل جـاکسـۆن) لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا دنیای بەجێ هێشت کە بە (ملك البوب) ناوی دەرکردبوو.

دەوڵەمـــەند پارەی بـە کـــەس نەداوە
ئەم گـشت عـالەمـەی، ئەڕوا لە دواوە
تەلیـــســـمی جــامـی چەند کلیلەیە
گـۆشت بۆ کـەرە و کـا بۆ پشـیلـەیە

* جەژنی ڕاپەڕینی عەرەب (النهضة العربية).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٥)دا (حزب التقدم) بە سەرۆکایەتیی عەبدولحسین ئەلسەعدون پێک هات.
* ساڵی (١٩٤٥) دامەزراندنی (UN) بە بەشداربوونی پەنجا وڵاتی ئەندام لە جێگەی (عصبة الامم)، ئەمڕۆ ژمارەی ئەو وڵاتانەی ئەندامن ئەگاتە (١٩٥).
* ساڵی (١٩٨٩) گواستنەوەی شارۆکەی قەڵادزێ و ناوچەکانی دەوروپشتی بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە.
* ساڵی (١٩٩٤) دامەزراندنی پارتی دیموکراتی گەل (HEDEP) لە تورکیا کە (موراد پوزلاک) بوو بەسەرۆک.

کردەوەت باش بێ، چاکی و بەرێ و جێی
کە خوا دای هیچ کەس، ناڵێ کوڕی کێی
قازان قەتارەن، قولنگان هەوا بی
حەیفە باڵای لەیل شەو بە تەنها بی

**Wednesday 27**
June 2012
٦ پووشپەڕ ٢٧١٢

**چوارشەممە ٢٧**
حوزەیران ٢٠١٢

* ساڵی (١٩٢٥) پرۆتۆکۆلی (قەدەغەکردنی گازی کوشندە و ژەهراوی لە شەڕدا) لە (جنێڤ) مۆر کرا.

عـادەتی دنیـا بەسـات ئەگـۆڕێ
زۆر دەوڵەت هـەیە، لە پـڕ ئەدۆڕێ
بە سـەرنەتاشین نابیـە قـەڵەندەر
بەئاوێنەیەک نابیـە ئەسکەندەر

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٧)دا (جەعفەر پاشای عەسکەری) لێپرسراوی حکوومەتی عێراق چووە پێنجوێن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ شێخ مەحمووددا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤١) وە شێخ مستەفای قەرەداغی (متصرف – پارێزگار)ی سلێمانی بوو هەتا ڕۆژی (١٩٤٣/١٠/٢٢). ئەم کاتە ڕۆژگاری شەڕی گێتیی دووەم و زەمانی (تموین) بوو.
* ساڵی (١٩٨٨) شاری سەردەشت لە ئێران لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی عێراقەوە بۆمباران کرا کە بوو بەهۆی شەهیدبوونی زیاتر لە ١٣٠ کەس و زیاتر لە سێ هەزار بریندار و گازی ژەهراوی لەم بۆردمانەدا بەکار هێنرا (ڕۆژی کوردی لە مێژوودا).

غیرەتی میللی، ئەمەندە پاکە
پیاو لە کوشتن و برین بێباکە
قەدری وێرانەی وەتەن بزانی
لە هەموو شوێنێک مەردی مەیدانی

* جەژنی هەردوو پەیغامبەر  پەتروس و پولس (غ).
* دانانی بەردی بناغـــەی شـــاری بەغـدا (٧٦٢) زاینی لەلایەن ئەبوجـــەعـــفـــەری مەنسوورەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٥)دا، لەداردانی شێخی نیشتمانپەروەر و پیرۆز (شێخ سەعیدی پیران) لەلایەن تورکەکانەوە.
* لەم ڕۆژەی ســاڵی (١٩٦٦) لە ســەردەمی ئەوڕەحـمـان عـارفـدا و دوای شکســتی سوپای عێراق لە شەڕی زۆزک و هندرێن و داواکردنی ڕێک کەوتن، ئەوە بوو ڕێک کەوتن لە نێوان حکوومەت و کورددا مۆر کرا و پڕۆژەی (لامەرکەزی) بڵاو کرایەوە.
* دادگەی ئاسایشی تورکیا ساڵی (١٩٩٩) عەبدوڵڵا ئۆجەلانی بەخنکاندن حوکم دا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٨) هەتا ڕۆژی (٧/٢) هەر ئەو ساڵە (شانۆی هیوا) واتا (مسرح الامل) لە دهۆک دەستبەکار بوو.

ئـەمـــە دووجـــارە، ئەکـــەونە چـاڵ
زەرەر دەبینین، بە مـاڵ و بـە حـاڵ
هێشتا پیاوی چاک، لێک ناکەینەوە
گـــرەو لـە پیـــاوی بـەد نـابـەینـەوە

* یادی شۆڕشی عێراق ساڵی (١٩٢٠).
* پەیمانەکەی نێوان عێراق و ئینگلیز ساڵی (١٩٣١) لەم ڕۆژەدا (تصديق) کرا.
* سەندیکای مامۆستایان لە شاری سلێمانی ئاهەنگێکی قەشەنگی لە یانەی فەرمانبەراندا لە ساڵی (١٩٦٨)دا گێڕا بۆ ڕێزنان لەو مامۆستایانە زۆربەی ژیانیان لە خزمەتی قوتابیدا بەسەر بردووە بەسەرپەرشتیی نەقیبی سەندیکا د. ئەحمەد عەبدولستار ئەلجواری: ئەمەش ناوی هەندێک لە مامۆستاکانە: (فوئاد ڕەشید بەکر، تاهیر یەحیا بابان، ڕەشید کەریم، شەفیقە سەعید، ساڵح قەفتان، عەلی کاکەمین، بەدریە عەباس، فاطمە محێدین، بەهیجە عەزیز، عەبدولخالق خالید، ئەحمەد فەخری ئەمین).
* ساڵی (١٩٩٣) دامەزراندنی حزبی شیوعیی کوردستان لە کوردستانی باشوور (ڕۆژی کوردی لە مێژوودا).

ئەو دەوڵەتەی لێت نادزرێ عیلمە
ئەوەی لە شەرت لائەدا حیلمە
ئیتر بزانین لەمەودوا پیاو
جێماوی کۆنمان بۆ دێنێتە ناو

* کۆچی دوایی (طه مایی) ساڵی (١٩١٩).
* (ڕەزا محەمەد کەمال) موختاری گەڕەکی دەرگەزێن و سەرشەقام بوو لە ساڵی (١٩٢٤) هەتا ساڵی (١٩٣٦).
* ساڵی (١٩٣٧) پەیمانی سەعد ئاباد لە نێوان (عێراق، ئێران، تورکیا، ئەفغانستان) مۆر کرا.
* دامەزراندنی ئێستگەی ڕادیۆی عێراق لە بەغدا ساڵی (١٩٣٦).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٧)دا (مجید یعقوبی) بوو بە (متصرف - پارێزگار)ی شاری سلێمانی، ساڵێک و چوار مانگ مایەوە، بەڵام گەلێک خزمەتی لە ڕووی ئاوەدانییەوە بە شارەکە و ناوچەکە گەیاند.
* ساڵی (١٩٧٠) بەستنی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی لە ناوپردان و هەڵبژاردنەوەی بارزانیی نەمر بەتێکڕای دەنگ بە سەرۆک.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٥)دا (محەمەد ئەمین محەمەد ئەحمەد) دهۆکی، بوو بە پارێزگاری شاری سلێمانی هەتا ڕۆژی (١٩٧٧/٢/٢٠) مایەوە لە دواییدا بوو بە باڵیۆزی عێراق لە بولغاریا.

با سیاسەتیش درۆی پێ بوێ
بەڵام درۆزن (شا)ش بێ ئەکەوێ
چنار کە زل بوو، ئەوسا ئەیبڕن
هەودا درێژ بێ، بۆ داو ئەیپچڕن

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٠)دا ڕۆژنامەی (برِوا) دەرچوو سەرانسەر (٩٥) ژمارەی کەوتە بەردەستی خوێندەوار دوا ژمارەی لە (١٩٦٣/١/٢٥)دا دەرچوو.
* لە پەڕاوێزی یەکەمین کۆنگرەی وەرزشیدا لە شاری سلێمانی لە ساڵی (١٩٩٥)دا لێژنەی ئۆلۆمپی دامەزرا.

مەتانەت عەزم و وەفای تێدایە
ئاو ئەڕوا کەچی زیخ لە جێیدایە
منداڵ لەسەرخۆ پێ دەگرێ و ئەڕوا
بەرسیلە بە سەبر، ئەبێ بە حەڵوا
چوار جلد تاریخی ئەمین زەکی بەگ
نامرێ و ناڕووخێ بەزۆری فەلەک

* جەژنی مارتومای پێغەمبەر (ش).
* ساڵی (١٩٤٦) کرێکارانی کورد و نەتەوەکانی تری کۆمپانیای نەوتی کەرکووک دەست لە کار هەڵدەگرن بە مەبەستی گەیشتن بە مافی یاسایی خۆیان.
* (مەلا مستەفای بارزانی) نامەیەکی بۆ (عبدالرحمن بناقی) کە لەوەپێشتر لەلای خۆی چێشت لێنەری تایبەتیی خۆی بووە، ئەو پیاو نەخۆش بووە و ئەحواڵی پرسیوە کۆتاییەکەی بەمجۆرە هێناوەتەوە (برای خزمەتکارتان مستەفا بارزانی و دەقی ئەو نامەیە لە ڕۆژنامەی خەباتی ڕۆژی ١٩٩٢/٨/١٦دا بڵاو کراوەتەوە) بەڵام ڕۆژی نووسینی نامەکە (١٩٧٧/٧/٣) بووە.

چەند خۆشە پیاوێ، ناوچاوان دەرخا
بە پیاوەتیی خۆی، قسەی خۆی سەرخا
دەستی یەک ئەگرین بەکرد و کۆشی
دەوڵەمەند ببین ئەگەینە خۆشی

* سەربەخۆیی ئەمەریکا ساڵی (١٧٧٦).
* ساڵی (١٩٩٢) مادام (دانیال میتران) دۆستی کورد ئامادەی دانیشتنی نۆیەمی پەرلەمانی کوردستان دەبێت بۆ پیرۆزبایی لە یەکەم حکوومەت و پەرلەمان.

فیرعەون کەوتە نیل، وتی لە ترسا
ئیمانم هێنا، بەرەبی مووسا
بە دنیا دەڵێن چەند بێ وەفایە
هەرچی کە دەستی بەیتێ دنیایە

* ساڵی (١٩٣٠) شەڕی بەناوبانگی (دەشتی زێلان) نێوان کورد و تورکەکان لە کوردستانی باکور (سەرچاوە ڕۆژی کوردی لە مێژوودا).
* کۆچی دوایی مامۆستای ڕۆشنبیر ع. و. نووری (عبدالواحد نوری) ساڵی (١٩٤٤) کە ساڵی (١٩٠٤) هاتووەتە دنیاوە.
* کۆچی دوایی مامۆستا (مەلا سەعید ئەفەندی کابان) ساڵی (١٩٦١).
* مامۆستا (بایز عەزیز دزەیی) (متصرف – پارێزگار)ی شاری سلێمانی لە ساڵی (١٩٦٨) گوێزرایەوە بۆ (تفتیشی اداري) لە وەزارەتی ناوەخۆ.
* ساڵی (١٩٧١) دامەزراندنی کۆمەڵەی (رزگاریی کوردستان).
* ساڵی (١٩٩٩) دامەزراندنی کۆمەڵەی دۆستایەتیی (فەلەستین – کوردی) لە شاری ڕامەڵڵای فەلەستین.
* باندی مۆسیقای زیدار کوردستان و کورال لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٨)دا لە ڤیەننا تا ڕۆژی هەشت ئاهەنگێکی مۆسیقای پێشکێش کرد بەتایبەتی مۆسیقای کلاسیکیی کوردی.

لەگەڵ یەک زاهیر، دۆستی ئەنوێنین
لەژێرەوە ملی، ئەکتر ئەشکێنین
مەڵێن کە ئادەم حەوا تەفرەی دا
خۆی وا نەبوایە، چی دەکرد حەوا

**Friday 6**
July 2012
۱۵ پووشپەڕ ۲۷۱۲

**هەینی ٦**
تەمموز ۲۰۱۲

* ساڵی (۱۹۹٦) بەستنی کۆنفراسێکی نێودەوڵەتی لەژێر ناوی (ئاشتی بۆ کوردستان) لە شاری (بۆن) لە ئەڵمانیا.

ئەگەر مەجلیسی میللی نەگۆڕڕێ
سەودای مەبعووسی دەچێتە گۆڕێ
گەردشی جیهان زوو زوو ئەگۆڕێ
یەکێ دێتەوە، یەکێ ئەگۆڕێ

**Saturday 7**
July 2012
١٦ پووشپەڕ ٢٧١٢

# شەممە ٧
تەممووز ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٨)دا (کەریم حەسەن قەرەنی) کە ئەفسەرێکی سوپا و خەڵکی سلێمانی بوو، بوو بە (متصرف – پارێزگار)ی سلێمانی هەتا ڕۆژی (٢٧/١٠/١٩٦٩) مایەوە.
* ساڵی (١٩٩١) گفتوگۆی بەرەی کوردستانیی عێراقی لە بەغدا لەگەڵ ڕژێمدا دەستی پێ کرد.
* ساڵی (١٩٩٩) سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ناوەخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە مۆڵەتی ئیشکردنی پێ درا.

ساڵە و ساڵ زەوی نۆ ئەبێتەوە
گژوگیاش هەر وا ئەبووژێتەوە
کە زستان ڕۆیی، ئیتر نەورۆزە
بولبول لە عەشقی گوڵدا بە سۆزە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٧)دا پەیمانەکەی (سەعد ئاباد) ئیمزا کرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٠)دا هەتا (١٩٤١/٥/٥) (متصرف - پارێزگار)ی شاری سلێمانی (عبدالحمید عبدالمجید صرصر موصلاوي) بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا (قانون مجلس وزراء أقلیم کردستان - یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان) دەرچوو.

هەندێ لغاوی شەیتان کراوە
هیچی لە ماڵی خۆی پێ نەبڕاوە
هەندێکیش ئەیخوا و، ئەیبەشێتەوە
دوو ئەوەندەیشی، زوو بۆ دێتەوە
چاو نابڕێتە، مەسنەد و پارە
بۆ ئیشی هەژار، وەک خزمەتکارە

* ساڵی (١٨٩٩) بەگوێرەی ئیعلانی لاهای ئەو جۆرە گوللانەی لە لەشی مرۆڤدا دەتەقێنەوە قەدەغە کرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٣)دا سترانبێژی نابینا (حەسەن جەزراوی)ی بەناوبانگ کۆچی دوایی کرد.

کە بۆ هاوخوێنت، خوێنت نەجۆشێ
پەچەی بەدناوی ڕووت دادەپۆشێ
با لە ناوخۆیشا ناحەزی یەک بن
لە ڕاستی دوژمن دەست بە کوتەک بن

* ســاڵی (١٩٢٤) نوێنەرانی پەرلەمــانی عــێراق بە زۆربەی دەنگ بڕیاریان دا بە لکاندنی کوردستانی باشوورەوە بە دەوڵەتی عێراقەوە.
* ساڵی (١٩٤٣) هەڵگیرسانی دووەم شۆڕشی بارزان بە مەبەستی بەدیهێنانی مافی ڕەوای کورد.
* وەفاتی باوکی مێژووی کورد لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨)دا محەمەد ئەمین زەکی بەگ، کە لە ساڵی (١٨٨٠) چاوی بە ڕووناکیی دنیا هەڵێناوە.

دەخیلتم ئەی خاک، قەدری بزانە
ئازاری نەدەی لەلات میــوانە
تأریخی کۆچی ئەمین زەکی بەگ
میللەت مەحزوونە زۆر پەرێشانە

ئیکرامی هەزار بەنان و دۆیە
لە هەموو شوێنێ، کەوا بخۆیە
هەندێ شتەکەی کەمتیاری پێیە
لە هەموو مەشکەی دۆدا ئەسکوێیە

* ســاڵی (١٩٥٢) کـۆچی دوایی مـێـژوونـووسی کـورد و کـەسـایەتیی بەناوبـانگ (مــحــەمــەد عــەلی عــەونی) لە قــاهـیــرە. هەواڵێکی تر ڕۆژی (١٩٥٢/٧/١٥) ڕادەگەیەنێت.

هـەرچـی ئـەیـکـوتم ئـاسـنـی ســــــاردە
ســا توخــوا مــەلا ئـەمــیــشــە ئـاردە
پەندی پێــشــینـان ناڵەی مــەنصــوورە
لای هـەندێ کـەسـیش کفری مەشـهوورە

* ڕاپەڕینی کرێکارانی نەوت لە گاورباخی – کەرکووک ساڵی (١٩٤٦).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٨)دا کۆواری (سلێمانی) کۆواری شارەوانیی سلێمانی دەرچوو، جەمال بابان کە سەرۆکی شارەوانی بوو، دەری کرد و تا ئێستاش بەردەوامە و شارەوانیی سلێمانی بەشێوەیەکی قەشەنگ دەری دەکات.
* کۆچی دواییی شاعیر و زانای ئاینی لە خانەقین شێخ مرادی زەنگە لە ساڵی (١٩٧٥).
* ساڵی (٢٠٠٩) تەقینەوە لە سێ کڵێسای بەغدا کە (٤) کوژراو و (٣٧) بریندار لێ کەوتەوە.

هیچ کەسێک نەفعی عموومیی ناوێ
بۆیە دەخنکێین، بۆ کاسە ئاوێ
زۆر کەسمان بینی دۆستی خۆی ئەخا
کاتێکمان زانی وەک دیوار ڕووخا

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٩)دا، تیرۆرکردنی (د. قاسملۆ)ی بەناوبانگی کوردی ئێران لە ڤیەننا لەلایەن پاراستنی ئێرانەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٥)دا کۆچی دوایی (د. عەلی ئەلوەردی) زانای کۆمەڵناسی عێراقی.

هەرچیش دەبینی، دەڵێ زەعیمم
لەم ناوە تەنها، هەر من هەتیوم
هەندێ لە خۆیدا دەست بەتێلایە
هیچ ناڵێ ڕۆژان، ڕۆژی لە دوایە

* شۆڕشی گەورەی فرەنسا ساڵی (۱۷۸۹).
* ڕۆژنامەی پێشکەوتن (١٤/ ٧/١٩٢١) لە سەردەمی ئینگلیزدا لە سلێمانی بڵاو کرایەوە.
* موفەتیشی پۆستەخانە هاتە سلێمانی بۆ وتوویژ لەگەڵ حاکمی ئینگلیز بۆ تەرتیبات بۆ هاتوچۆی پۆستە بۆ شاری سلێمانی. بەڵام لە ساڵی (۱۸۹۷)وە لە شاری سلێمانی لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە دەزگای پۆستەخانە لە سلێمانیدا هەبووە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۵۸)دا شۆڕشی تەمووز و بە سەرۆکایەتیی عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارفی هاوڕێی کۆتاییی بە حوکمی مەلیک هێنا و هەر لەو ڕۆژەدا مەلیک فەیسەڵی بێ گوناح و عەبدولئیلاهی خاڵی و چەند کەسێکی تر شەهید کران.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۵۹)دا بەداخەوە لە کەرکووک پشێوی ڕووی دا، کەسانێکی زۆر کوژران کە ئەوە بۆ دوارۆژ بوو بەهۆی زڕاندنی ناوی چەند کەسێک کە گوناهبار کران و هەر لەسەر ئەوە کران بە پەتا لە کاتێکدا کە ئەوان دژی ئەو کوشتارە بوون.
* ساڵی (۱۹٦۳) ڕێژیمی عێراق وا هەواڵ بڵاو دەکاتەوە کە وا شۆڕشی ئەیلوولی کوردی بە تەواوەتی سەرکوت کرا... (خەو و خەیاڵ و تەفرەدانێکە).

تەماع وەک ئاوی شۆری دەریایە
هەر ئەیخۆینەوە، تەسەللات نایە
(هل أمتلئتي؟ وهل من مزيد؟)

* کۆچی دوایی (میر جەلادەت بەدرخان) ساڵی (١٩٥١) وە ڕۆژی (١٨٩٧/٤/٢٦) هاتووەتە دنیاوە.
* کۆچی دوایی (زانا شێخ محەمەدی خاڵ) ساڵی (١٩٨٩).
* کوشتنی (نووری سەعید) ساڵی (١٩٥٨) دوای شۆڕشی تەمووز بە ڕۆژێک کە چوارده جار وەزارەتی عێراقی پێک هێنا و دوای مردنیشی نەک کۆشک و تەلار، خانوویەکیشی دوای خۆی بەجێ نەهێشت.

دیارە مەبعووسی بەچارەنووسە
پێی ناوێ بڵێین، زمانی لووسە
زمانی لووسی و زەمانی لووسی
گەلێ دەورانی تەئریخی نووسی

* کۆبوونەوەی یەکەم پەرلەمانی عێراق ساڵی (١٩٢٥).
* لەم ڕۆژانە ئەندامەکانی ئەنجوومەنی شارەوانیی هەولێر ئەم بەڕێزانە بوون: (عەبدولوەهاب حیکمەت، شێخیل حاجی حەسەن، نازم سەعید، عەلی هەژار، جەلال عەبدۆک، د. کەمال تووتنچی، د. عیسا فەهمی، عەلی جەودەت حەمادی، محامی سەلاح نەقشبەندی، مەجید تەیب، محەمەد حاجی).
* ساڵی (١٩٧٢) پیلانی بەعس بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی بارزانیی نەمر بەهۆی بۆمبڕێژکردن و تەقینەوەی مەلاکانەوە کە بەدۆڕان کۆتاییی هات.

گەورە وا دەبێ کە بە ڕەنجی شان
کۆی بکاتەوە، بیدا بە میوان
خۆزگە ئەعیانی بێ مەعاش ئەبوو
ئەوسا ئەم خەڵکە بێ تەلاش ئەبوو

* کودەتاکەی (١٧)ی تەممووزی (١٩٦٨) لەلایەن بەعسی عێراقەوە.
* ساڵی (١٩٧٩) لادانی سەرکۆمار ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و دانانی سەدام حوسێن لە شوێنی.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٨)دا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان بەردی بناغەی ئوتێلی (أربيل روتانا)ی دانا کە وەزیری گەشتی لبنان و لێپرسراوانی هاوکاریی کاران بوو.

ئێستا ئەمانە، باویان نەماوە
هومای مەبعووسی وا بەهەواوە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٧)دا پەیمانی ڕێککەوتن لەسەر سنووری عێراق و ئێران ئیمزا کرا.
* ساڵی (١٩٤٠) و بەهۆی شەڕی جیهانیی دووەمەوە، فرانکلن ڕۆزفلت بۆ جاری سێیەم هەڵبژێردرایەوە بە سەرکۆماری ئەمەریکا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٦)دا شاعیر رەمزی (مەلا مارف) کۆچی دوایی کرد.

ئەگەر قابینە، جارجار نەگۆڕێ
سەودای وەزیری دەچێتە گۆڕێ
ئەوی کە پیشەی تەنافبازییە
یەکەم هەنگاوی وەزیربازییە

* ساڵی (١٩٢٤) بۆ یەکەم جار، هێزی چەکداری بەغدا داخیلی شاری سلێمانی دەبێت و کۆتا بە حکوومەتی کوردی دەهێنرێ و حوکمی (مەلیک)ی دەست پێ دەکات.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٤)دا لەشکری (شێخ مەحموود) دیسانەوە شاری سلێمانی چۆڵ دەکات.
* ساڵی (١٩٩٤) لەسەر داوای پەرلەمانی ئەوروپا، تەلاری پەرلەمانی کوردستان ئازاد کرا، پەرلەمانی کوردستانیش لە کۆبوونەوەی (١٩٤٤/٧/٢٥)دا هەڵوێستی خۆی دیاری کرد.

ئەو دڵەی حەسەد هەڵی ئەقرچێنێ
تامی فەرەحی بۆ خۆی نابینێ
مەسینەی مەسنەد ئاوڕشێن ئەکا
هەوای بانقە نەوت باوەشێن ئەکا

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥١)دا لە مزگەوتی حاجی حان بە موجبی ئیرادەی ملکی ئیجازەی علمی جهتی تدریس درا بە (مدرس شهیر سید ملا عبدالکریم)ی مودەریس و گەلێک کەس لەو ئاهەنگەدا ئامادە بوون.
* بڵاوبوونەوەی کۆواری هیوا لە بەغدا ساڵی (١٩٥٧).
* ساڵی (١٩٦٩) بۆ یەکەم جار (ئارمسترۆنگ)ی ئەمەریکایی پێی نایە سەر مانگ.
* ساڵی (٢٠٠٥) بۆ یەکەمین جار لە مێژووی شاری سلێمانی (فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی) کرایەوە و دەستبەکار بوو (کۆواری سلێمانی، ژ ٦٠، ل ٣٠).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٨)دا (مەسعوود بارزانی) پێشوازیی لە وەفدێکی بەرزی ئەمەریکایی لە سەلاحەدین کرد بە سەرۆکایەتیی باڵیۆزی ئەمەریکا لە بەغدا کرۆکەر و دوو باڵیۆزی تر جارلس و تۆم کریجسکی.

هەر علیمە داوای، بکەی عەیب نییە
چاو بەرەوژێری، لەزەتی چییە؟
داخم ئەو داخە، ئێمە بەو حاڵە
ئەمانە ئەڵێین لای خەڵک تاڵە

* هەڵبژاردنی کۆمەڵەی کوردستان ساڵی (١٩٢٢) لە مزگەوتی سەی حەسەن لە شاری سلێمانی بە سەرۆکایەتیی حاجی مستەفا پاشا. ئەندامەکانیش: (رەفیق حیلمی، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ، ساڵح ئەفەندی قەفتانچی، فایق بەگی مارف بەگ، حاجی ئاغا فەتحوڵا، عیزەت بەگی وەسمان پاشا، شوکری عەلەکە...).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٤)دا (مەحموود ئەفەندی قادر ئاغا) لە کاتی ئینگلیزەکاندا، بوو بە سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی.
* تیپی پێشڕەوی شانۆیی لە شاری سلێمانی ساڵی (١٩٧٣) دامەزرا.

کە چاو  ببڕێتە، دەسێندەی خەڵکی
ئەکەویە ژێربار، دیارە بێ کەڵکی
کـــەواتە بەدکـــار یا پایەبەرزێ
دڵی وەک گـــونی هەژار ئەلەرزێ

* ساڵی (١٩٥٤) یەکەم کۆنگرەی جووڵانەوەی ئاشتی (حرکة السلم في العراق) بەسترا بەبێ ئاگەداربوونی حکوومەت.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٤)دا شامل یەعقوبی بوو بە (متصرف - پارێزگار)ی سلێمانی و زۆر نەمایەوە لە (١٦/ ٩/ ١٩٥٤)دا گوێزرایەوە.
* ساڵی (٢٠٠٣) (عودەی و قوسەی) هەردوو کوڕی سەدام حوسێن، لە ماڵی خزمێکیان لە مووسڵ لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە کوژران.

هەندێ سروشتی بنچینەی بەدە
ئەوە چاک نابێ دەستی لێ مەدە
ئێستری چەمووش چاکەی پێ ناوێ
لەسەر ئالیکیش جووتە ئەهاوێ

* ساڵی (١٩٣٤) لەسەر بانگهێشتنی پیرەمێرد، حوسێن حوزنی موکریانی دێتە سلێمانی، گەلێک زانیاری هەمەلایەنەی لەسەر سلێمانی کۆ دەکاتەوە کە لە بەرگی دووەمی کتێبی (سلێمانی شارە گەشاوەکەم)دا (ل١٤٨– ١٥٧) بڵاو کراوەتەوە.
* شۆڕشی یۆلیۆ لە میسر (١٩٥٢) بە سەرۆکایەتیی (جەمال عەبدولناسر).
* ساڵی (١٩٩٩) کۆچی دواییی مەلیک (حەسەنی مەغریب).

تا بەچاوی خـــۆت چشـــتێ نەبینی
ڕاســـتی مـــەزانە، علم الیـــقـــینی
تۆ پاک دەروون بە، گوێ مەدەرە کەس
گوێ لە واتەی حەق بگرە ئیتر بەس

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٣)دا پەیمانی لۆزان مۆر کرا و کورد لەو مافانەی لە پەیمانی (سیڤەر)دا دەستی کەوتبوو، بەگوێرەی پەیمانی لۆزان سڕدرایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٤)دا مێژوونووسی گەورەی کورد (محەمەد ئەمین زەکی) کە ئەفسەرێکی بە توانا بوو گەڕایەوە بۆ عێراق دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی کرایە سەرۆکی ئەکادیمیای سەربازی لە بەغدا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٠)دا داوای مافی ڕەوای کورد لە برووسکەیەکدا بۆ مەندوبی سامیی بەغدا لەلایەن حەپسەخانی نەقیب، حلاوە خانی ژنی ڕەمزی فەتاح، ئامینە خانی غەفوور ئاغا، ناهیدەی ساڵح ئەفەندی و حەپسەخانی قادر ئاغاوە کرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٧)دا سەرۆک (مەسعوود بارزانی) لەگەڵ سەرۆک و ئەندامانی دادگەی تەمیزی کوردستان و دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس کۆ بووەوە بۆ دانانی سنوورێک بۆ توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٧)دا مامۆستای ئەدیب و نووسەر خاوەنی چاپخانەی کوردستان گیوی موکریانی کۆچی دوایی کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨١)دا مامۆستای گۆرانیی کوردی (عەلی مەردان) کۆچی دوایی کرد.

شەربەت هەرچەند خۆی شیرین دەنوێنێ
هەر ئاو تینوویێتی تەواو ئەشکێنێ
چیت لە دڵدایە، زمانت وابێ
هەوڵی ئەوەت بێ، واتەت ڕەوا بێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٧٩٧)دا گەڕۆک (رحالة)ی بەریتانیایی جاکسۆن هاتووەتە مووسڵ و دەڵێت: مووسڵ شارێکی قەرەباڵغە لە دانیشتوان بەڵام زۆربەیان کوردن (الصوت الاخر، ژ ٢٠٦، ل ١٨).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٠)دا شۆڕشی عێراق دژی ئینگلیز دەستی پێ کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٦)دا تا ڕۆژی ١٩٣٧/٩/٣٠ (ناجی علی هورمری) لە تورکمانەکانی کەرکووک، جێگری (متصرف – پارێزگار)ی شاری سلێمانی بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٥)دا کۆچی دوایی (خالید بکداش) کە کوردی سووریا و ڕێبەری حزبی شیوعیی سووریا بوو.
* هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێم لە ساڵی (٢٠٠٩) لەو ڕۆژەدا کرا لیستی کوردستانی (پارتی و یەکێتی) زۆربەی دەنگیان هێنا و دوای ئەوان گۆڕان. (مەسعوود بارزانی) بووەوە بەسەرۆکی هەرێم بە هەڵبژاردن.

لە قسەی خەڵکا زوو هەڵ مەدەرێ
ڕەوایە ئەوسا، بتکەنە دەرێ
کە شەڕانیت دی، پێی بڵێ بەگم
وەرمەزیارت دی تۆ بڵێ لەکم

* ساڵی (١٩٢٦) تورکیا بەرەسمی دەستی لە ولایەتی مووسڵ کێشایەوە بەرامبەر بە (١٠٪) نەوتی مووسڵ. (سەرچاوە: ڕۆژی کورد لە مێژوودا).
* ساڵی (١٩٣٠) تورکیا بەرەسمی باڵیۆزی بەریتانیا ئاگەدار دەکاتەوە لە ئەنقەرە کە تورکیا نارەزایە لەو یارمەتییانەی بارزانییەکان کە هەڵسابوون پێی بۆ یارمەتی (شۆڕشی ئاگری داغ) لە کوردستانی باکور.
* ساڵی (١٩٩٧) کۆنگرەی چوارەمی حزبی شیوعیی عێراقی لە کوردستانی عێراق بەسترا.

هەرچی چاکەی کرد، چاکەی دێتە ڕێ
درەخت بنێــژی، دیارە بەر دەگــرێ
جاران پیاوخراپ سەری شۆڕ ئەبوو
ئێستا سەربەرزە وەک کۆتری هاقوو

* ساڵی (١٩٥٨) دەرچوونی دەستووری کاتیی عێراق لە سەردەمی خوا لێخۆشبوو عەبدولکەریم قاسمدا کە ئاماژەی کردووە بە بەشداربوونی کورد و عەرەب لە نیشتمانی عێراقدا.
* فیستیڤاڵی شەشەمی خوێندکاران و لاوانی جیهان لە شاری (ڤیەننا) ساڵی (١٩٥٩) دەستی پێ کرد تا شەشی ئاب و لە هەمان کاتدا کۆنگرەی چوارەمی خوێندکارانی کوردی ئەوروپا هەر لە شاری (ڤیەننا) گیرا و مەلا مستەفای بارزانی و کامل چادرچی و عەزیز شەریف و محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری ئامادە بوون (کۆواری سلێمانی، ژ ٣٧، ل ١١).
* ساڵی (١٩٦٦) عەبدوڕەحمان بەزازی سەرەک وەزیرانی عێراق بە دیدارێکی ڕەسمی دەچێتە مۆسکۆ و چەند پەیمانێک لەگەڵ حکوومەتی سۆڤیەت دەبەستێت کە ئەمەش بوو بەهۆی ئارامبوونەوەی ئەو گرفتانەی ئەوسا هەبوون. (سەرچاوە: ڕۆژی کورد).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٠)دا کۆچی دواییی شای پێشووی ئێران لە میسر.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٧)دا کۆچی دواییی شاعیری گەورەی عەرەب و دۆستی دێرینی کورد محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری لە شام. (شعب دعائمه الجماجم والدم... تتحطم الدنيا ولا يتحطم).

چڵکە هەورێ دێ بە پرتە وو تاو
لە پاش سەعاتێ ئەیکا بەلافاو
کەچی لە پڕێک ئەیکا بە هەساو
ئارام ناگرێ لە تینی هەتاو

* ساڵی (١٩٣٠) کەسایەتییە کوردەکانی شاری سلێمانی سکاڵانامەیەک پێشکێش بە (عصبة الامم) دەکەن، تێدایە داوای دەوڵەتی کوردی دەکەن.
* ساڵی (١٩٦٩) چەند سەرباز و جاشێکی ڕێژیم هەڵدەکوتنە سەر (دێری ئەلقوش) لە کاتێکدا برا مەسیحییەکان نوێژیان دەکرد، لەو هێرشەدا (قەشە دەنۆ ئەلقوشی) کوژرا، جگە لە بریندارێکی زۆر بە بیانووی یارمەتییان بۆ شۆڕشی بارزان.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٤)دا زانای ئاینی مامۆستا (مەلا عەبدولەجیدی گراوی) کۆچی دوایی کرد.
* ساڵی (١٩٩٧) بەستنی کۆنگرەی چوارەمی (یەکەتیی ئافرەتانی کوردستان) لە هەولێری پایەتەخت لەژێر دروشمی یەکسانیدا.
* ساڵی (٢٠٠٩) دزینی شەشملیارونیو دینار لە بانقی ڕافیدەین (زویە) لە بەغدا، دوای کوشتنی هەشت لە گاردەکانی، دووان لە گاردەکانی نائیب سەرکۆماری (عەبدولەهەدی) گوناهبار کران.

ئەوی حەقناسە و، بە حەق رازییە
چ ئیحتیاجێکی، بە شا و قازییە
چەند خۆشە ئینسان بە ڕوویەکی پاک
دۆست و بێباک بێ لە کردەوەی چاک

* ساڵی (١٩٦٨) کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعیی عێراق بەیاننامەیەکی دەرکرد، تێیدا داوای لە حکوومەتی بەعس کرد: ڕەچاوی دیموکراتییەت و ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد بکات.
* ساڵی (٢٠٠٢) حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕەسمی هەڵمەتی نیشتمانیی دەست پێ کرد بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری (مكافحة الامية).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٤)دا بیست کەسێک بەناوی بابانەوە بە ڕابەرایەتیی جەمال بابان و د. فوئاد بابان چوونە (سەری ڕەش) خزمەت سەرۆک مەسعوود بارزانی کە بە گەرمی پێشوازیی لێ کردن نزیکەی (٣) سەعات مانەوە و باسی باری گشتی و تایبەتیی کوردستان کرا.

زرێی زانینت، کە کردە بەرت
تاجی ئەدەبیش، بنێرە سەرت
ئەوەتا بەدگۆ لە پیاوچاک ئەدوێ
دەستە چەورەکەی بە خەڵکا ئەسوێ

* کۆچی دوایی بەشیر موشیر ساڵی (١٩٦٣).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٨)دا کۆواری شارەوانیی سلێمانی بە ناوی (سلێمانی)یەوە دەرچوو کە تاکو ئێستاش بەردەوامە و دەستەی نووسەران: ( جەمال بابان، مەلا محەمەدی کوردی، موحەڕەم محەمەدئەمین، نووری وەشتی... بوون).
* ساڵی (١٩٨٣) ئەنفالکردنی هەشت هەزار بارزانی لە ئۆردوگاکانی (قوشتەپە، بەحرکە، حەریر، دیانا) تۆڵەی دەستوەشاندنی پێشمەرگە.

چەرخ و فەلەکی جەژن دانرا
هەر کورسییەکی بە یەکێک درا
کەوتە گڕ و خول وەک چەرخی دەوران
یەکێک لە زەمین یەکێک لە عاسمان
کەچی بە سووڕێ لەگەڵ کەوتە گەڕ
سەرووی خستە ژێر، ژێری خستە سەر

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٠٨)دا دامەزراندنی دیدەوانی (کشافة) لەلایەن (سیر روبرت بادن باول)ی ئینگلیزییەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٣)دا ڕێژیمی بەعس ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە بارزانییەکان و ئەوانەی لەگەڵ بارزانیدا بوون لە یەکەتیی سۆڤیەت ژمارەیان (٤٨) قارەمان بوون، هەموویانی لە ئەنفالدا لەناوبرد لەوانە بۆ نموونە: (جومعە مستەفا یوسف، حەجی مەلا عەلی سلێمان، خەمو شەمرین بایزدین، سەعید عومەر جەمیل، ئەحمەد بریندار چیچو، ئیسماعیل شێخ ئۆمەر ئیسماعیل).

لەگەڵ خوادا، سەرڕاست بی چاکە
هیچ لەو ون نابێ، خراپە و چاکە
لەگەڵ خەڵکیدا، ئینصاف بنوێنە
هەتا دەتوانی نەفست بشکێنە

**Wednesday 1**
August 2012
١٠ خەرمانان ٢٧١٢

**چوارشەممە ١**
ئاب ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٠)دا(شێخ مەحموودی نەمر) لەگەڵ چەند نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆزدا داوای دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردییان لە بەریتانیا کرد بەڵام بەداخەوە وەڵامێکی ئەوتۆ دەستگیر نەبوو.
* داخستنی کۆواری گەلاوێژ، یەکەم کۆواری کوردی لە ساڵی (١٩٤٩)دا، کە دە ساڵ بەردەوام بوو لە خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦١)دا هەتا (١٩٦٣/٦/٩) ئەندازیار (حەمە ساڵح ژاژیلە) جێگری سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی بووە.
* ساڵی (١٩٥٦) دامەزراندنی کۆمەڵەی (خوێندکارانی کورد) لە ئەوروپا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٦)دا دەرچوونی یەکەمین کۆواری (گولان العربي) لە هەولێری پایەتەخت کە تا ئێستاش بەردەوامە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٦)دا کۆواری (بابان) کە کۆوارێکی ڕۆشنبیریی ئەدەبی خاوەنی ئیمتیازەکەی (جمال بابان)ە لە شاری سلێمانی بە کوردی و عەرەبی دەردەچێ. شایانی باسە تا مانگی حوزەیرانی (٢٠٠٩) (١٠) ژمارەی لێ دەرچوو. بابان کۆوارێکی وەرزییە هەر ٣-٤ مانگ جارێک دەردەچێ.

هەموو ئەیزانین یەکێتی چاکە
دوو کەس یەک کەوێ سێ کەس غەمناکە
ئەگەر مەجلیسی میللی نەگۆڕێ
سەودای مەبعووسی ئەچێتە گۆڕێ

* سەفەربەر واتا دەستپێکردنی شەڕی گەورەی جیهانیی یەکەم لە ساڵی (١٩١٤)دا کە تاکو ساڵی (١٩١٨)ی کێشا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٢)دا ژمارە (٦)ی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان و دوا ژمارەی (١٤) لە (٦/٨/ ١٩٢٣)دا دەرچوو، سەرنووسیار حاجی مستەفا پاشا بوو، رەفیق حیلمی، شێخ نووری شێخ ساڵح، عەلی کەمال باپیر دەستەی نووسەران بوون.
* دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆواری (بڵێسە) شاری سلێمانی ساڵی (١٩٥٩) لەلایەن سەندیکای مامۆستایانەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٠)دا هێرشی سوپای سەدام حوسێن بۆ سەر دەوڵەتی کوێت دەستی پێ کرد.
* ساڵی (١٩٩٩) لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بڕیار درا ئامۆژگایەکی پزیشکیی نێودەوڵەتی لە هەڵەبجە دامەزرێنرێت بە سەرپەرشتیی (ئەمەریکا و سوێد و سویسرا) و چەند لایەنێکی تری خێرخواز.
* نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق سەردانی کوردستانی کرد لە هاوینەهەواری دوکان و لەگەڵ مام جەلال و مەسعوود بارزانی کۆ بووەوە و باسی ئیجابی لە کێشە هەڵواسراوەکانی کوردستانەوە کرا.

بۆ هەژار دڵسۆز، بۆ گەورە حورمەت
بۆ لە خۆت خوارتر، لوتف مەرحەمەت
لەگەڵ خەڵکیدا ئینصاف بنوێنە
هەتا ئەتوانی نەفست بشکێنە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٢)دا دیسانەوە ئینگلیز بۆردمانی شاری سلێمانیی کرد ، (شێخ مەحموود) و هێزەکەی بەرەو ئەشکەوتی جاسەنە کشانەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٠)دا هەتا ڕۆژی (١٩٥١/١٢/١) (ڕەشید غەفوور) سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی بووە.
* ساڵی (١٩٦٧) خۆپێشاندان لەلایەن پارتی دیموکراتی تورکیاوە لە شاری (سیواس – دیاربەکر) کە هەزاران کورد بەشدا ربوون تێیدا .

بۆ دۆست ڕابەر بە، بۆ دوژمن بە حیلم
بە تەواضع بە، لەگەڵ ئەهلی عیلم
ئەگەر پەڕۆیەک لە خۆت دادڕی
ئەتوانی سەری تەماع ببڕی

* جەژنی (کان شوزهلی) جەژنی سابیئە بۆ یەک ڕۆژ.
* ساڵی (١٩٣٣) هێرشی هێزی عێراق بۆ سەر ئاسوورییەکان کە ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٠)دا نووسەری گەورەی کورد و سەرۆکی باڵای (هیوا) مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا، کە لە ساڵی (١٨٩٨)دا هاتبووە دنیاوە.

بەوە دڵخۆش بە، کە لێت بپچڕن
نەک پارەت بەنێ و مەردیت بکڕن
زەعیم ئەوەیە، شێوەی شەمعی بێ
خۆی بسووتێنێ، نەفعی جەمعی بێ

* ساڵی (١٩٣٠) ڕاپەڕینی (حاجۆ) لە کوردستانی سووریا.
* ساڵی (١٩٥٧) بەستنی یەکەمین کۆنگرەی (پارتی دیموکراتی کورد) لە سووریا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٨)دا هەتا ڕۆژی (٢٤/ ١٢/ ١٩٦١) شەهید (شاکر فەتاح) سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی بووە.
* ساڵی (١٩٧٠) بەستنی سێیەمین کۆنگرەی یەکەتیی مامۆستایانی کوردستان لە گوندی ناوپردان نزیکەی (٢٠٠) ئەندام بەشدار بوون.

تا تاڵ و ســـوێریی دنیـــا نەچێـــژی
هـەر چـیـت هـاتـە دەم، ئـەوە ئـەیـەژی
زۆرمـان دی ویستـی، دۆستـی خـۆی بخـا
کـــاتێکمـــان زانـی وەک دیـوار ڕووخـــا

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٧)دا گۆرانیبێژی بەناوبانگ و یەکەمین خاوەن دەنگی بەسۆزی کوردی ئێران (سەی عەلی ئەسغەری کوردستانی) کۆچی دوایی کرد.
* ساڵی (١٩٤٥) بۆمبارانی ئەتۆمی (هیرۆشیمای یابان) لە کۆتایی شەڕی جیهانیی دووەمدا لەلایەن ئەمەریکاوە، کە هەزاران کەسی کوشت و کەمئەندام کرد.
* ساڵی (١٩٩٩) بە چاودێریی هەردوو حکوومەتی ئەمەریکا و سویسرا کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لەبارەی هەڵەبجە لە (جنێڤ)ەوە بەسترا.

بە قاڵکراوی، کە هاتیە کایە
گوێزت لێ بار کەن، خرەت لێ نایە
کەچی هەندێکیش دەست بەتێلایە
هیچ ناڵێ ڕۆژگار، ڕۆژی لە دوایە

* ساڵی (١٩٣٨) کۆتاییی دووەمین شۆڕشی دەرسیم لە کوردستانی تورکیا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٤)دا، کوردپەروەری پاک و ڕاست (مارف جیاووک) بوو بە (متصرف – پارێزگار)ی شاری سلێمانی و هەتا ڕۆژی (١٩٤٦/٤/٣) مایەوە.
* ساڵی (١٩٧٢) کۆچی دواییی سیاسەتوان و شاعیری گەورەی کورد (قەدری جان) نووسەری داستانی بارزانی و پێشمەرگەی شۆڕشی ئارارات.
* ساڵی ١٩٨٧ تۆمارکردنی داستانی بەناوبانگی (ئەحمەداوا) لەلایەن پێشمەرگەوە.

هەندێ کەوتوونە، سەودای مەبعووسی
زۆریان هەوڵ دا، خــــودا نەینووسی
ئێــســـتــا ئەمــانە باویان نەمــاوە
هومــای مـــەبعـــووسی وا بە هەواوە

## Wednesday 8
August 2012
١٧ خەرمانان ٢٧١٢

## چوارشەممە ٨
ئاب ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٦)دا (شێخ حەسەن تاڵەبانی) بوو بە (متصرف – پارێزگار)ی شاری سلێمانی هەتا ڕۆژی (١٩٤٨/١/١٧) مایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٦)دا بلەرزەی پێنجوێن ڕووی دا، (وەصی عەبدولئیلاھ) چوو بۆ پێنجوێن و یارمەتیدان دەستی پێ کرد.
* ساڵی (١٩٨١) دامەزراندنی پارتی سووسیالیستی کوردستانی عێراق.
* ساڵی (١٩٨٨) وەستانی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٨)دا سەرۆک (مەسعوود بارزانی) سەردانی کەرکووکی کرد و لەگەڵ زۆربەی لایەنە سیاسی و جەماوەری و ئاینیدا کۆ بووەوە.

ئەگەر رەفیقت، کەوت دەستی بگرە
هەرچی بێ ئەویش، ئەوەی لە فکرە
بە هەوەس دڵی خەڵکی مەشکێنە
بە هەوا سەودای بەرزی مەنوێنە

* ساڵی (١٥١٥) میرنشینە کوردییەکانی تورکیا بەهیمەتی مەلا ئیدریس بەتلیسی ڕێککەوتنیان لەگەڵ سوڵتان سەلیمی عوسمانی مۆر کرد کە جۆرە فیدراڵییەتێکیان هەبێ و بە ئاشتی بژین.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٠)دا جێگری سەرەک وەزیرانی عێراق (جەعفەر پاشای عەسکەری و وەزیری ناوەخۆ جەمیل مەدفەعی و وەزیری عەدلیە، جەماڵەدین ڕەشید بابان) هاتن بۆ شاری سلێمانی بۆ وتووێژ لەگەڵ پیاوە ناسراوەکانی شاری سلێمانی کە داوای مافی کوردیان دەکرد، هێشتا شەڕی ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوول ڕووی نەدابوو.
* ساڵی (١٩٤٥) بۆردمانی ئەتۆمیی شاری ناگازاکی لە یابان و لەلایەن ئەمەریکاوە دەست پێ کرا کە هەزاران کەس گیانی لەدەست دا.

باز هەڵدەن، مەبعووس پێی بێتە کایە
بەڵام باز چاوی، لە گۆشتی گایە
ئایەی مەبعووسیش لە قورئانایە
(یوم عظیم)ی، بۆیە لە دوایە

* ساڵی (١٩٢٠) پەیمانی سیڤەر مۆر کرا بە گوێرەی ئەو پەیمانە مافی پێکهێنانی (کیان)ێک واتا دەوڵەتێک بۆ کورد بەمافێکی رەوا دانرا بەڵام لە دواییدا پەیمانی لۆزان ئەو مافەی سڕییەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦١)دا (عەبدولهادی ساڵح) کە ئەفسەرێکی سوپا بوو، بوو بە (متصرف – پارێزگار)ی شاری سلێمانی و هەتا (١٩٦٣/٥/١٦) مایەوە. پیاوێکی ئیشکەر بوو زیاتر شارەکەی ڕووناک کردەوە. بۆیە ناویان نا گڵۆپ پاشا.
* ساڵی (١٩٨٧) رەفسنجانی سەرکۆماری ئەوسای ئێران لە لێدوانێکی دا بۆ ڕۆژنامەی (دی فیلت ئەڵمانیایی) دەڵێت: ئێمە دژی دانی ئۆتۆنۆمین بە کوردی عێراق بدرێت، چونکە ئەوە گرفت بۆ ئێمە بەرامبەر بە کوردی ئێران دروست دەکات.
* ساڵی (٢٠٠٩) تەقینەوەی دوو شاحینە لە دێی خەزنەی نزیک مووسڵ بوو بەهۆی کوشتنی (٢٣) و برینداربوونی (١٣٨) کەس.

هەندێ کە پیاو کەوت، پێی ئەڵێن کەرە
هاتەوە ڕووی کار، ئەڵێن جەوهەرە
لەگەڵ ئەوەشا نەفس زۆردارە
لووتی لە گۆشەی قەناعەت خوارە

* ساڵی (١٩٣٠) ڕۆژنامەی (الرابط العربي) عێراقی وتاری (ئیمام قاسم و ئیسماعیل حەقی) چاپ کرد و بڵاو کردەوە کە تورکیا لە ڕووداوێکدا گازی کیمیایی بەرامبەر بە کورد بەکار هێناوە.
* شەهیدکردنی (بەکر سدقی) لە مووسڵ بە دەسیسەی ئەفسەرە شۆڤێنییەکانی مووسڵ ساڵی (١٩٣٧) لەلایەن سەربازێکی تەلەعفەرییەوە.
* ساڵی (١٩٩٨) تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە نایروبی و دارولسەلام لە ئەفەریقیا.

گەورە ئەوەتا، چاکەی بۆ عام بێ
نەک دەوروپشتی، خۆی لێ بەکار بێ
ناڵبەندی کەوتە دەست وەستای گەدا
هەندێ لە ناڵ و لە بزمار ئەدا

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٤)دا سوپای عێراق داخیلی سلێمانی بوو. شێخ مەحموود شاری چۆڵ کرد بەرەو مەریوان لە ئێران ڕۆیشت.
* ڕۆژی گەنجانی جیهان (اليوم العالمي للشباب).
* ساڵی (١٩٧٤) کۆبوونەوەی نێوان سەدام و شای ئێران بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد لە ئەستەمبۆڵ لە دواییدا ڕێککەوتنەکە گەیشتنە ١٩٧٥/٣/٦ کە لە جەزائیر نێوان هەردوولا مۆر کرا و کوردیش سەرسەختانە لەوسا بەهێزتر مایەوە.

وا بزانە کە تۆیش، مەبعووسێک بووی پار
خاوەن کەش و فش، ئۆتۆمۆبێل سوار
ئەوەیە لەسەر کار، دەورت ئەگرن
ڕۆژی دە کەرەت لەبەرت ئەمرن

* ســـاڵی (١٥٩٦) یاخـــۆ (١٥٩٧) هەر لەم ڕۆژەدا یـەکـــەم مــێـــژوونـووسی کـــورد (شەرەفخانی بەتلیسی) لە نووسینی بەرگی یەکەمی کتێبی شەرەفنامە بووەوە.
* کـۆچی دواییی مـامـۆسـتـا و بەڕێوەبەری (مـعارف) (ڕەشـیـد زەکی کابان) سـاڵی (١٩٤٠) کە لە ساڵی (١٨٧٦)دا چاوی بەدنیا هەڵهێناوە.
* (أبراهیم عاصم الحیدري) زانا و خـاوەنی چەند بەرهەمێکە بە کوردی و عـەرەبی و تورکی سـاڵی (١٩٢٤) بـوو بە وەزیری ئەوقـاف و ئەندامی ئەنجـوومـەنی (أعیـان)ی عێراقی.

ساڵێک مـەبعووسێ رەئیی بۆ درا
کـــەچی یەکـــێکی تر داخڵ کـــرا
ئەوی کــە پـیـشـــەی تەنافـبـــازییــە
هەوەڵ هـەنگاوی دەڵەتـخـــوازییـــە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢١)دا (الحزب الوطني العراقي) بە سەرۆکایەتیی (محەمەد جەعفەر ئەبو تمەن) پێک هات.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٩)دا کۆواری گەلاوێژ دوای دە ساڵی تەمەن کە لە (١٩٣٩)دا دەرچوو لەگەڵ زیاتر لە سێسەد کۆوار و ڕۆژنامەی تر لە عێراقدا کۆتا بە تەمەنیان هێنرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٥)دا لە کوردستانی عێراق هەزاران کورد لە شاری سلێمانی و کەرکووک و هەولێر و دهۆک داوایان کرد مافی (تقریری مصیر)ی کورد بخرێتە دەستوورەوە.

نسیب و قسمەت، عیلمی غەیبییە
ئەحمەر و ئەسوەد، چابووک دەستییە
زۆری واش هەیە، گێرەشێوێنە
لەناو نۆ مەنجەڵ، شیرا هەوێنە

* لەم ڕۆژەدا (ئینجیل)ی پیرۆز هاتووەتە خوارێ بۆ (یسوع).
* لەدایکبوونی (ناپلیۆن پۆناپارت) ساڵی (١٧٦٩).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٤)دا نزیکەی سەد کەسێک بەناوی بابانەوە بەڕابەرایەتیی (جەمال بابان) و (د. فوئاد بابان) و (جەمال ئەحمەد بەگی دارەشمانە) چوونە خزمەت جەنابی مام جەلال لە قەلاچوالان کە بەگەرمی پێشوازی کران و داواکارییەکانی خۆیان پێشکێش کرد ئەوەندەی پێوەندیی بە بابانەوە هەبێت، ئەو بەڕێزەش قسەی جێبەجێکردنی پێ دان... دوای ئەوە یەکێکیان جێبەجێ کرا و باقییەکانی هیچ.

لە ئادەمـــــەوە، تا ئەم زەمـــــانە
ڕێگای خێر و شەڕ بەدەست ژنانە
تا دەورێ نەبێ کە پیاو بۆ ئیش بێ
ئەبێ هەر باوی پیاوی بێ ڕیش بێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٣)دا شاری سلێمانی بەفڕۆکەی ئینگلیز بۆردمان کراوە.
* دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ. ک) لە کوردستانی ئێران ساڵی (١٩٤٢).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٦)دا (پارتی دیموکراتی کورد) دامەزرا بە سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥١)دا خولەپیزە کوژرا.

کۆنە دەماغان، هەروا نادانن
هیچ قەدری جنسی، لەتیف نازانن
بۆرەپیاو گاڵتەی کرد بە کۆنە بەگ
گورگ پیر بوو ئەبێ بە مەسخەرەی سەگ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٥)دا ئەندەنووسیا سەربەخۆیی بەدەست هێنا و لە پیاوە ناودارەکانی (ئەحمەد سوکارنۆ) بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥١)دا (مەلیک عەبدوڵلای یەکەم) مەلیکی (شرق الاردن) کوژرا.
* ساڵی (١٩٦٣) ڕۆژنامەی (الاهرام)ی میسری وتاری (محەمەد حەسەنێن هەیکەلی) بلاو کردەوە کە گوایە سەرۆک (جەمال عەبدولناسر) هێرشی کردووەتە سەر ڕێژیمی عێراق کە لەگەڵ تورکیا و ئێران پەیمانیان دژ بە کوردەکان بەستووە.

ئەلفی مورادت، فرێ دا مەردی
شوێن مراد کەوتی، بۆ پارە مردی
مادام کە پارە ئەڵێن عەیبپۆشە
هەرچی بۆ بکرێ دیارە کە خۆشە

**Saturday 18** | **شەممە ١٨**

August 2012 | ئاب ٢٠١٢

٢٧ خەرمانان ٢٧١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٤)دا یەکەم ژمارەی ساڵی یەکەمی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) دەرچوو ، دوا ژمارەی کە (٥٦) دەکات لە (١٤/ ١/١٩٢٦)دا دەرچوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨)دا خێرخواز و خۆشەویستی شاری سلێمانی (عەبدولکەریمی عەلەکە) دنیای لە بەغدا جێ هێشت.

کەعبە بناغەی، برایمی خەلیلە
دڵ نەزەر گاهی، ڕەبیی جەلیلە
ئەگەر خوا رزقی بە نوێژ بدایە
ئەشیا غەیرە دین، نانی نەبوایە

* ساڵی (١٩٥٣) دوای دەرکردنی شای ئێران لە سەردەمی حوکمی دوکتۆر موسەدەق، جارێکی تر بە پشتیوانیی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە سەر تەختی شاهی.
* ساڵی (١٩٧٩) دەستپێکردنی شەڕی نێوان کوردەکانی ئێران و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.
* ساڵی (١٩٩٢) (فرانسو میتران) سەرکۆماری فەرەنسا پێشوازیی لە (سەرۆکەکانی پارتی و یەکێتیی کورد) لە کۆشکی ئەلیزێ کرد.
* ساڵی (٢٠٠٩) زنجیرە هێرشێک لەلایەن دوو شاحینەوە لە بەغدا بەرامبەر هەردوو وەزارەتی دارایی و دەرەوە، بوو بە هۆی کوشتنی (٩٥) و (٥٦٥) بریندار، ئەمە بوو بە ڕۆژی چوارشەممەی ڕەش.

گا، لەسەر پشتی، ماسی دانرێ
ترەکەڵەکی، دیارە سەرناگرێ
کە لە بەهەشتا ئادەم بۆی دەرچوو
بە سەیران نەبوو، بەدەرکردن بوو

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٧)دا (ئەمین زەکی بەگ)ی وەزیری معارف، بەردی بناغەی قوتابخانەی کچانی لە شاری سلێمانی نزیک مزگەوتی گەورە دانا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٧)دا، زانای ئاینی (مەلا عەبدولعەزیزی موفتی) فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا، کە ساڵی (١٨٧١) هاتبووە دنیاوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٤)دا هەتا ڕۆژی (١٩٥٦/٨/٥) (فایەق هۆشیار) سەرۆکی شارەوانیی شاری سلێمانی بووە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٩)دا بۆ جاری دووەم عەبدولوتەلیب ئەمین ئەلهاشمی بووەوە بە (متصرف – پارێزگار)ی شاری سلێمانی هەتا ڕۆژی (١٩٦٠/٥/٣) مایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٢)دا کۆچی دوایی مامۆستای بیرکاری (محەمەد عەلی مستەفا قەرەداغی)، کە لە ساڵی (١٨٩٦)دا هاتووەتە دنیاوە.
* ساڵی (١٩٨٢) بەستنی کۆنگرەی (PKK) لە کوردستانی باکور.

تۆ پاک دەروون بە و گوێ مەدەرە کەس
گوێ لە واتەی چاک بگرە و ئیتر بەس
خەرقەی زانستی، زەحمەت ئەدڕێ
سا مەگەر قەدەر هەناسەی ببڕێ

* لەدایکبوونی (د. کامەران عالی بەدرخان) ساڵی (١٨٩٥) لە شاری ئەستەمبۆڵ لە تورکیا و لە دواییدا هاتە سووریا و لەوێوە چووە لەندەن و لە کۆتاییدا لە پاریس جێگیر بوو.
* ساڵی (١٩٨٨) چۆڵ پێکردنی (دیبەگە)ی مەرکەزی ناحیەی کەندیناوە لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە بە یەک شەو کەسی تێدا نەهێشت.

خوا دایتێ، ئەهلی عیلمت پێ بڵێن
بە چرای (گەرچەک) لە دووت ئەگەڕێن
هەر خولقی چاکە، کە هیوای پێ بێ
پاش مەرگیش ئەڵێن ڕەحمەتی لێ بێ

* شۆڕشی (برایم خانی دەلۆ) لە کفری ساڵی (١٩٢٠).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٠)دا (کابتان گاون) موفەتیشی ئیداریی ئینگلیز جێگری (متصرف - پارێزگار) بوو هەتا ڕۆژی (١٩٣٠/٩/٢٧).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٧)دا (ئەرشەد محەمەد زێباری) کە ئەفسەرێکی سوپا بوو، کرا بە پارێزگاری شاری سلێمانی هەتا ڕۆژی (١٩٨٠/٨/٢٠) مایەوە.

تەلیسمی جامی چل کلیل دەرکەوت
کەر ئێسقان و سەگ کای کۆنی بەرکەوت
هەموو هەر ئەڵێن لە رەمەزاندا
جنۆکە حەپسن لە پشت کێواندا

**Thursday 23**
August 2012
١ گەلاوێژ ٢٧١٢

**٢٣ پێنجشەممە**
ئاب ٢٠١٢

* ساڵی (١٥١٤) سەرەتای دابەشکردنی کوردستان (بە بۆنەی شەڕی چاڵدێران) نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکان.
* فەیسەڵی یەکەم لەم ڕۆژەدا لەسەر تەختی پاشایەتیی عێراق ساڵی (١٩٢١) دانیشت و لە ساڵی (١٩٣٣)دا کۆچی دوایی کرد.
* (سەعد زەغلول)ی پێشەوای نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی میسر ساڵی (١٩٢٧) کۆچی دوایی کرد.
* ساڵی (١٩٩٥) دامەزراندنی (بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان) بە سەرۆکایەتیی خدر ڕووسی (سەرچاوە: ڕۆژی کورد لە مێژوودا).

چاکە و خراپە هەمووی بە خوایە
بازاڕی بەدگۆ زۆر زوو کۆتایە

* بەیانی هەیئەی (وطنیة) لە شاری سلێمانی کە ڕۆژی (١٠/ ئەغستۆس) ساڵی (١٩٣٠) مەندوبی سامی و رەئیس وزەرای عێراق بۆ موزاکەرەی مەسەلەی کورد دێن بۆ شاری سلێمانی. قەناعەتی تامەمان هەیە کە هەموو کورد یەک دڵ و یەک زمان لە داواکردنی ئەم هەقەدا پشتیوانمانن. تاریخ لاپەڕەکانی کردووەتەوە حەرەکاتمان تەسجیل دەکات پارێزگاری شەرەفی ڕابردوو و ناموسی داهاتوومان بەدەست فەیسەڵی حازرەوە ئێوەش خۆتان وەعدتتان. عزمی بابان، عەبدولقادر حەفید زادە، حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا و براکانیان.
* شەڕی (ستالینغراد) لە یەکەتیی سۆڤیەت لە نێوان ئەڵمانیای نازی و سۆڤیەتی شورەوی، ساڵی (١٩٤٢) لە کاتی شەڕی جیهانیی دووەمدا دەستی پێ کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٦)دا پێشانگەیەکی کشتوکاڵ و پیشەسازیی ئاژەڵداری لە سلێمانیدا بۆ ماوەی (٧) ڕۆژ کرایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٣)دا چل و هەشت ڕۆڵەی کوردی ئێران خەڵکی شاری مەهاباد لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لەدار دران (سەرچاوە: ڕۆژی کورد لە مێژوودا).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٥)دا(سەلاح بەدرەدین) نامەیەک ئاراستەی یاسر عەرەفات دەکات لەبارەی دەنگوباسی نیشتەجێکردنی فەلەستینییەکانەوە لە شوێنی کوردەکان لەلایەن حکوومەتی سووریاوە.

ئەوی ڕووگرژە، ئەو خەسارمەندە
ئەوی ڕووخۆشە ئەو دەوڵەمەندە
چڵکە هەورێ دێ بەداو و بە ناو
لە پاش سەعاتێ ئەیکا بە هەتاو

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٤)دا شاعیری ناسراوی کاکەیی (هجری دەدە) لەسەر بانگهێشتنی پیرەمێرد هاتووەتە شاری سلێمانی و لە ئەنجامدا کورتە مێژوویەکی شاری سلێمانیی بەناوی (توحفەی سلێمانی)یەوە نووسیوەتەوە کە لە بەرگی چوارەمی (سلێمانی شارە گەشاوەکەم) جەمال باباندا بڵاو کراوەتەوە. پیرەمێرد بەمجۆرە بەخێرهاتنی هجری دەدەی کردووە:

هجری دەدە هات بۆ سلێمانی
نەشئە و نەشیدە و سمێڵی هانی

* کۆچی دوایی شاعیر و زانای ئاینی مەلا مەحموودی موفتی (بێخود) ساڵی (١٩٥٥).

لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من
هەرچەند ئەگەڕێم بێ سەروشوێن ماوە دڵی من
ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من
یاخود بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من

* کۆچی دوایی زانای ئاینی (مەلا مەحمەوودی حاجی مەلا عەبدوڕەحمانی دەرمانکوت) ساڵی (١٩٥٥).
* لەم ڕۆژەی ساڵی ١٩٨٨دا کیمیابارانی ناوچەی بادینان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە کرا.

جاران ئەیانوت، ئەهلی شەرق وەحشین
لە چاو ئەوانا، ئێمە بێبەشین
کەی ئێمە بە بۆن خەڵکمان ئەخنکاند
کەی بە تەیارە، بۆمبامان وەشاند

* بەغدا: فەخامەتی مەندوبی سامی صورەتی بۆ فەخامەتی رەئیس وزەرا: تبدیلی موتەصەریف موغایری ئەفکارمان و سەبەبی تەئەثوری عومومیی کوردانە، ئیسترحام ئەکەین زوو ئیعادەی بفەرموونەوە: هەورامان ئەفراسیاب بەگی رۆستەم سوڵتان، مستەفای بەگی جەعفەر سوڵتان، حەمەئەمین بەگی مەحموود خانی دزەیی، شێخ محەمەدی شێخ حسامەدین ساڵی (١٩٣٠). وێنەی ئەو برووسکەیەیە، کە بەبۆنەی گواستنەوەی پارێزگاری ئەو رۆژەی سلێمانی (تۆفیق وەهبی)یەوە بۆ کاربەدەستانی بەغدا نێردرا.
* ساڵی (١٩٨٨) بوردمانکردنی ناوچەی هیران بە گازی کیمیایی لەلایەن رێژیمی بەعسەوە.
* ساڵی (١٩٩٧) مەکتەبی سیاسیی پارتی بەیاننامەیەک دژ بە رەفتاری (پ. ک. ک) بڵاو دەکاتەوە.

ئەوانەی ئەمڕۆ، بەدوومانەوەن
لەگەڵ لێ کەوتین، غەیبەت گێڕەوەن
گەرد و خولی ئەم ئاسمانە شینە
هەرچی لێ ڕوودا، دووری مەبینە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٩)دا کۆمیتەی سەرکردایەتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران شاری مەهاباد بەجێ دێڵن و ڕوو دەکەنە ناوچە شاخاوییەکانی سەر سنوور، (دکتۆر قاسملۆ)شیان لەگەڵدا بوو.

* ساڵی (١٩٩٤) پەرلەمانی کوردستان بۆ جاری دووەم بانگی مام جەلال و مەسعوود بارزانی دەکات و جەخت و پاڵەپەستۆ لەسەر هەردوولا دەکات بۆ سەرفیرازکردنی وەفدی پەرلەمان بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و دیاریکردنی پەلاماردەر و خەتابار.

پیاو ئەو پیاوەیە، بە چاکە پیاو بێ
نەک بە وەزیفە، ناوی بەناو بێ
خۆزگە ئەمزانی ئەم سرڕە چییە
ناوی هیچ کەسی لە ناوا نییە

* ساڵی (١٩٨٦) کۆنفرانسی هاوبەشی یەکەتیی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٠)دا دوای داگیرکردنی دەوڵەتی کوێت لەلایەن سەدامەوە، کوێت بە پارێزگای نۆزدەمی عێراق لە قەڵەم درا.

هی وامان هەیە، گەییە ئاسمان
کە هاتە خواری، کەوتە بەر زمان
ئەبینی دوو کەس بەیەک ئەشوبهێن
کەچی بەکردار، زۆر لە یەکتر جوێن

* ساڵی (١٩٤٨) بارزانی و هەڤاڵەکانی کە ئەو کاتە لە یەکەتیی سۆڤیەت پەنابەر بوون. لە (باکۆ)وە دەگوێزرێنەوە بۆ (تاشقەندی) پایەتەختی ئۆزبەکستان.
* دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا (المجمع العلمي الكردي) ساڵی (١٩٧٠) بە سەرۆکایەتیی مامۆستای ئەندازیار (ئیحسان شێرزاد) و ئەندامێتیی (شێخ محەمەدی خاڵ) و (د. ناجی عەباس) و چەند ئەندامێکی تر.

کە بەرگی کاریان نەما لە بەردا
کەسوکار پێیان ئەنێن بەسەردا
خوا ئێمەی ڕەنگ ڕەنگ سروشت داوە
ڕەنگی هیچ کەسی بە کەس نەداوە

**Thursday 30**
August 2012
٨ گەلاوێژ ٢٧١٢

**٣٠ ◆ پێنجشەممە**
ئاب ٢٠١٢

* کۆچی دوایی مامۆستا و مێژوونووس (ساڵح قەفتان) لە ساڵی (١٩٦٨).
* ساڵی (١٩٩٧) سەرۆکی حزبی (تەڤگەری سۆشیالیستی کوردستانی تورکیا) سەردانی پەرلەمانی کوردستانی عێراقی کرد و لەلایەن (جەوهەر نامیق)ەوە لە هەولێر پێشوازیی لێ کرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٩)دا داواکاری گشتیی ئیسرائیل سێ تاوانی گەندەڵی و دەستکەوتی ناڕەوای دایە پاڵ سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئیسرائیل (ئیهود ئولمەت).

لەوە بترسە، لە خوا ناترسێ
لە حەقی دۆست و ویژدان ناپرسێ
کەسی بەدکاریش ناوی ئەزڕێ
ئاگری دز تەنها، ساتی ئەگرێ

* (٣١/ ٨/...) هەر ساڵێک لەم ڕۆژەدا جەژن و شایی لە سەرتاسەری شاری (دەماوەند)ی کوردنشین لە ئێران بەرپا دەکرێت کە ئاماژەیە بۆ سەرکەوتن بەسەر پاشای زاڵم (زوحاک)دا و جلی جەژن دەپۆشن و جەژنە پیرۆزە لەیەک دەکەن.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٦)دا دانیشتوانی شاری سلێمانی سکاڵانامەیەکی پڕ بەڵگەیان پێشکێشی کاربەدەستانی بەغدا کرد لە دژی زوڵم و زۆر و بەرتیل خواردنی لێپرسراوی پۆلیسی ئەو سەردەمە کە معاون پۆلیسێکی چەکمەڕەق بوو.
* کۆچی دوایی چیرۆک و شانۆنووس و نووسەر مامۆستا (زەکی هەناری) ساڵی (١٩٦٧).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا پەرلەمانی کوردستان بڕیار دەردەکات بۆ نەمان و پووچەڵکردنەوەی بڕیارەکانی ڕێژیمی عێراق (مجلس قیادة الثورة) ئەوانەی کە دژ بە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان بوون.

هیچ کەس شک نابەم کە دنیای نەوێ
لەوە دەترسێ دەستی نەکەوێ
زۆر کەس لە خەودا، پارە ئەبینێ
ئەیخاتە دەستی و توند ئەیقوچێنێ

* شێخ چۆلی (محەمەد ئەنائەدین کوڕی مستەفا کوڕی حاجی عومەری ئەربیلی نەقشبەندی) ناسراو بە شێخ چۆلی ساڵی (١٨١٧) لە هەولێر هاتووەتە دنیاوە و ڕۆژی (١٨٩١/٧/١١) وەفاتی کردووە.
* موختاری گەڕەکی گۆیژە و جوولەکان لە شاری سلێمانی (محێدین ئەفەندی) (١٣٣٩ ک/١٩٢٠ز).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٩)دا هیتلەر (پۆڵەندا)ی داگیر کرد و ئەمە بوو بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی گەورەی دووەم لە جیهاندا.
* ئومێدی ئیستیقلال (أمید استقلال) ڕۆژنامەیەکی حەفتانە بوو ئۆرگانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی شێخ مەحموودی نەمر بوو لە سلێمانی لە ساڵی (١٩٢٣) دەرچوو تا ساڵی (١٩٢٤) (٢٥) ژمارەی لێ دەرچوو.
* ساڵی (١٩٦٩) موعەمەر قەزافی بە کودەتایەک بوو بە سەرکۆماری لیبیا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠١) لە شارۆکەی بیارەی هەورامان گرووپێکی توندڕۆی تیرۆریست لە بەیاننامەیەکی ترسناک و هەڕەشەئامێزدا دروستبوونی خۆیان بەناوی (جند الاسلام) لە کوردستاندا ڕاگەیاند. (سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٤٩٦٨، ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٤).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٩)دا ئەنجوومەنی بەرزی ئیسلامیی عێراق (عمار الحکیم)ی لە شوێنی (عەبدولعەزیز حەکیمی) باوکی هاتە هەڵبژاردن.

ئەو خوا پێداوەی کە موسوڵمانە
خۆشیی خۆشییەتی کە ڕەمەزانە
وا من فەتوام دا، کە ڕۆژوو نەگرن
بەو شەرتەی دەستی ئەم و ئەو نەبڕن

* بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (ژیان) لە ساڵی (١٩٣٧).
* سەرەتای جەنگی جیهانیی دووەم (١٩٣٩) کە هەتا ناوەڕاستی (١٩٤٥)ی کێشا. ئەو شەڕەی هیتلەری نازی نایەوە و خۆشی تێدا چوو. پیرەمێردی نەمر ساڵی (١٩٤١) کە هیتلەر لەوپەڕی سەرکەوتندا بوو ئەم پێشبینییەی بۆ وت:

هیتلەر چووە سەر، قەبری ناپلیۆن
وتی ناوداری تأریخ، چۆنی چۆن؟
دەنگێک هات لە خاک، زۆر بەمەحزوونی
وتی وا تۆش دێی، بۆ خۆت ئەیبینی

کەس لەسەر حاڵی پێشوو نەماوە
سوێندی درۆمان بەشەرەف باوە
بەدیش قەرزێکە، نابژێررێتەوە
ترسی ئینتیقام نابڕێتەوە.
کەوا بوو بۆچی دڵ بڕەنجێنین
بۆ نەوەیش تۆوی بەدی بچێنین

* لەم ڕۆژەی سالّی (۱۹٦۷)دا دامەزراندنی ژووری بازرگانیی سلێمانی و دوای هەڵبژاردن کە نزیکەی (۱٥۰) کەس بوون بە ئەندام و (۱۲) کەس خۆیان بۆ ئەنجوومەنی کارگێڕی هەڵبژارد. لەوانە (شێخ ئەحمەد جەلال تەها) بەسەرۆک (حاجی ئەحمەد ڕەشید) جێگری سەرۆک و (حاجی ئەوڕەحمانی مەلا سەعید) ئەمینداری نهێنی و (عەبدول حاجی محەمەد) جێگری ئەمینداری نهێنی هەڵبژێردران (کۆواری سلێمانی، ژ ۱۰۱، ل ۱۲).
* ساڵی (۱۹۹۱) دەرچوونی یەکەم ژمارەی کۆواری مەتین.
* ساڵی (۱۹۹٦) بە ئامادەبوونی (٥۷) ئەندامی پەرلەمان لە مزگەوتی گەورەی شەقڵاوە بڕیار لەسەر درێژکردنەوەی کاتی پەرلەمانی کوردستان هەتا (۱۹۹۸/٦/٤) درا و شەرعیەت گەڕایەوە.

کە لەگەڵ بەدا، دانیشی و هەستی
پشت بە خراپەی، چاکان ئەبەستی
کە قەل قیرانی بڵێ: یا غەففار
بایەقوش خوێندی بڵێ: یا ستار

* ساڵی (١٩١٧) بیست و حەوت سەرکردەی بەناوبانگی کورد بەشداری لە کۆنفرانسی شاری سنەدا دەکەن، کە ڕووسەکان بەڵێنی یارمەتیی کوردیان دا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٦)دا (کورانوالیس) کە لێپرسراوی ئینگلیز بوو، لە خورماڵ لەگەڵ (شێخ مەحموود) کۆ بووەوە.
* پێش شەڕی بەردەرگەی سەرا (ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوول ١٩٣٠) شەوی (٤) ئەیلوول (هیئة وطنیة) لە ماڵی عەزمی بەگی بابان (سەرۆکی هەیئە) کۆ بوونەوە بڕیاریان دا، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیدا، بەشداری نەکەن هەر ڕۆژی چواری ئەیلوول پێنجشەممە فایق بێکەس، قوتابییەکانی زانستیی لە گەڕەکی سابوونکەران هێنایە خوارێ بە دەوری سەرای سلێمانیدا دانیشتن سروودی نیشتمانییان دەخوێند و هوتافیان دەکێشا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٩)دا عێراق بەڕەسمی داوای لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد لەو کۆمەڵە تەقینەوانە بکۆڵێتەوە کە سووریای تێدا گوناهبار کراوە.

یەکێ بە درۆ و یەکێ چاوڕاو
یەکێ بە ئاغام، پاشام هاتە ناو
کەچی ژێردەستیش ژنی سەد مێردە
دەستداریش ئەڵێ ماسی بێ کێردە

**Wednesday 5**
September 2012
١٤ گەلاوێژ ٢٧١٢

**چوارشەممە ٥**
ئەیلوول ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٨)دا (هادی ڕەشید چاوشلی) بە جێگری (متصرف – پارێزگار)ی شاری سلێمانی دانرا و مایەوە هەتا (١٩٥٩/١/٢).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا (جەمال عەبدول) وەک پارێزگاری شۆڕشی کورد دەستبەکار بوو هەتا ڕۆژی (١٩٩٤/٣/٥).
* ساڵی (١٩٨٨) ئەنفالکردنی خەڵکی بناری قەندیل لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە.

مادام دنیایە و ئەمانەی تێدایە
پیاوی دنیایی وا لەبرەودایە
کەسیش لە دنیا ئاسوودە نابێ
مەگەر خاوەنی ئەرخە و پەنا بێ

* ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوول (شەڕی بەردەرگەی سەرا) وەکیلی پارێزگار، موفەتیشی ئیداری بوو کە کابرایەکی ئینگلیزی بوو ناوی (أليان) بوو. ئەو بوو فەرمانی تەقەی لە خۆپێشاندەرەکان دەرکرد کە داوای مافی کوردیان دەکرد. (٢٥) کەس کوژرا و ئەوەندەش بریندار و زۆر کەس لە پیاوە ناسراوەکانی سلێمانی و لە خەڵکی تر گیران. ئەوەی شایانی باسە (هيئة وطنية) لایەنگری توندوتیژی نەبوون، هەر لەم ڕۆژەدا فایق بێکەس و ڕەشید کەریم و مامۆستا ڕەفیق حیلمی و مامۆستا مستەفای مەولوود و ساڵح قەفتان و شێخ محەمەدی گولانی و شەوکەت عەزمی بابان و عەزیز فەرەج و کەریم سەعید زانستی و چەند کەسێکی تر گیران.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٩)دا دەرچوونی ڕۆژنامەی (رای گەل) لە کەرکووک.

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیر کەوتەوە
وەختی بەندی و ئەسارەت پێ بە تەوق و کۆتەوە
من لە زیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم وا تێ نەگەی

* رۆژێک دوای رۆژی شەشی ئەیلول واتا لە (١٩٣٠/٩/٧)دا، (دایکی کورد حەپسەخانی نەقیب) برووسکەی نارەزاییی بۆ (عصبة الامم) کرد و تێیدا داواکاریی مافی کوردی دووپات کردەوە کە وەڵامیشی بۆ هاتەوە.
* دیسانەوە رۆژێک دوای رۆژی رەشی شەشی ئەیلول پیاوە ناسراوەکانی شاری سلێمانی کە بە چاووگی هەراکە تۆمەتبار کران گیران و نێردران بۆ کەرکووک کە ئەمانە بوون: رەئیسی هەیئەی وەتەنییە: (عەزمی بەگی بابان،. میرزا تۆفیقی قەزاز، حەمە ئاغای ئەورەحمان ئاغا، ئەورەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا، مەجیدە ئەفەنی کانێسکانی و چەند کەسێکی تر).
* لەم رۆژەی ساڵی (١٩٤٠)دا بۆردمانی شاری لەندەن بەزۆری لە کاتی شەڕی گێتیی دووەمدا کرا.

گەر تۆ هەوڵ بدەی خەڵک بشکێنی
تۆیش لە حورمەتی، خۆتا نامێنی
جاران پیاوخراپ سەریان شۆڕ ئەبوو
ئێستا سەربەرزن وەک کۆتری هاقوو

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٣)دا، تاجی پاشایەتیی عێراق نرایە سەر غازی و بوو بە مەلیک غازی.
* چوونی (ئارنۆڵد ویلسن) مەندوبی سامیی بەریتانیا لە عێراق بۆ هەولێر لە ئەنجامی تێکچوونی باروودۆخی شارەکە بەهۆی ڕوودانی هەرای بەردەرکی سەرای سلێمانییەوە (ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوول ساڵی ١٩٣٠).
* ڕێککەوتننامەی ساڵی (٢٠٠٢) لە نێوان (مەسعوود بارزانی)، (مام جەلال تاڵەبانی) بە کۆتاییهێنانی هەر ناکۆکییەک لە نێوانیاندا.

ئەیزانم فیکری دوو کەس یەک ناگرێ
وا چاکە بابی فەتوا داخرێ
ئەبێ بازاڕی کۆن ببڕێتەوە
با تازە پێگەیشتوو جێیان بێتەوە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٦)دا، کۆچی دوایی (ماوتسی تونغ)،
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٤)دا، کۆچی دوایی هونەرمەندی بلیمەت (یەڵماز گۆنا).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٩)دا، سەرکۆمار (مام جەلال تاڵەبانی) لەگەڵ چین و توێژەکانی کەرکووک کۆ بووەوە و دووپاتی کردەوە کەرکووک شارێکی کوردستانییە و وتی: "سوێندم خواردووە پارێزەری دەستوورییم و مادەی ١٤٠یش دەستوورییە".

خۆ من قەڵەم و زمانم سوا
هیچم پێ نەکرا و خستمە دەستی خوا
سوێند ئەخۆم کە شەڕ ناوی نەماوە
ورچەکەی مەندۆڵ کلکی بڕاوە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٠)دا، کۆچی دوایی نووسەری گەورەی ڕووس (تۆلستۆی).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٠)دا، دامەزراندنی ڕێکخراوی ئۆپیک (OPEC) واتا -OR GANIZATION PETROL EXPORT CONTRIES) واتا (منظمة الاقطار المصدرة للنفط).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٩)دا، کۆڕێکی سیاسی لە لەندەن بەسترا لەبارەی داهاتووی عێراقەوە لەم کۆڕەدا شاندی پارتی دووپاتی کردەوە کە فیدرالیزم تەنیا هۆکاری یەکگرتنی عێراقە.

من سەربەست ئەژیم ڕەند و قەلەندەر
سەودای مەبعووسیم بۆچ بکەوێتە سەر
کورسیی مەبعووسی، تەلی تێ خراوە
لە پێچکەی کورسیی وەزیر بەستراوە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٠)دا شێخ مەحموودی حەفید بوو بە حوکمداری شاری سلێمانی.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦١)دا، شۆڕشی ئەیلوولی مەزن لە کوردستان دەستی پێ کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٦)دا، کارگەی جگەرە و پوختکردنی تووتن بە سەرمایەی (٥) ملیۆن دیناری ئەو کاتە دەست پێ کرا، پاشان مۆڵکایەتیی پرۆژەکە گواسترایەوە بۆ وەزارەتی پیشەسازی و لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦١)دا، دەست کرا بە بەرهەمهێنان بەداخەوە ئێستا پشتگوێ خراوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧١)دا، ڕۆژنامەی (برایەتی) لە شاری سلێمانی، (دارا تۆفیق سەرنووسیار) و (رەمزی قەزاز سەرپەرشتیار)ی بوو کە (١٧) ژمارەی لێ دەرچوو، لە دواییدا گوێزرایەوە بۆ بەغدا بوو بە ئۆرگانی پارتی.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٥)دا، دامەزراندنی حزبی (پاسۆک).

ئەوی ئەزانێ، سروشتی خاکە
هیچ بایی نابێ، بێباو بێباکە
ئەوی ئەزانی قەزا لە خوایە
گلەیی ناکات، دەنگی دەرنایە
ئەوی خواناسە و کردەوەی مەردی
لوتفی خوای هەیە و ناوی ئەبەدی

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٧)دا، ڕۆژنامەی (زبان) هەفتەیی بوو، لەلایەن (ساڵح قەفتان)ەوە لە شاری سلێمانی دەردەکرا، تەنیا (٢) ژمارەی لێ دەرچوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٤)دا، هەڵبژاردنی نوێنەرانی (پەرلەمانی عێراق) دەستی پێ کرد، (ئیبراهیم ئەحمەد و مارف بەرزنجی) خۆیان دەستنیشان کرد بۆ هەڵبژاردن لە شاری سلێمانی. فەرمانی حاکم دەرچوو بۆ گرتنیان و ئەوانیش خۆیان نەدا بەدەستەوە. خۆپێشاندان لە شاری سلێمانی بەردەوام بوو.

خوویێ کە ئینسان گرتی بەشیری
قەت بەری نادا، هەتاکو پیری
زامی تیغ چارەی دێ بەدەوایێ
برینی زمان سارێژی نایێ

**Thursday 13**
September 2012
٢٢ گەلاوێژ ٢٧١٢

# پێنجشەممە ١٣
ئەیلوول ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٢)دا، مستەفا کەمال ئەتاتورک بەئاگەداریی (هاوپەیمانەکان - حلفاء) نزیکەی سەد هەزار یۆنانیی لە ئەزمیر کوشت و کەسیش لە جیهاندا دەمی نەکردەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٠)دا، کودەتای سەربازی لە تورکیا حوکمی شۆڤێنیی عەسکەری و چەوساندنەوەی کورد دەستی پێ کرد.

زۆرم دی چاکەی، دەربارەی خەڵک بوو
کە مرد جنێویان پێ دا زوو بەزوو
تۆڵەی خەڵکیشت بەسەرەوە بێ
ئەبی قەڵغانت هەر بە بەرەوە بێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٢)دا، بەستنی یەکەم کۆنگرەی کورد لە شاری سلێمانی بە بەشداربوونی شێخ مەحموودی نەمر و چەند پیاوێکی ناسراوی ئەو ڕۆژە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٦)دا، بیست و یەکەمین کۆنگرەی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد) لە ئەورووپا (بەرلینی ڕۆژئاوا) دەست پێ کرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٧)دا، داستانە بەناوبانگەکەی (کانیی ماسی) نێوان لەشکری کورد و هێزی سوپای عێراقدا ڕووی دا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا، پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دامەزراندنی زانکۆی دهۆکی دا.

چەند خۆشە ئینسان پەڕێزی پاک بێ
لە چەند و چوونی، دنیا بێباک بێ
ئەگەر بەڕاستی دۆستی یەک نەبین
هەڵکردمان نابێ پێکەوە بژین

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٤٤)دا، (فلیکس جونز) گەڕۆک و ڕۆژهەڵاتناس هاتووەتە شاری سلێمانی.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٧)دا، شۆڕشی شۆرەوی لە ڕووسیا بە سەرکردایەتیی (لینین) هەڵگیرسا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٩)دا، (کاکل مەحموود مەولوود) کە ئەفسەرێکی سوپا بوو، کرا بە پارێزگاری سلێمانی و مایەوە هەتا ڕۆژی شۆڕش کە لەگەڵ لێپرسراوی تری ئەو ڕۆژەدا لە بینای ئەمنە سوورەکە هەموویان کوژران.
* گوێ نەدرا بە کوشتاری (١٩٣٠/٩/٦) هەر لە (٦/١٥) لە متصرفیەتی سلێمانیی عمومی ئەشراف و سائرەی ئەهالی کۆ بوونەوە یاخۆ کۆ کرانەوە هەڵبژاردنیان پێ ئەنجام دان.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٥)دا، لە ئۆسلۆی پایەتەختی نەرویج بۆ یەکەم جار کۆنفرانسێک لەسەر مافی مرۆڤ لە کوردستاندا پێک هات.

فەقێ ئەحمەدێ بوو، لە دارەشمانە
هەرچی هەڵدەسێ ئێستا بابانە
ئەتگوت هەورامان، هەی هەوەر ئامان
هەر تریشقەیە وا لە ئاسمان

**Sunday 16**
September 2012
٢٥ گەلاوێژ ٢٧١٢

**یەکشەممە ١٦**
ئەیلوول ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٢)دا، کۆواری (ژیانەوەی کورد) لە کوردستانی ئێران دەرچوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٢)دا، (کۆمەڵە)ی شاری مەهاباد دامەزرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦١)دا، (عەبدولکەریم قاسم) دوای تێکچوونی لەگەڵ بارزانی، فڕۆکەی ناردە سەر بارزان.

خۆولاتیمان بۆچ لا چاک نابێ
گوێلکی خۆماڵی، بۆچ بە گا نابێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٤)دا، لیوا روکن (عومەر عەلی) بوو بە (متصرف – پارێزگار)ی سلێمانی هەتا ڕۆژی (١٩٥٧/٥/١٦) مایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٦)دا، تیپی وەرزشیی سلێمانی دامەزرا و تیپەکانی ئەزمڕ و خەبات و ئاکۆ، هیوا، ئاسۆ، پێوەندییان بەم یانەیەوە بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا، (سادق شەرەفکەندی) سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە هەندەران شەهید کرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٦)دا، دەرچوونی ڕۆژنامەی (هەرێمی کوردستان) لە هەولێر.

مەڵێن شیلاووگ مایەی پەنیرە
فیتنە هەوێنی، نۆ قازان شیرە
بە سکێ برسی بە سکێ تێرین
لێمان ناگەڕێن، کە خۆش ڕابوێرین

**Tuesday 18**
September 2012
٢٧ گەلاوێژ ٢٧١٢

# ١٨ سێشەممە
ئەیلوول ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٤)دا، دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) لە شاری سلێمانی.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٦)دا، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە پاریس بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی کوردستانەوە دەستی پێ کرد.

مەدحی ڕووبەڕوو، پیاو دەدا بەشوو
زۆر دۆستی سەرنان بە ناحەز دەرچوو
بەڵام کە زانیم کەوتییە جرتوفرت
پێم بڵێی سندان، ئەڵێم قوزەڵقورت

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٨)دا، بە سەرکردایەتیی (عەزیز عەقراوی) و (ڕەشید سندی) هێرش کرایە سەر سوپای عێراق لە دوکان و سەرکەوتن بەدەست هات و لاشەیەکی زۆر لە مەیدانی شەڕدا بەجێ ما.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٩)دا، بەیاننامەی هاوبەشی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتیی نیشتمانی بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ڕێککەوتننامەی واشنتۆن بڵاو کرایەوە.

سیاسەت پیشەی، ئاغای بێ ڕیشە
بۆیە گەلێ پیاو، بێ ڕیش و ئیشە
من هەرگیز بۆ خۆم ناپاڕێمەوە
وا من تەواو بووم، ناگەڕێمەوە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٢)دا، یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (أمید استقلال) دەرچوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٢)دا، (شێخ مەحموود) هاتەوە و دانرایەوە بە حوکمداری شاری سلێمانی.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٧)دا، کۆچی دوایی مێژوونووس و ئەدیبی گەورەی کورد (حوسێن حوزنی موکریانی):

ئەدیب و زانای قەومی بەختەوەر
ئازاد ئەژین و ناکێشن کەدەر
چۆن هەڵبسوورێن بۆیان سەنایە
قسەیان فەننە و پەندە و دوعایە
ئەمن کە تأریخ نوویسی کوردم
بە برسی و رووتی و ڕەزیلی مردم

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا، (قانوون وزارة التربیة – یاسای وەزارەتی پەروەردە) لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە بە ژمارەی (١٦) دەرچوو.

کورت جاهیل بێ ڕەنجت بەبادە
میرات میکرۆبی شەڕی ئەولادە
میرات هەوێنی شەڕی ئەولادە
بێ ڕەنج دەستکەوتوو، ئەدرێ بە بادا
بەڕەنجی شانی خۆت بژی بەستە
پارەی میراتی، وەک چڵکی دەستە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨)دا، (داود سلمان البياتي) (جێگر)ی (متصرف – پارێزگار) بوو لە سلێمانی هەتا ڕۆژی (٤/١١/ ١٩٤٨).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٠)دا، دامەزراندنی یەکەتیی زانایانی ئاینی کوردستان.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٥)دا، تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسی ناوداری کورد (مووسا عەنتەر) لە دیاربەکر.

خورما و پرتەقاڵ لە بەغداوە دێ
لێرەوە ترێ و هەرمێی بۆ ئەچێ
هەردوولا دیاری بۆ یەک دەنێرین
بۆیە بەخۆشی وا ڕادەبوێرین
ناچارین هیچمان بێ یەک هەڵناکەین
لەگەڵ یەک پاک بین هەر ڕوو لە چاکەین

**Saturday 22**
September 2012
٣١ گەلاوێژ ٢٧١٢

**شەممە ٢٢**
ئەیلوول ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢١)دا، لە کۆواری پێشکەوتنی ژمارە (٧٤)دا بەیانێک بڵاو کراوەتەوە بۆ ئەو کەسانەی (ئەرز)یان کڕیوە و مامڵەی تاپۆی نەکراوە و بەڵگەنامەیان هەیە لە ماوەی بیست ڕۆژدا پێشانی فەرمانگەی تاپۆی بدەن.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٠)دا، دەستپێکردنی هێرشی هێزەکانی سەدام حوسێن بۆ سەر ئێران.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٥)دا، لیژنەی بەعسی ئاسایشی دهۆک سەر بە ڕێژیمی عێراق بڕیاری داخستنی (٢٠٨) قوتابخانەی گوندەکانی دهۆکی دا.

دوو دەست یەک کەون هێزێک پێک دێنن
ڕەگی درەختیش لەبن دەردێنن
ئەوەتەی پردی زنجیر نەماوە
دیجلە بەهاران، شێتی تەواوە

**Sunday 23**
September 2012
١ ڕەزبەر ٢٧١٢

**یەکشەممە ٢٣**
ئەیلوول ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٥)دا، شاندێک لە پەرلەمانی ئەڵمانیا سەردانی سووریا دەکەن و لەسەر وەزعی کورد و مافی کورد گفتوگۆ دەکەن.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٧)دا، کۆنگرەی دوازدەمینی قوتابیانی کوردستان لە هەولێر بەسەرپەرشتیی کاک (مەسعوود بارزانی) کرایەوە.

(مر) هات لاسایی، قازی کردەوە
هێلکەی زلی کرد، کەچی بوردەوە
هەرچی بەرز بفڕێ کە کەوتە خوارێ
سەر و گوێلاکی، ئەشکێ بەجارێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٨)دا، جەژنی نەورۆز لەلایەن بەعسەوە بەڕەسمی دانی پێدانرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٠)دا، حکوومەتی لبنان دانی نا بە پارتی دیموکراتی کوردی لبناندا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٤)دا، (هاشم عەقراوی) لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە کرا بە بەڕێوەبەری ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

قەومێ قەلەڕەش، بکا بە پێشڕەو
ڕۆژێ وەک باڵی قەل دەبێ بەشەو
(گا) لەسەر پشتی (ماسی) وەستاوە
بە کوردی (تڕەکەڵەکێ)ی ناوە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹٦٥)دا، (مەلیک حوسێن) مەلیکی ئوردن بەتایبەتی دەگاتە تاران بۆ گفتوگۆ لەگەڵ شای ئێران لە بابەت یارمەتیدانی شا بۆ بارزانی، گوایە مەلیک حوسێن ویستوویەتی ئەو گرفتە چارەسەر بکات (سەرچاوە: ڕۆژی کورد لە مێژوودا).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۲۰۰۹)دا، سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئیسرائیل (ئیهود اولمرت) لەبەر دادگەدا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرا بەتۆمەتی گەندەڵی و ناپاکیی ئەمانەت.

ئەگەر تۆ خوای خۆت بناسی بە دڵ
هەموو مەرامت بۆ دێتە حاسڵ
خۆشەویستی خوا، خەم ئەڕەوێنێ
کە خوات ناسی کارت بە کەس نامێنێ

**Wednesday 26**
September 2012
٤ رەزبەر ٢٧١٢

**٢٦ چوارشەممە**
ئەیلوول ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٦٨)دا، یەکەم شارەوانی لە سەردەمی حوکمی عوسمانییەکاندا لە بەغدا دامەزرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٧)دا، ژنێکی کورد لە شاری هەولێر دوو فڕۆکەوانی ڕێژیمی بەعس (عەقیدێک و مولازمێک) بەسزای خۆیان دەگەیەنێت.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٧)دا، ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا (مجلس الشیوخ) بەزۆربەی دەنگ بڕیاریان لەسەر هەموارکردنی ڕێژیمی فیدراڵی دا لە عێراقدا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٩)دا، نوێنەرانی حکومەتی کوردستان بەشداری لە کۆنگرەی ساڵانەی حزبی کرێکارانی بەریتانیادا دەکەن.

خوا شیرینی وای بەپارە داوە
پارەدار خەڵکی ئەڕوا لە دواوە
ئاڵتوون کە ناوی بەزەڕ ئەبرێ
ناوی (زەڕ) دێنی، کەر بۆت ئەزەڕێ
ئەمانە هەموو فلسێ ناهێنێ
پارەی پارەدار، چەنە دێشێنێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٦)دا، بزووتنەوەی تاڵیبان بە یارمەتیی (ئوسامە بن لادن) کابوولی پایەتەختی ئەفغانستانیان لە حوکمی کۆمەنیست پاک کردەوە و نەجیبئەڵلا کە سکرتێری پارتی کۆمەنیستی ئەفغانیی کاربەدەست بوو لەناوبرا.

درۆ شـــیـــعـــرێکی پیـــاوی گـــۆبـەنده
تا مـــوبالەغـــەی تیـــا بێ، پەســـەنده
لەبەرئەوەیە هـەمـــوو شـــاعـــیـــرین
کـە بۆ هەڵدان وا هەمـوو مـــاهیــرین
شیعر و شەرع و عەرش کەرەستەیەکە
شـیـعـر لەم دووانە هەڵبـەسـتـەیەکـە

* کۆچی دوایی شاعیر و ئاشنای فەلسەفە (مەلا محەمەدی شێخ عوسمانی بالخی) ناسراو بە جەنابی (مەحوی) ڕۆژی (٥/ ڕەمەزان/ ١٣٢٧ک/١٩٠٩ز) لە شاری سلێمانی.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٠)دا، هەتا ڕۆژی (٢٤/ ٤/ ١٩٣٥) (ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ) جارێکی تر (متصرف – پارێزگار)ی شاری سلێمانی بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٧)دا، (قادر حەمەجان عزیز) بوو بە پارێزگاری سلێمانی.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٣)دا، ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق بوو بە میوانی هەموو ماڵە کوردێکی دڵسۆز، هەزار چەپکەگوڵ بۆ گیانی سەرپەرشتیارەکانی و دامەزرێنەرانی (ساڵح یوسفی، دارا تۆفیق، عەبدولخالق مەعروف و نیسان ئوشانا) و ئەو بەڕێزانەی تر کە لە ڕێگەیا گیانیان لەدەست دا.

خۆزگە پیاوخراپ، وەک هەنگ بوایە
لەگەڵ پێوەدان، گیانیان دەرچوایە
بەتوانج ئەڵێن دوومەڵان زۆڵە
خۆ ئەوی زۆڵە، خەڵات لە کۆڵە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٤)دا، پرۆفیسۆر و کوردناس و دۆستی کورد (مینۆرسکی) هاتووەتە شاری سلێمانی و چەند ڕۆژێک ماوەتەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٠)دا، کۆچی دوایی سەرکۆماری وڵاتی میسر (جەمال عەبدولناسر).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧١)دا، پیلانی خۆ تەقاندنەوەی (حجة الاسلام)ەکان (گورگەکان لە پێستی مەڕدا) لە بارەگەی سەرۆک بارزانی.

قەومی کورد خاوەن سەلاحەدینە هەرگیز نابەزێ
شاهدیشم دوانزە سوارەی حاکمی بابانمە
سا (قرگەیی) وا قەومەکەت سەرکەوت شوکور حەقتە بڵێیت
وا سەلاحەدینی ئەمڕۆش، مستەفای بارزانمە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٨)دا، دەرچوونی یاسای چاککردنی کشتوکاڵ.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٥)دا، (عەبدوڕەحمان بەزاز) بوو بە سەرەک وەزیرانی عێراق.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا، وەزارەتی ناوەخۆی سووریا بڕیاری قەدەغەکردنی ناونانی منداڵی کورد بە ناوی کوردی دەرکرد.

هانام بەتۆیە، خودای کردگار
لێمان نەشێوێ، سلێمانی و بەهار
هەرچی بۆ بەرزیی وەتەن تێ کۆشێ
لیباسی فەخری تەئریخ ئەپۆشێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٠)دا، مەجلیسی نواب کۆ بووەوە لە بەغدا و نوێنەرانی سلێمانی، (ئەحمەد ساڵح، ئەحمەد موختار، محەمەد ساڵح، سەیفوڵلا خەندان) ئامادە بوون بێ ئەوەی کەس گوێ بداتە ڕووداوەکەی (١٩٣٠/٩/٦) کە بۆ ئەوە ڕووی دا سلێمانی بەشداریی هەڵبژاردنەکە نەبێت.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٧)دا، عەبدولمەجید یەعقووبی (کەرکووکی) پارێزگاری شاری سلێمانی بوو، یەکێک بوو لەو (متصرف) ئیشکەرانەی کە خەریتەی شاری سلێمانیی بەرەو ئاوەدانی گۆڕی، جگە لە ئیشێکی زۆر لە قەزا و ناحیەکان. هەتا ڕۆژی (١٧/ ٢/ ١٩٣٩) مایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٧)دا، (ڕەشید مەستی) بەڕێوەبەری نفوس و تەجنیدی سلێمانی بووە لە سەردەمی عوسمانیشدا فەرمانگەی نفوس لە چەمچەماڵ (دەروێش ئەفەندی) و لە قەزای (معمورة الحمید) (واتا پشدەر) ساڵح بەگ و لە قەزای شارباژێڕ عارف ئەفەندی بووە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٩)دا، لە کۆنگرەیەک لە بەنغازی لە لیبیا سەرکۆماری ئەو وڵاتە (موعەمەر قەزافی) پشتگیریی خۆی بەرامبەر بە شۆڕشی کورد و مافی چارەنووسی کورد دەربڕی.

چەند خۆشە کەسێک کە پێشەوا بێ
بۆ قەومەکەی خۆی وەک چاووگ وابێ
خوا بیدا و قەدری یەکتر بزانین
دەستی یەک بگرین، وا لە عاسمانین

**Tuesday 2**
October 2012
١٠ ڕەزبەر ٢٧١٢

**سێشەممە ٢**
تشرینی یەکەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٣)دا، شەڕی شانەدەر لە نێوان داگیرکەران و مەلا مستەفای بارزانی بەرپا بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٢)دا، کاک (مەسعوود بارزانی) لە هاوینەهەواری دوکان لەگەڵ (مام جەلال تاڵەبانی) کۆبوونەوەیەکی برایانەیان پێک هێنا بۆ ئاشتبوونەوەی یەکجاری. هۆی سەرکەوتن یەکبوونە، ئەویش نابێ هەتا هەر برینێک وا لە دڵتدا سارێژی نەکەی.

ئەڵێن تەبەقی پڕ ئاشتیی ماڵە
چاوی ڕەشی زۆر، هیوادار کاڵە
دەوڵەت بەدڵی خۆشەوە خۆشە
ئەگینا بارت قورس ئەکا بۆشە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٢)دا، عێراق لە (ئینتدابی بەریتانیا) ڕزگاری بوو، وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) بە ئەندام وەرگیرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٠)دا، بۆ یەکەم جار کورد بە (٣٠٠) کتێب بەشداریی پێشانگەی جیهانی لە کتێبدا دەکات.
* مادام میتران (دۆستی دێرینی کورد) لەسەر بانگهێشتنی سەرۆکی هەرێم هاتە کوردستان لە هەولێر زۆر بەگەرمی پێشوازیی لێ کرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧١)دا، کۆنگرەی دامەزراندنی یەکەم (یەکەتیی قوتابیانی کورد) لە لبنان بەسترا.

ئافەرین لەوەی، کە شیری پاکە
شێری مەیدانە و لە شێر بێباکە
ئەو کەسەی بەسەر نەفسیا زاڵە
بۆ دێوی نەفسی ڕۆستەمی زاڵە

**Thursday 4**
October 2012
١٢ ڕەزبەر ٢٧١٢

**پێنجشەممە ٤**
تشرینی یەکەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٩)دا، هەریەک لە (کولونیل بیل) و (کابتن سکوت)ی ئینگلیز لە ئەنجامی هێرشی کورددا بۆ سەر بیرەکەپرە کوژران.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٨)دا، (بارزانیی نەمر) لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا لە سۆڤیەت لە میسر چاوی بە سەرۆک (جەمال عەبدولناسر) کەوت.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا، (بیان اعلان الاتحاد الفدرالي- بەیانی بڵاوبوونەوەی یەکەتیی فیدراڵی لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق)ەوە دەرچوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٩)دا، کەسایەتیی ناسراو پارێزەر (محەمەد بابان کوڕی جەمیل بەگ مەجید پاشا) کۆچی دوایی کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا، پەرلەمانی کوردستان بڕیاری فیدراڵیی کوردستانی ڕاگەیاند لە چوارچێوەی عێراقی دیموکراتدا.

حوشتر لە رەنجیا بۆیە ناسرەوێ
بەو زلحۆرتیە، دوای کەر ئەکەوێ
تۆش ئەگەر ویستت دایم لە پێش بی
ئەبێ بە چەپڵە، هەلهەلەکێش بی

* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۲۷)دا، کۆمەڵەی (خۆیبوون) لە چەند کۆمەڵێکی کوردی و چەند کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر لە لبنان پێک هات و ئەو کۆمەڵە گەلێک خزمەتی ڕامیاری و ڕۆشنبیریی بە کورد پێشکێش کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۲۰۰۲)دا، هەندێک لە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمەریکا پیرۆزباییی خۆیان بەرامبەر بەیەکگرتنەوە و کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان پێشکێش کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹٦۲)دا، سەرژمێری دانیشتوانی وڵاتی سووریا کرا و هەرچی کوردی ئەوێ بوو لە ناسنامەی وڵاتی سووریا بێبەش کران.

ئەو دڵەی کە وەک، مەنجەڵ ژەنگ دێنێ
شیری تێ مەکە، ئەیبزڕکێنێ
ڕەشەبای ئەمساڵ لێرە دوو دەنگە
هێشتا نەمدیوە من بای بەم ڕەنگە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢١)دا، (حاکمی منفردی سلێمانی سدیق مەزهەر) دەستبەکار بوو لە سەردەمی حوکمی ئینگلیز و شێخ مەحموود، لەوەوپێش لە سەردەمی عوسمانییەوە (مەحکەمەی شەرعییە) کە مەلا زاناکانی ئەو سەردەمەی کوردستان بەکاروباری هەڵدەستان. هەروەها هەیئەی عەدلیە هەبووە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٠)دا، کۆنگرەی شەشەمی یەکەتیی قوتابیانی جیهان لە شاری بەغدا لە هۆڵی (بهوامانة العاصمة) گیرا بە ئامادەبوونی خوا لێخۆشبوو (عەبدولکەریم قاسم). (گۆواری سلێمانی، ژ، ٦، ل ١٨) هەر لەم ڕۆژەدا وەفدی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا (عیسمەت شەریف، کەمال فوئاد، تەحسین هەورامی) گەیشتنە بەغدا بۆ بەشداربوون.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٩)دا، چوار ڕۆڵەی کورد لە سەقز بەفەرمانی (خەڵخاڵی) کە نوێنەر و کاربەدەستی (خومەینی بوو لە کوردستان) گوللەباران کران.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨١)دا، سەرکۆماری میسر (ئەنوەر سادات) تیرۆر کرا.

خۆزگە (مەبعووسی)، بەیداخی ئەبوو
بە تەپڵ و شمشاڵ، بۆ مەجلیس ئەچوو
بەوە مەنازە کەوتیە سەرەوە
وێرانەی وەتەن ئاوا کەرەوە
کە خەڵکی زانی بۆ ئەو هەوڵ ئەدەی
ئەڵێ سەر و ماڵ بۆ تۆ، فەرموو دەی

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٧)دا، پارتی کۆمۆنست بە سەرکردایەتیی (لینین) شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرپابوو کۆتا بە حوکمی قەیسەری لە ڕووسیادا هێنرا، بەڵام بەداخەوە لە ساڵی (١٩٧٧)دا ئەنجوومەنی باڵای سۆڤیەت دوای دەستوور گۆڕین مافی بە هەموو نەتەوەیەک لە سنووری یەکەتیی سۆڤیەتدا کە خاوەنی ماف و چارەنووسی خۆیان بن تەنیا میللەتی کوردی لەو مافە بێبەش کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٨)دا، سورەیا بەدرخان لە یاداشتنامەیەکدا بۆ هاوپەیمانەکان داوای پێکهێنانی قەوارەیەکی تێدا کرد بۆ میللەتی کورد لە تورکیا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٩)دا، هەوڵی کوشتنی سەرۆک عەبدولکەریم قاسم لە شەقامی ڕەشید لە بەغدا لەلایەن بەعسییەکانەوە درا کە یەکێکیان سەدام بوو بریندار کرا.

من توێکڵە شووتیم کرد بە مەرەبا
خستیاتە ژێرپێی خەڵک کە ڕەت ببا
خۆ ئەگەر کەسێک کە خوا بیداتێ
خۆی گرتە کەنار، بەردی ناگاتێ

**Monday 8**
October 2012
١٦ ڕەزبەر ٢٧١٢

**دووشەممە ٨**
تشرینی یەکەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٥)دا، (مام جەلال تاڵەبانی) نامەیەکی بۆ بارزانیی نەمر نارد کە ئەوسا هێشتا لە یەکەتیی سۆڤیەت بوو، لەبارەی دەنگوباسی کوردستانەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٧)دا، خەباتگێڕ و سەرۆکی جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی ئەمەریکای خوارووی د. گیڤارا بریندار کرا و دوای ئەوە گیرا و کوژرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٣)دا، تەرمی بارزانیی نەمر و ئیدریسی کوڕی لە بارزان بە تەنیشت یەکەوە بەخاک سپێردران و بە وشکەکەڵەک دەوریان تەنرا.

خەتای کەس نییە و فەلەک بەدکارە
هەمیشە لەگەڵ، نائەهلا یارە
هەیە لە پڕێ ئەبێ بە کوڕێ
هەیە هەوڵ دەدا و پەلی ئەپچڕێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٢)دا، (شێخ مەحموودی حەفید) (ارادة)ی بەناوی حوکمدارەوە لە شاری سلێمانی دەردەکرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٦)دا، (شێخ مەحموودی حەفید) لە بەغدا لە نەخۆشخانەی (حیدری) فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا و تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ شاری سلێمانی و لە پێشوازیی تەرمەکەیدا بوو بە هەراو دوو کەسی تێدا کوژرا، شێخی نەمر لە ساڵی (١٨٨٢) هاتووەتە دنیاوە:

یا شێخ مەترسە، بومبا هیچ نییە
حاجی کاک ئەحمەد لێت غافڵ نییە

شێخی نەمر وتوویەتی:

نامەوێ ژینی ئەسارەت بەسمە عومری گومڕەهی
نایکەمە سەر خۆم بەدەستی مودەعی تاجی شەهی
قەت بە ئەمری دوژمنانم نامەوێ فەرمانڕەهی

ڕۆژ کچە و مانگیش بە کوڕ ناودەبرێ
کەچی کوڕ لە کچ شەوق وەردەگرێ
پێی ناوێ پایز ڕەنگی خەزان کا
لە نەونەمامان، گەڵاڕێزان کا

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٢)دا، لە سەردەمی (حوکمی شێخ مەحموود)دا یەکەم ئەنجوومەنی شارەوانی لە شاری سلێمانی دامەزرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٢)دا، (خواجە کەریمی عەلەکە) پیاوی ناسراوی برا دیانەکانی شاری سلێمانی، پۆستی وەزیری دارایی پێ سپێردرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٣)دا، لە شاری سلێمانی و بە ئامادەبوونی (بورکی ئارۆلینا) دامەزرێنەر و بڕیاردەری پەرلەمانی منداڵانی جیهانی و ژمارەیەک لە کاربەدەستانی شار، ئۆفیسی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی پەرلەمانی منداڵانی جیهان و پەرلەمانی منداڵانی عێراق کرایەوە (کۆواری سلێمانی ژ، ٤٠، ل ٨ لەگەڵ وێنەی ئارۆلینا).

کە دوو کەڵەشێر هاتنە شەڕکردن
بۆ منداڵێکیش ئاسانە گرتن
بەردی سەرشکێن کە لەیەک بدرێن
بەرگەی یەک ناگرن، زوو هەڵئەوەرێن

* کۆچی دوایی (سوڵتان مظفرالدین ابو سعید کوکبری کوڕی یکتکین کوڕی محمد مظفرالدین) ساڵی (٦٣٠ ک/ ١٢٣٢ز) کە لە ساڵی (٥٤٩ک/ ١١٥٤ز) هاتووەتە دنیاوە و گۆڕی پیرۆزی لە هەولێرە (سوڵتان مزەفەر) زاوای سەلاحەدین واتا مێردی ڕابیعە خاتوون خوشکی سەلاحەدینە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٥)دا، کۆچی دوایی زانا و مێژوونووسی کورد لە ئێران (ئایەتوللا محەمەدی مەردۆخی).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٥)دا، (حاجی ڕەسووڵ محەمەد) بوو بە (متصرف – پارێزگار)ی شاری سلێمانی هەتا ڕۆژی (١٩٧٥/٦/٢٠) مایەوە.

ئەوی هەشیەتی، هەر بەپەرۆشە
سەیری کەن، سەیری دنیا چەند خۆشە
هەتا باریان کەی، هەر ئەڵێن کەمە
خۆزگە ئەمزانی، کەی ئەڵێ هەمە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٤٩٢)دا، (کریستۆف کولۆمبس) پارزەوینی ئەمەریکای دۆزییەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٣)دا، کۆچی دوایی زانای گەورە و شاعیر (مەلا محەمەدی کۆیی).

هەواڵی کورد و کوردستان ئەپرسی
وڵاتی چۆڵ و قەومی رووت و برسی
دەبێ من کەیفی چیم بە دنیا بێ
قەومی من وا رەزیل و ریسوا بێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٦)دا، دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (کەرکووک) کە شارەوانیی کەرکووک بەهەر سێ زمان (کوردی و تورکی و عەرەبی) دەری دەکرد. ڕۆژنامەیەکی وێنەدار بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٦)دا، سەرۆک (مەسعوود بارزانی) لە بانگەوازێکی بەپەلەدا بۆ سەرجەم وڵاتانی جیهان سەبارەت بە پەلاماری دڕندانەی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر خاکی کوردستانی عێراق داوای هەڵوێستی کرد.

ترشیت خوارد دانت ئاڵ ئەبێتەوە
بە گریان چاوت کاڵ ئەبێتەوە
دۆستت بەرەوڕوو قسەی ڕەق ئەکا
پاشملە پیاوت لەسەر شەق ئەکا
هی واشم دیوە بۆ نان و کەباب
کەوتۆتە زەمی مام و خاڵ و باب

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٤)دا، کتێبخانەی گشتی (ڕەسمی) لە شاری سلێمانی کرایەوە و هەنگاو بەهەنگاو پێشکەوت ئێستا بینای تایبەتی گەورەی خۆی هەیە لەسەر شەقامی سالم.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥١)دا، جەمیل سائیب بەڕێوەبەری خەزێنەی پێشووی شاری سلێمانی و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی ژین دوای خانەنشینی کۆچی دوایی کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٩)دا، نزیکەی پەنجا نووسەر و هونەرمەند و کەسایەتیی ناوداری جیهان داوای چارەسەری کێشەی کورد دەکەن لە تورکیا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٩)دا، لە دوازدەمین کۆنگرەی پارتیدا بە تێکڕا هێژا مەسعوود بارزانی بەسەرۆکی پارتی هەڵبژێردرایەوە.

فەلەک بە پیاوی، ترسنۆک فێرە
بە کەر ناوێرێ، بە کورتان شێرە
پشیلەی بێ عار، بەشی فسسەیە
کوتەکیش ئەنجامی هەندێ قسەیە

**Sunday 14**
October 2012
۲۲ ڕەزبەر ۲۷۱۲

**یەکشەممە ١٤**
تشرینی یەکەم ۲۰۱۲

* لەم ڕۆژەی سـاڵی (١٨٨٩)دا، لەدایکبـوونی نووسـەری گـەورەی مـیـسـر (تـەها حوسێن).
* لەم ڕۆژەی سـاڵی (١٩٢٧)دا، دۆزینەوەی نـەوتی باباگـوڕگـوڕ بۆ یەکـەم جـار لە کەرکووک.

ژن کە منداڵی نەئەبوو ئەچوونە سەر باباگوڕگوڕ ئەمەیان ئەوت و ئەوتەوە:

باباگـوڕگـوڕ بەگـوڕ هاتم
باباگوڕگـوڕ بۆ کـوڕ هـاتم

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٩)دا، کۆنگرەی جیهانیی مافی مرۆڤ و فەرهەنگی کورد لە پاریس گیرا (ڕۆژی کوردی لە مێژوودا).

گـۆیژە مـێـزەری، بەفـری لەسـەر نا
ناوشار ناخۆش بوو، بە بەفر و سەرما
هەرکـە زسـتـانـان، مـام ڕەشـەبا هات
سـەرمـا و بەسـتـەڵەک ئـەخـاتە وڵات

**Monday 15**
October 2012
۲۳ ڕەزبەر ۲۷۱۲

# دووشەممە ۱۵
تشرینی یەکەم ۲۰۱۲

* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹٦٦)دا، بایز ئاغا (بایز عەزیز دزەیی) بوو بە (متصرف – پارێزگار)ی سلێمانی هەتا ڕۆژی (۱۹٦۸/۷/۱۰) مایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۹۱)دا، کۆنگرەی حەوتەمی یەکەتیی نووسەرانی کورد لە شەقڵاوە پێک هات بەناوی (ڕاپەڕین)ەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۲۰۰۲)دا، بڕیارێکی سیاسی لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی سلێمانییەوە دەرچوو لە بابەت هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری.

لێرە ئەو کەسەی، کاریان پێ سپارد
مڵۆزم دەرچوو، بۆ هەناسەسارد
خۆزگە دەستوورێک ئەخرایە ناو
پیاو بۆ ئیش ئەبوو، نەوەک ئیش بۆ پیاو

**Tuesday 16**
October 2012
٢٤ ڕەزبەر ٢٧١٢

## سێشەممە ١٦
تشرینی یەکەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٥)دا، (کۆمەڵی گەلان- عصبة الامم) بڕیاری دەرکرد بۆ کوردی عێراق کە مافی پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسیی بۆ خۆی هەیە و لە ڕۆژی ڕەشی (١٩٣٠/٩/٦) دانیشتوانی شاری سلێمانی بەڵگەیان ئەو بڕیارە بوو، کە داوای پێکهێنانی حکوومەتێکی کوردییان دەکرد و ئەو هەرایەی لێ قەوما.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٦)دا، هەردوو کۆماری (مەهاباد- ئازربایجان) پەیمانێکی سەربازی بۆ زیاتر لەیەکتر نزیکبوونەوە مۆر دەکەن.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٥)دا، ڕاگەیەنرا کە سەدام حوسێن خۆی هەڵبژاردبووەوە بۆ پۆستی سەرکۆمار بەتەنیا و هیچ کەسێکی تر نەبوو بەرامبەری، گوایە لە ١٠٠٪ دەنگی هێناوە.

لە ئاغایەتیش، کە هاتوو لێکەوت
خۆی ئەکوتێتە میحرابی مزگەوت
وردە مەئموران بۆ زیادەی مەعاش
بەو هیوایەوە، کەوتوونەتە لاش

**Wednesday 17**
October 2012
٢٥ ڕەزبەر ٢٧١٢

# چوارشەممە ١٧
تشرینی یەکەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦١)دا، شەڕێکی سەخت لەنێو پارتی و ڕێژیمی عێراق لە سنووری زاخۆ پەیدا بوو، بەشکاندنی فەوجەکەی سوپای عێراق کۆتایی هات.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٥)دا، رووفاتی (٥٠٠) بارزانیی ئەنفالکراو هێنرانەوە کوردستان و لە بارزان بەخاک سپێردران.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٧)دا، لە ئەنجامی ناوبژیکردنی ئەمەریکا و بەریتانیا و تورکیا لە نێوان پارتی و یەکێتی بۆ ڕاگرتنی شەڕی براکوژی لە نێوانیاندا، ناچار بەقسەی ئەوان و لە ئەنجامی پاڵەپەستۆی دڵسۆزانی میللەتەکەی خۆیاندا، شەڕیان ڕاگرت.

چی بکەم (یەک ڕەنگی) مۆدەی نەماوە
ئێستا دوو ڕەنگی لەناوا باوە
پیاوی بەد زوبان، زوبانیان بڕی
بە پەڕەی قورئان، خۆینەکەی سڕی

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣١)دا، کۆچی دوایی زانای ڕووناککەرەوەی سەرانسەری جیهان (ئەدیسۆن).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٧)دا، لافاوەکەی شاری سلێمانی ڕووی دا کە چەند کەسێکی خنکان و زیانێکی زۆری لێ کەوتەوە. هەر لەم ڕۆژەدا تیپی یاریی (دۆمیزبالو) کە هاوکارییەکی فرەنسایی بوو، بەنداوی دوکانی دروست دەکرد لەگەڵ تیپی یاریی سلێمانیدا (لە یاریگە – ملعب)ی شار یارییان دەکرد کە باران دای کرد و دوای ئەوەیش تەرزە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا، وەفدێکی پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی (جەوهەر نامیق سالم) سەرۆکی پەرلەمان سەردانی وڵاتەکانی (تورکیا، ئەڵمانیا، سویسرا، سوێد، نەرویج، دانیمارک، نەمسا، بەریتانیا، فرەنسا)یان کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٣)دا، (قانون الاحزاب لاقلیم کوردستان العراق – یاسای پارتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق) لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە بە ژمارەی (٤٢) دەرچوو.

تفیان ئەکردە سیمای بێعارێ
ئەیوت بارانی ڕەحمەت ئەبارێ
کاروانی حوشتر ئەکشان بە بێدەنگ
کەرێکی دێزیان بووبوو بە پێشەنگ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٧)دا، سەرژماردن لە شاری سلێمانی و ناوچەکانی دەستی پێ کرد.

کـۆلارە ســاڵێک نێـرە و ســاڵێک مێ
هەیـە نێــر و مــێن، بۆ هـەمــوو دەمێ
ڕێوی پێــســتی خـۆی هەڵگێـڕێتـەوە
کـەوڵێکە ســەرمـای بۆ ئەگێـڕێتـەوە

**Saturday 20**
October 2012
٢٨ رەزبەر ٢٧١٢

**شەممە ◆ ٢٠**
تشرینی یەکەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢١)دا، سنووری نێوان تورکیا و سووریا دیاری کرا و بەگوێرەی ئەو بڕیارە بەشێک لە کوردستان (کوردستانی ڕۆژئاوا) خرایە سەر دەوڵەتی تازە پێکهاتووی سووریا کە لە میراتگیریی دەوڵەتی عوسمانیدا سووریا و لبنان بەر فرەنسا و عێراق بەر بەریتانیا کەوتن.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٩)دا، پرۆگرام و پێڕۆکردنی یەکەتیی نووسەرانی کورد پێشکێش بە وەزارەتی ناوەخۆی عێراق کرا لە (١٩٧٠/٢/٩)دا دەستبەکار بوو.

ڕۆژێکمـــان هەر دێ، بگەینە بوار
ناچار دەرکەوێ، ڕەنگی ژێر شەڵوار
هەر لایەک ئەچی، هەر زۆردارییـــە
چارەی ئەمـــەیش، دەرکـــەنارییـــە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٠)دا، لەژێر سێبەری بارزانیی نەمردا، سەرۆکی لێژنەی ئامادەکاری کە مەلا عەلی موفتی بوو لەگەڵ چوارسەد ئەندام لە کۆنگرە لە مزگەوتی گەلاڵە یەکەم کۆبوونەوەیان پێک هێنا کە ئەمە بەیەکەمین کۆنگرەی زانایانی ئاینی ئیسلام لە کوردستاندا دەژمێردرێ و یەکەتی هاتە کایەوە و دەست بەکاری ئاینی و سیاسی بوون.

ئەوەی سەیرە مار، دووپشک ئەبینێ
وره بەرئەدا، دۆش دادەمێنێ
پێچی نامێنێ، لێی درێژ ئەبێ
لە ترسی دووپشک، حۆل و گێژ ئەبێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹٦۳)دا، حکوومەتی عێراق و سووریا لە شاری زاخۆ کۆبوونەوە بە مەبەستی کپکردنی جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی کورد، بۆ ئەم مەبەستە سووریا هێزێکی سەربازی و زۆر چەکی قورسی خستە ژێر دەستی حکوومەتی ئەوسای عێراقەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۸٤)دا، شاعیر (جگەرخوێن) کۆچی دوایی کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۸۷)دا، (د. کامل بصیر) کۆچی دوایی کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۷۰)دا، کۆواری (کۆڕی زانیاری) (کورد) لە بەغدا دەرچوو.

تەماع سوێراوە و وەک ئاو ئەنوێنێ
تا بیخۆیتەوە، تینوویێتی دێنێ
بەڵام بۆ هەندێ، سوێراو هەنگوینە
بۆ تەماعکاران، زیاتر شیرینە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٥)دا، کۆواری (ڕووناکی) لە هەولێر بڵاو بووەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٨)دا، زانکۆی سلێمانی دوای دامەزراندنی دەستی کرد بە ئیش. واتا ئەو ڕۆژە بەڕۆژی دامەزراندن و دەست بە ئیشکردن و وانەوتنەوە بۆ زانکۆی سلێمانی دادەنرێت.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٦)دا، دامەزراندنی (بزووتنەوەی میللیی کوردستان) بەسەرۆکایەتیی (عەبدولخالق زەنگەنە) پێک هات.

دەوڵەمەندی (ڕژد) خاوەن ماڵ نییە
بێ شک حەماڵە و خاوەن هیچ نییە
لەگەڵ ئەو حاڵە، ئەوان لە کاران
ئەڵێی نە بایان دیوە و نە باران

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٥)دا، ڕۆژی نەتەوە یەکگرتووەکانە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩١)دا، کشانەوەی ڕێژیمی عێراق لە سەرانسەری کوردستاندا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا، دەرچوونی ژمارە (سفر)ی ڕۆژنامەی (الاتحاد) ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بەغدا بە عەرەبی.

ئەڵێن تەنگانە شیدەت بسێنێ
گوریس حەوت قەف بێ ئەیپچڕێنێ
وا ئێمە پچڕاین گوریس ناپچڕێ
دوای ئێمە خۆشی، بە کێ ئەپچڕێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٢٠)دا، بەو نامەیەی (حاجی شێخ مارفی نۆدێ) دەردەکەوێ کە بۆ باڵیۆزی ئینگلیز لە بەغدا (مستەر ریچ) کە سەردانی سلێمانیی کردووە، داوای چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیی پێستەی لێ دەکات کە ناڕەحەتی کردووە، واتا ئەو پیاوە گەورەیە هەرگیز داوای کەشف و کەراماتی نەکردووە کەچی دوای وەفاتی خەڵکی نەزان نەخۆش دەبەنە سەر گۆڕی پیرۆزی بۆ چاکبوونەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٢٠)دا، مەولانا خالیدی نەقشبەندی کە لە شاری سلێمانی دادەنیشت لە پڕ بەشێوەیەکی نهێنی هەڵات و هەر چوار ژنەکەشی لەگەڵ خۆی دەرباز کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٠)دا، دامەزراندنی حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتیی سەی عەبدوڕەحمانی نەقیبی گەیلانی پێک هات واتا دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق.

عەشق ئەو عەشقەیە وەک دوگمە و قەیتان
لە یەکتر ئاڵێن، دەستیش لەملان
منیش بە حوکمی موحیبەتی خوا
لە پەند و باوی دونیام سەرئەخا

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩١)دا، سەدام حوسێن هەموو داوودەزگای حکوومەتی عێراق و کاربەدەستانی لە کوردستان (جگە لە کەرکووک) کێشایەوە و بەڕێوەبردنی کوردستان کەوتە ئەستۆی ڕۆڵەکانی خۆی کە لە سەرەتادا بە هەموو دڵسۆزی و لەخۆبوردنەوە کاریان دەکرد تاکو (منصب) و تەماع و پارە نەکەوتبووە ناو ناوانەوە.

* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٩)دا، سەرۆکی توونس (زەینلعابدین عەلی) بۆ جاری پێنجەم هەڵدەبژێرێتەوە گوایە بە ڕادەی (٨٩٪)ی دەنگ.

ئەڵێن سروشتمان، لە چوار گەوهەرە
دووانیان باوکمانە، دووانیان مادەرە
با و ئاگر بەرزن، طەبعیان بڵندە
خاک خۆی خاکییە و ئاو پاک و مەندە
بەرزی و مل شکان، ئاگر و سووتان
خاک فەرشییە و ئاو ڕێڕەوی ژیان

**Saturday 27**
October 2012
٥ گەلاڕێزان ٢٧١٢

# شەممە ٢٧
تشرینی یەکەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٩)دا، (میجەر نوئیل) دۆستی کورد نووسراوی ئاراستەی (مەندوبی سامیی بەریتانیایی) لە بەغدا کرد کە پێویستە یارمەتیی کورد بدرێ دوای ئەوەی چوار سەدە بەدەست حوکمی دواکەوتووی عوسمانییەوە ناڵاندوویانە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٨)دا، دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە کوردستانی تورکیا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٣)دا، دامەزراندنی پارتی کاری سەربەخۆ (وریا سەعید).

باخوا قەت گەدا، نەگاتە مەسنەد
هەموو کاربەدەست دەبنە پیاوی بەد
جاران (بسم الله) ئەکرا لەسەر نان
ئەبووە سفرەیەک سینییەک بۆ هەمووان
ئێستا (بسم الله) کەوتووتە غیابات
پیت و بەرەکەت بۆیە دوایی هات

**Sunday 28** | **يەکشەممە ٢٨**

October 2012 | تشرینی یەکەم ٢٠١٢

٦ گەلاڕێزان ٢٧١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٤)دا، دەوڵەتی عوسمانی بانگەوازی شەڕی بەرامبەر بە (سوێندخۆران – حلفاء) کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٧)دا، شۆڕشی (ئاگری داغ) بە سەرۆکایەتیی (ئیحسان نووری پاشا) لە کوردستانی تورکیا دەستی پێ کرد بۆ سەندنی مافی کورد پشت بە پەیمانی سیڤەر.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٦)دا، سەرکۆمار (عەبدوڕەحمان عارف) لە نزیک شاری ڕەواندز لەگەڵ بارزانیی نەمر کۆ بووەوە، وتووێژ لە بابەت کێشەی کوردەوە دەستی پێ کرد.

گـــــۆچان کــــە قــــەفی چەوتاوەتەوە
هەر سەری سەر چەوت ڕاست ئەکاتەوە
هەرچی لە پرێ، هات بوو بە کــــوڕێ
خـــۆی لێ ئەگـــۆڕێ، بەرزیش ئەفـــڕێ

**Monday 29**
October 2012
۷ گەلاڕێزان ۲۷۱۲

**دووشەممە ۲۹**
تشرینی یەکەم ۲۰۱۲

* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۲۳)دا، پێکهێنانی کۆماری تورکیا بڵاو کرایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۳٦)دا، سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق (بەکر سدقی) هەستا بە کودەتایەکی سەربازی لە سەردەمی مەلیک غازی و حیکمەت سلێمان بوو بە سەرەک وەزیران.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹٤۱)دا، ڕەشید عالی گەیلانی لە سەرۆکایەتیی حکوومەت بەرەو ئێران هەڵهات.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹٥٦)دا، هێرشە سێ قۆڵییەکەی دەوڵەتە زلهێزەکان بۆ سەر میسر.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۹۹)دا، کۆنگرەیەکی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەمەبەستی چارەسەرێک بۆ داهاتووی عێراق و ڕزگاربوونی لە دەستی ڕێژیمی بەعس پێک دێت.

ئەڵێن گوناهت هەبێ پڕ ژووریێ
بەدوو ڕکات نوێژ، خوا لێت ئەبووریێ
بووکەبارانە، ئاوی پیا دەکەن
ئنجا بۆ باران ڕوو لە خوا ئەکەن

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٨)دا، شەڕی یەکەمی جیهانی جاڕی کۆتاییهێنانی بڵاو کرایەوە، یەکێک لەو دەوڵەتانەی کەرت و پەرت کرا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو کە وڵاتە عەرەبییەکان و کوردستان و گەلێک شوێنی تری لێ جیا کرایەوە و لە نێوان دەوڵەتە ئیستیعمارییەکاندا دابەش کران.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٢)دا، بەکۆششی مەلیک فەیسەڵی یەکەم و پیاوانی دڵسۆزی تری وڵاتی عێراق لە (ئینتیداب) ڕزگاری بوو بەوەی کە لە (کۆمەڵەی گەلان – عصبة الامم) وەک ئەندامێک وەرگیرا و یەکێک لە مەرجەکانی ئەو بەئەندامبوونە، ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکانی تری عێراق و ددان نان بە مافی کورددا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧١)دا، (د. تاهیر بەهجەت مەریوانی) کە کوردێکی دڵسۆز و چەندان کتێبی کوردی لەگەڵ مستەفا سائیبدا بەچاپ گەیاند، لە ئەمەریکا کۆچی دوایی کرد دوای ئەوەی لەو وڵاتە بڕوانامەی دوکتۆرای بەدەست هێنا.

هەمـــوو بەزمـــان، پەیڕەوی چاکـــەین
کـــەچی بەکـــردە پف لە دۆ ناکـــەین
وا چاکە ئینسـان هێند گوناهکار بێ
تیـریش نەیبـڕێ لە مـەرگ ڕزگـار بێ

**Wednesday 31**
October 2012
٩ گەلاڕێزان ٢٧١٢

**چوارشەممە ٣١**
تشرینی یەکەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ســـــاڵی (١٩٤٣)دا، (وەفـــــیق حـــــەبیب) هـەتا ڕۆژی (١٩٤٤/٢/٥) (متصرف- پارێزگار)ی سلێمانی بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٥)دا، کۆچی دوایی پرۆفیسۆری کوردی سۆڤیەت (قەناتی کوردۆ).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا، دامەزراندنی زانکۆی دهۆک.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٦)دا، دانیشتن لە نێوان (پارتی و یەکێتی) لە ئەنقەرە پێک هات لە بابەت مەسەلەی ئاشتی لە نێوانیاندا.

بە توورەبوون و کڵاو خـوار دانان
نابیـە قومانـدان، تـا نەچیـە مـەیدان
چاومان ژوورسەری خۆمان نابینێ
عالەم سەرکەوت و کورد دادەمێنێ

**Thursday 1**
November 2012
١٠ گەلاڕێزان ٢٧١٢

**پێنجشەممە ١**
تشرینی دووەم ٢٠١٢

---

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٤)دا، خنكاندنی شێخ (عەبدولسەلامی بارزانی) لە مووسڵ لەلایەن كاربەدەستانی عوسمانییەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٤)دا، كۆمەڵەی كوردستان یاداشتێک پێشكێش بە (عصبة الامم) دەكەن داوای مافی چارەنووسی میللەتی كوردی تێدا دەكەن.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٠)دا، كۆچی دوایی فەیلەسووفی ئێرلەندایی (برناردشۆ).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٩)دا، كۆواری (هیوای كوردستان) لەلایەن یەكەتیی قوتابیانی كوردستانەوە لە شاری سلێمانی تەنیا (١٢) ژمارەی لێ دەرچوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا، بۆمبایەک لە چایخانەیەكی ئاكرێ تەقییەوە بوو بەهۆی شەهیدبوونی چوار هاووڵاتی.

ئەوی لە دیزەی خەڵكا ئەسكوێیە
هیچ كەس نازانێ، ئەسڵی لە كوێیە
دووكەڵ لە نزمی بەرز ئەبێتەوە
دیزە لە بەرزی تل ئەبێتەوە

* لە ١١/٢... ڕۆژی قوتابیانی جیهان.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٧)دا، (وعد - بەڵێنی بلفۆر) کە زیاتر لە بەرژەوەندیی جوولەکە بوو، پەیمانیان پێ درا قەوارەیەکیان بۆ پێک بهێنرێ، ئەوە بوو لە ئەنجامدا دەوڵەتی (ئیسرائیل) دروست بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥١)دا، کۆنگرەی ئاسیا لە دژی ئیستیعمار بەسترا خاتوونی کورد (ڕەوشەن بەدرخان) خێزانی جەلادەت بەدرخان وەک نوێنەری کورد بەشداریی تێدا کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٢)دا، (باخچەی ساوایانی ئاوڕنگ) لە سەرچنار لە شاری سلێمانی کرایەوە.

ئەو دەوڵەتەی لێت نادزرێ عیلمە
ئەوەشی لە شەڕت لائەدا حیلمە
خوا بۆیە کاری ئەوتۆ ئەسازێ
هیچ کەس بەعیلم و فەزڵی نەنازێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹٥٥)دا، (مەلیک فەیسەڵ)ی دووەم هاتووەتە شاری سلێمانی کە زۆر بەگەرمی لەلایەن دانیشتوانی شارەوە پێشوازیی کراوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۹۳)دا، مامۆستای فۆلکلۆری کوردی (عومەر ڕەحیم کۆڵەبی) کۆچی دواییی کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۹٦)دا، هێزی ڕێژیمی تورکیا لە سێ لاوە هاتنە کوردستانی عێراقەوە لە (شیروان، مزووری و دەشتی هێرت)ەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۹۹)دا، پەرلەمانی کوردستان داوای ڕاگرتنی هێرشی ڕووسیای بۆ سەر گەلی (چیچان) کرد.

باخی چوارباخی ئەحمەد پاشام دی
ئێستا خەوێکە بۆم نایەتە دی
مەبەستی ئەحمەد پاشای بابانە
کە بناغەی گەڕەکی چوارباخی دانا

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٠)دا، سەردانی (بارزانیی نەمر) بۆ یەکەتیی سۆڤیەت لەسەر بانگهێشتنی ڕەسمیی سۆڤیەت بەبۆنەی بەشداربوون لە ئاهەنگەکانی ئۆکتۆبەردا، ئەمەش بوو بەهۆی نیگەرانیی (عەبدولکەریم قاسم).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٩)دا، باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لەلایەن هەندێ توندڕۆی ئێرانەوە دەستی بەسەردا گیرا و چەند کەسێکیان لە ئەندامی باڵیۆزخانەکە و چەند ئەمەریکاییەکی تریان دەستگیر کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٩)دا، بەستنی کۆنگرەی نۆیەمینی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە گوندی دەربەند لە کوردستانی ئێران.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٨)دا، (ماراسۆن)ێک پێک هات لەلایەن ئافرەتانی سلێمانییەوە بە یادی دامەزراندنی یەکەتیی ژنانی کوردستان و بە یادی دروستکردنی شاری سلێمانییەوە.

چوار بەرگ تأریخی ئەمین زەکی بەگ
نامرێ و ناڕووخێ بەزۆری فەلەک
یاخوا هەر ئەوان بکەونە راسی کار
تاکو دەرکەوێ بەکار و بێکار

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٨)دا، سوپای بەریتانیا کە داخیلی عێراق بوو خۆی گەیاندە مووسڵ بۆ دەستگرتنی تەواو بەسەر هەموو عێراقدا، هێجگار بەربەستی لە بارزانییەکان بکات نەوەک ناوچەی بارزان لە قەزای ئاکرێ جیا بکەنەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨)دا، (نەجمەدین سائیب) بوو بە (متصرف – پارێزگار)ی شاری سلێمانی هەتا ڕۆژی (٢١/ ١١/١٩٥٠) مایەوە.

ئیتر بزانین، لەمەودوا کام پیاو
ئاساری خێرمان، بۆ دێنێتە ناو
پیاو هەیە هێندە سارد و بێباکە
ئاگری جەهەننەم کاری لێ ناکا

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٤)دا، (فاو) لەلایەن ئینگلیزەوە داگیر کرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٢)دا، مامۆستا گۆران بوو بە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (ژین)ی پیرەمێرد لە شاری سلێمانی.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٦)دا، هەتا تەمووزی (١٩٥٨) ئەندازیار (حەسەن رەفعەت) سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٥)دا، (جمیل السعودي) کە ئەفسەرێکی سوپا بوو، بوو بە (متصرف – پارێزگار)ی شاری سلێمانی هەتا ڕۆژی (١٩٦٦/٤/٧) مایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٣)دا، هەردوو خاتوونی پەرلەمانتاری سوێد (ئینجیلا مارتسوون بریت ئیرکسون) سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد.

ئەگەر مەجلیسی میللی نەگۆڕێ
سەودای مەبعووسی، ئەچێتە گۆڕێ
ئەوی خزمەتی خەڵکی پێ ئەکرێ
ناوی لە جیهانا بە چاکی ئەبرێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٩)دا، دەرچوونی یەکەمین ژمارەی کۆواری (ژین) بەزمانی تورکی و کوردی لە ئەستەمبوڵ کە کۆوارێکی (ئاینی، ئابووری، کۆمەلایەتی، ئەدەبی) بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٤)دا، بایز (بایزید) ناوی ئەمەوی کە یەکێک بوو لە بنەماڵەی میرەکانی یەزیدی و پاڵی دا بە حکومەتی عەبدولسەلام عارفەوە، نووسراوێکی ئاراستەی جەمال عەبدولناسر و عەبدولسەلام عارف کردبوو داوای کردبوو لەبەرئەوەی یەزیدی عەرەبن بۆیە داوا دەکات بگەڕێنەوە باوەشی دایکیان.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا، ڕۆژنامەی (الاتحاد) ژمارە (٢)ی لەگەڵ (ئیبراهیم ئەحمەد)دا چاوپێکەوتنێکی کردووە، کە مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) هەڵوێستی ئیدریس بارزانیی پەسند کردووە کە وتوویەتی (پیاو لە دنیادا هەر ڕێگەیەکی هەیە لە نێوان ژیانی خۆی و مەسەلەی میللەتەکەیدا بەتایبەتی ئەگەر بێتو میللەتەکەشی ئامادە بێت خۆی بەخت بکات لە پێناو مەسەلەکەیدا). ئەمە دەقاودەق قسە بەناوبانگەکەی جەواهیر لال نەهرۆیە بەرامبەر بە کورد کە لە (لمحات عن تأریخ العالم)دا وتوویەتی.

هەمووویش ئەیزانین، یەکێتی چاکە
دوو کەس یەک کەوێ، سێ کەس غەمناکە
ئەو کەسەی دڵی کەسێ خۆش ناکا
هەڵکردی نابێ لەگەڵ پیاوچاکا

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٩)دا، دەرچوونی یەکەمین ژمارەی (پێشکەوتن) لە شاری سلێمانی لە سەردەمی (میجەرسۆن)دا کە تا دوایی (١١٨) ژمارەی لێ دەرچوو کە ڕووداوی ئەو ڕۆژانە هەموو بەتەواوەتی دەخستە بەردەمی خوێندەوار.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٤)دا، هەشت پەرلەمانتار لە تورکیا بەتۆمەتی کوردایەتی گوناهبار کران یەکێک لەوانە (لەیلا زانا)ی بەجەرگ بوو کە چەند ساڵی لە گرتیگەدا بردە سەر بەڵام کە بەربوو، هەروەک جاران تێ هەڵچووەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٩)دا، زنجیرەیەک تەقینەوەی یەک لە دوای یەک بەغدای پایەتەخت دەهەژێنێ و دەبێ بەهۆی کوشتنی (١٢٧) و برینداربوونی (٤٤٨) کەس.

دنیا خەوێکە بۆت نایەتە دی
هێشتا کەس بەری ئەو خەوەی نەدی

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٠٨)دا، دەرچوونی ڕۆژنامەی (کورد تعاون و تەرقی جمعیەتی غزتەسی) کە زمانحاڵی هەر ئەو کۆمەڵەیە بوو بەو ناوەوە بەقسەیەکی تر گوایە ئەمە هەر ڕۆژنامەی (ژین)ە کە پیرەمێرد لە ئەستەمبۆڵ بوو دەری کردووە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٨)دا، کۆچی دوایی میر خاس و میر چاکی کورد و دڵسۆزی کوردایەتی (میر حاج ئەحمەد) کە ئەفسەری خانەنشین بوو لە بەغدا، کاتی خۆی لەگەڵ بارزانیی نەمردا چوو بۆ یەکەتیی سۆڤیەت و لەگەڵ ئەویش گەڕایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٩)دا، (سەعد حەریری) سەرەک وەزیرانی لبنان باسی پێکهێنانی وەزارەتی لبنان لە (٣٠) وەزیر بڵاو دەکاتەوە.

ئەبێ بە ئەخلاق لە پێشەوە بین
تا لەناو خەڵکا، بەحورمەت بژین
دنیا دوو ڕێیە بۆ ئەهلی بڕوا
ڕێیەکیان دێت و ئەویشیان ئەڕوا

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢١)دا، خەبەر درا کە بە هۆی (استرن بانق) ڕێگەیەک کرایەوە بۆ حەواڵەی پارە لە بەغداوە بۆ شاری سلێمانی واتا بۆ (خەزێنەی سلێمانی)، چونکە لەو کاتەدا بانق لە سلێمانیدا نەبووە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٨)دا، (مستەفا کەمال ئەتاتورک) کۆچی دوایی کرد دوای ئەوەی هەزاران کورد و ئەرمەنی لەناوبرد و دوای خۆی سوپای تورکی بە پاسەوانی عیلمانییەت لە تورکیادا دیاری کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨)دا، مامۆستای ئاینی و شاعیری نیشتمانپەروەر (مەلا عەبدوڵڵای زێوەر) کۆچی دوایی کرد:

ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی، ڕۆحی شیرینی منی
مەزرەعەی توخمی نشاتو باعیسی ژینی منی
ئارەزوو و فیکری سیاحەت ناکەم ئەی وەتەن
تۆ لە جێگەی قاهیرە و تاران و بەرلینی منی

دیسانەوە دەڵێت:

شاری سلێمانی لەلام — وەک جەننەتە بۆ خاس و عام
نایدەم بەموڵکی میسر و شام — ئاوا بێ وەک دار السلام
ئەم شارە خۆشەی من هەمە — هەتا مەدحی کەم هەر کەمە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٥)دا، فڕۆکەکانی ڕێژیمی بەعس لە ناوچەی ئاکرێ بووکەشووشەی تەقینەوەیان فڕێ داوە کە بوو بەهۆی کوشتنی دوو منداڵی کورد.

ئەوی گلەیی، لە بەختی خۆیە
پێی بڵێن، دەوری کەوا بخۆیە
ئەو کەسەی لەناو عەوامدا دوورە
بێ قرە و بێوەی، ڕەنگی هەر سوورە

**Sunday 11**
November 2012
٢٠ گەلاڕێزان ٢٧١٢

**یەکشەممە ١١**
تشرینی دووەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٨)دا، کۆتاییی شەڕی یەکەمی جیهان کە شەڕەکە چوار ساڵی کێشا (١٩١٤– ١٩١٨).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٦)دا، پارێزگاری ناوچەی حەسەکە لە سووریا بەڕەسمی زمانی کوردیی قەدەغە کرد کە ئەمە بەوپەڕی شۆڤێنییەت لە قەڵەم دەدرێ.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٦)دا، پەرلەمانی عێراق، یاسای فیدراڵیەتی تەسدیق کرد کە لە دوای (١٨) مانگ بکەوێتە ئیش.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٣)دا، دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژی نوێ.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٩)دا، دادگەی بەرزی تورکیا بڕیاری داخستنی پارتی کۆمەڵی دیموکراتی سەر بەکوردی دا.

مەرد لە قسەی خۆی، ناگەڕێتەوە
ئەو تفەی ڕۆی کرد، نایگێڕێتەوە
شێرەبەفرینە لە درۆ بکرێ
بەرگەی هەتاوی گەرم ناگرێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٤)دا، لە شەڕی گەورەی جیهانیی یەکەمدا ئینگلیز (بەسرە)ی داگیر کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٦)دا، شاعیری بەناوبانگ (ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان) (حەمدی) کۆچی دوایی کرد.

ئەی وەتەن لوتفەن تەواوی کە وقوعاتی میلەل
ئەم مەراقە با نەکا بۆ ئاخری نەشری عیلەل
ڕەبی مووی لێ بێ زبانی، پەنجەکانی هەڵوەرێ
هەر کەسێ دەردی بە گوڵشەن گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨)دا، کۆچی دوایی شاعیری بەناوبانگ (یونس ڕەئووف) (دڵدار)، لە (١٩١٧/٢/٢)دا هاتووەتە دنیاوە:

کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئالاکەمان

* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٩)دا و، لە ڕۆژی پێشووترا (جولة التراخيص النفطية الثانية) جێبەجێ کرا.

سەگ لە پشیلە، بەوەفاترە
کەچی پشیلە، قەدری زیاترە
پشیلە دیار نەبێ شاییی مشکانە
هەروایە ئەم دەور و دوکانە

* کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) لەسەر داوای کورد ساڵی (١٩٢٤) لێژنەیەکی پێک هێنا کە نوێنەری بەریتانیا و تورکیا و عێراق بەشداربوون تێیدا بۆ پێداچوونەوەی مافی کورد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٤)دا، (عصبة الامم) لێژنەیەکی بۆ لێکۆڵینەوەی کێشەی ویلایەتی (مووسڵ) پێک هێنا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٩)دا، خۆکوشتنی سەرەک وەزیرانی عێراق نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی گەل (عەبدولموحسین سەعدوون) بڵاو کرایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦١)دا، تەواوبوونی بەنداوی دەربەندیخان و کردنەوەی لەلایەن خوا لێخۆشبوو (عەبدولکەریم قاسم)ەوە بوو.

با مانگی چاوی شەیتانمان کوێر بێ
لەناو خۆمانا، پیشەمان خێر بێ
نازانی مەسنەد بە خوێندن نابێ
ئەوە لە پێشە کە خولْقی چاک بێ

**Wednesday 14**
November 2012
٢٣ گەلاڕێزان ٢٧١٢

**چوارشەممە ١٤**
تشرینی دووەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٧٨٤)دا، مامۆستا (حەمەبۆر) بەگوێرەی ئەو لێکدانەوە و حیساباتەی کە کردوویەتی گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە دوای دروستکردنی شاری سلێمانی لەلایەن برایم پاشای بابانەوە، دانیشتوانی قەلاچوالان ئەو شارەیان چۆڵ کردووە و هاتوونەتە شاری سلێمانی و تێیدا نیشتەجێ بوون.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٩)دا، شاری (ئاکرێ) لەلایەن ئینگلیزەوە داگیر کرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٨)دا، فیستیڤاڵی دووەمی دروستکردنی شاری سلێمانی لەلایەن (یانەی تەلاری سلێمانی)یەوە پێک هێنرا هەروەها ئەو یانە بەڕێزە ساڵی (٢٠٠٧)یش هەر لەم ڕۆژەدا و لە ساڵانی داهاتووشدا بەو ئەرکە پیرۆزە هەستا.

کە بۆ هاوخوێنت، خوێنت نەجۆشێ
پەچەی بەدناوی، ڕووت دادەپۆشێ
بە حەق و ناحەق کە قینت هەستێ
ئەو قینە ڕێگا بەرزیت ئەبەستێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٢)دا، لە شاری سلێمانی ژمارە یەکی (ڕۆژی کوردستان) دەرچوو، دوا ژمارەی واتا (١٥) لە (٣)ی مارتی (١٩٢٣)دا دەرچوو، سەرنووسیاری نووری شێخ ساڵح و هەروەها عەلی کەمال باپیر بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٢)دا، نووسراوێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ جەنابی بارزانیی نەمر کەوا چەند ئەفسەرێک لە سوپای عێراق پێوەندییان پێوە کردوون لە کەرکووک، داوای یارمەتی دەکەن بۆ پلاندانان بۆ کودەتایەک (سەرچاوە: ڕۆژی کورد لە مێژوودا).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٦)دا، بەستنی کۆنگرەی (حەوتەمی) پارتی لە گەلاڵە.
* لە هەولێر، کۆڕێکی ئەدەبی بەناونیشانی (شیعری مەلحەمی لە ئەدەبی کوردیدا) لەلایەن مامۆستایان (عیزەدین فەیزی و کەریم شارەزا و عەزیز گەردی) پێشکێش کرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٠)دا، مزگەوتی (قازی محەمەد) لە شاری سلێمانیدا کرایەوە بە ئاهەنگێکی نیشتمانی کە شایانی ئەو پێشەوایە بێ.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٨)دا، (جەمال حاجی عەلی) کە خوێندنگەیەک و قوتابخانەیەکی لەسەر بودجەی خۆی دروست کردبوو، بە ئاهەنگێکی گەورە لە شاری سلێمانی کرانەوە.

دوولا بەمافی، خۆیان بوون ڕازی
ئیش ناکەوێتە، لای حاکم و قازی
لەولاوە یەکێک دێت بەچاووڕاو
خۆی دادەمەزرێنێ دەکەوێتە ناو

**Friday 16**
November 2012
٢٥ گەلاڕێزان ٢٧١٢

# هەینی ١٦
تشرینی دووەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٨)دا، (مێجەر نوئیل) نێردراوی ویلسن مەندوبی سامیی ئینگلیزی گەیشتە شاری سلێمانی و خەڵکێکی زۆر لە عەشایەر و پیاوماقووڵان کۆ بوونەوە و بۆ ڕۆژی دوایی بانگەوازی حوکمداریەتیی شێخ مەحموودی کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٤)دا، وەزیری فڕۆکەوانیی بەریتانیا، سەردانی شاری سلێمانیی کرد بۆ سەرپەرشتیی فڕۆکەکانیان کە چەندان بۆمبارانی شارەکەیان کرد دژی شێخ مەحموود.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا، (قانون وزارة الثقافة) یاسای پێکهێنانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێم لەلایەن ئەنجوومەنی نشتمانییەوە ژمارە (٣٦) دەرچوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٦)دا، خەڵوەتگەی پیری (دار العجزة) لە شاری سلێمانی دامەزرا.

قەیناکا لە ناوخۆدا ناحەز بین
بەڵام لە دوژمن، دەست بەکوتەک بین

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٨)دا، (مێجەر نوئیل) نوێنەری مەندوبی سامی جاری حوکمداریەتیی شێخ مەحموودی دا بۆ خولی یەکەم هەتا مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩١٩) بەردەوام بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٣)دا، پێکهاتنی لێژنەی باڵای پارتە کوردییەکان (زەحمەتکێشانی کوردستان) ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان بڵاو کرایەوە. (سەرچاوە: ڕۆژی کورد لە مێژوودا).

کیسەڵ دووپشکی، ئەپەڕانەوە
چزووی لە پشتی، هەڵچەقانەوە
پرسی چی ئەکەی، هەی بەدکردەوە
وتی چزووی خۆم، تاقی کردەوە

**Sunday 18**
November 2012
٢٧ گەلاڕێزان ٢٧١٢

**١٨ یەکشەممە**
تشرینی دووەم ٢٠١٢

---

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٧)دا، لەداردانی سەیدڕەزا و هاوڕێکانی لە دەرسیم لە تورکیا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٧)دا، ئەنجوومەنی کوردەکان لە دیمەشق کۆڕی پرسەی شەهیدانی ڕێگەی ئازادییان دامەزراند.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٢)دا، شاعیری گەورە و بەناوبانگی کورد (عەبدوڵڵا گۆران) لە شاری سلێمانی دنیای بەجێ هێشت:

کانییەکی ڕوونی بەرتریفەی مانگەشەو
بلەرزێ لە بنیا مرواری زیخ و چەو

ئەگەر ئەتەوێ دڵت تەنگ نەبێ
لەدڵتا مەیلی داوا و جەنگ نەبێ
کە بەگژتا بێن، خۆڕایی نییە
خۆشت ئەزانی، گوناهت چییە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٦)دا، پەیمانی (سایکس بیکۆ) لە نێوان دەوڵەتە گەورەکانی ئەو ڕۆژگارەدا، بۆ دابەشکردنی ژێردەستەکانی سەڵتەنەتی عوسمانی بەنهێنی ئیمزا کرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٧)دا، (جمعیة تعالی و ترقی کوردستان) لەلایەن چەند نیشتمانپەروەر و کوردی ڕەسەنەوە لە تورکیا پێک هێنرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٨)دا، مۆرکردن و ڕێککەوتن لەسەر پەیمانی بەرەی نیشتمانیی حزبەکانی (بەعس، شیوعی، سەربەخۆیی) کە (پارتی)ش لەم بەرەیەدا وەرگیرا. (سەرچاوە: ڕۆژی کورد لە مێژوودا).

مشک و بەراز و کوللەمان زۆرە
هەند بێ ئینصافن نایکەن بە نۆرە
هەرچەندە ئێستا سەگیش نەماوە
بەڵام هەڵەوەڕ لە جێی دانراوە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۳۷)دا، کۆچی دوایی (مەحموود جەودەت) بە لەداردان، وە لە ساڵی (۱۸۸۹)دا هاتبووە دنیاوە.

لە بەغداد دەرچووە سەیوانە ئامانجی
ڕێ چۆڵ کەن ئەی برای زارا و کرمانجی
ڕێ چۆڵ کەن بۆ مەیتی ڕێبواری مات و زیز
توخوا با کەم تەڕ بێ بە فرمێسکی پایز
با کەم بدا ڕەشەبا لە لەشی ساردوسڕ
نەک بەردی سەرەڕێ بێتە گۆ بێ بەگڕ
(گۆران)

* لەم ڕۆژەی ساڵی (۲۰۰۸)دا، وەجبەی سێیەمی ئەنفالکراوەکان کە (۱۷۸) تەرم بوون هێنرانەوە بۆ گەرمیان و بەخاک سپێردران.

ئێستا زەمانی، بێ زمانییە
دووزمانی ڕووی، لە زیانییە
لە دوای ئێستری چەمووشا مەڕۆ
پیشەی لەقەیە با دوور بێ لە تۆ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۲۳)دا، لە کۆنگرەی لۆزاندا وەفدێکی تورکیا لەو کۆنگرەیەدا داوای کرد بەهیچ جۆرێک باسی کێشەی کوردی تێدا نەکرێ و قسەکەیان جێبەجێ کرا.

* دنیا سەیروسەمەرەیە، کورد دەستەویەخەی یەک بوەستن (برا تورکەکانمان) لەیەکمان جیا بکەنەوە و بکەونە نێوانەوە، ئەو ڕێککەوتنەی پەنجا بە پەنجاکەی لە پەرلەماندا لێ کەوتەوە، یەکێتی و پارتی لە تورکیا ساڵی (۱۹۹٤) ئاشتبوونەوەکەیان مۆر کرد خوا بکەم بەڕاست و تا سەر بێ.

* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۷٦)دا، لەداردانی سێ کوردی دڵسۆز (خاڵە شەهاب، جەعفەر عەبدولواحید، ئەنوەر زۆراب) لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە (سەرچاوە: ڕۆژی کورد لە مێژوودا).

بەڵێ مەبعووسی، بە چارەنووسە
پێی ناوێ بڵێین زمانی لووسە
تا بەخت و قیسمەت بۆت نەکەونە کار
هۆش و هونەریش بۆت نابن بە یار

**Thursday 22**
November 2012
١ سەرماوەز ٢٧١٢

# ٢٢ پێنجشەممە
تشرینی دووەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٣)دا، لبنان سەربەخۆیی لە دەست فرەنسا بەدەست هێنا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٩)دا، هەرەس بەدیواری بەرلین هێنرا، واتا ئەڵمانیا یەکی گرتەوە و (شەرق و غەربی نەما).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا، ڕاپەڕینی ئیسلامیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی (سدیق عەبدولعەزیز) دامەزرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٤)دا، بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق لەلایەن وەزارەتی ناوەخۆی هەرێمی کوردستانەوە مۆڵەتی پێ درا بە سەرۆکایەتیی (شێخ عوسمانی عەبدولعەزیز).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٤)دا، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان مۆڵەتی ڕەسمیی پێ درا بە سەرۆکایەتیی (سەلاحەدین محەمەد).

مەڵێن مەبعووسی، بە ڕا و تەگبیرە
قرەقڕی قەل، هەر بۆ هەنجیرە
درۆزن زانی درۆی سەر ئەگرێ
پێی رادێ ئیتر شەرم نایگرێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥١)دا، بەهەڵبژاردن کۆمەڵی هەڵسووڕاندنی ژووری کشتوکاڵ پێک هات و ئەم زاتانە کە (حەمەئاغای ئەوڕەحمان ئاغا بوو بە سەرۆک) و (تۆفیق ئەفەندی ئاغا فەتحوڵڵا بەجێگری سەرۆک) و (میرزا تۆفیق قەزاز بە سکرتێر) و (جەلال ئاغا حاجی سەعید ئاغا ئەمینی سندووق).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٨)دا، یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی زانکۆی سلێمانییە بە سەرۆکایەتیی (د. محەمەد محەمەد ساڵح) هەتا ڕۆژی (١٩٧١/١٠/١١) دەستبەکار بوو (کۆواری سلێمانی، ژ ٢٠، ل ٣٧).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٦)دا، هێرشە دڕندانەکەی ڕێژیمی بەعس بۆ سەر ناوچەی باڵەکیان هەرەسی هێنا و بەکەوتنی زیانێکی زۆر لە سوپای عێراق کۆتاییی هات.

هەزار جار تاقی کراوەتەوە
کەرەم پاداشی هەر نەدراوەتەوە
هەیشە بەعیلم و فەن و بەپارە
تەمەنی سەرف کرد کەم کەسی یارە

* ڕۆژی (٣)ی ذي القعدة ساڵی (١٣٣٢ ک/ ١٩١٣ز) سوڵتانی عوسمانی ئافەرینی شاهانەی مەجیدی بەخشیوە بەسەرۆکی شارەوانیی شاری سلێمانی خوا لێخۆشبوو غەفوور ئاغا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٠)دا، (حەمدی بەگی بابان) لە لەندەن فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا بڕیار وابوو (حەمدی بەگ) لە شوێنی شێخ مەحموود دابنرێ دوای شەڕی دەربەندی بازیان و برینداربوونی شێخ و گرتنی لەلایەن ئینگلیزەوە و دوورخستنەوەی بۆ دوورگەی ئەندامان لە هیندستان. بەڵام حەمدی بەگ کە سەیری کرد ئەم ئیشە بەو هەڵناسووڕێ پۆزشی هێنایەوە. ئەو پیاوە لە ساڵی (١٨٦٨)دا، لە ئەستەمبۆڵ هاتووەتە دنیاوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٤)دا، لە مۆسکۆ کۆنگرەی کوردناسی بەسترا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٩)دا، دەست کێشانەوەی سەرۆکی کابینەی سێیەم (د. ڕۆژ نوری شاوەیس) لە بەردەمی سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستاندا.

زەعیم ئەوەتا، شێوەی شەمعی بێ
خۆی بسووتێنێ، سوودی جەمعی بێ
خۆزگە هەر کەسێک کە حەفتەی ڕابورد
چاکە و خراپەی بەراورد ئەکرد

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٠)دا، موختاری گەڕەکی (جوولەکان) دانیار کوڕی شەلەمۆ بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٨)دا، لە ئەنجامی چەوساندنەوە و زوڵم و زۆری تورک لە کورد و ددان نەنان بە مافی ڕەوایاندا، لە تورکیا پارتی کرێکاران (PKK) لەلایەن عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە پێک هات.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٧)دا، پاپای ڤاتیکان کڵاوی (کاردینال)ی کردە سەر عمانوئێل کریم دەلی ناسراو بە عمانوئیل دلی سێیەم کە ئەوە یەکەم عێراقی بوو گەیشتە ئەو پلە و پایەیە. بەو بۆنەیەوە سەرۆک بارزانی و سەرەک وەزیرانی عێراق (مالیکی) پێشوازی و پیرۆزباییان لێ کرد.

گەورە ئەوەیە، خۆی بەخاک بگرێ
وەک خاک مردووی خۆی، لە باوەش بگرێ
ئەنجامی چاکە هەمیشە ئەبینی
وەتەنپەروەر بە پاداش ئەهێنی

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٩)دا، یەکەم ژمارەی گۆواری (بەیان) بە کوردی لە بەغدا دەرچوو، سەرپەشتیاری (جەلال میرزا کەریم) بوو لەژێر چاودێریی (د. ئەکرەم فازڵ)دا، دوای چەند ژمارەیەک بەسترا بە (دار التضامن)ەوە و (جەمال بابان) بوو بە لێپرسراوی.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٣)دا، دوای گەشەکردن و بەهێزبوونی (PKK) بەتایبەتی لەناو کرێکارە کوردەکانی ئەڵمانیادا، بۆیە ئەڵمانیا بەڕەسمی جووڵانەوەکەی قەدەغە کرد، کە ئەمە بوو بەهۆی توندوتیژیی زیاتری (PKK).

دوو ڕەشمار هەیە، سەری پیاو ئەخوا
یەکێکیان هەوەس، یەکێکیان هەوا
کە سەر دەردێنن لە هەردوو لاوە
سەرکوتیان نەکەی، ئاخریت تەواوە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٠)دا، زانای ئاینی و مرۆی قسەخۆش و نوکتەباز (شێخ بابا عەلی قەرەداغی) فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٢)دا، ڕۆژی دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستانە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٩)دا، پەرلەمانی کوردستان بۆ پێکهێنانی کابینەی چوارەمی هەرێمی کوردستان داوا لە هێژا (نێچیرڤان بارزانی) دەکات کە بەو ئەرکە هەستێ.

وا دیارە ئێمە لە ئاو و گڵین
لە سروشتمانا پاک و یەک دڵین
کەچی جیا بەجیا هەوا ئەسێنین
ئەبین بە ئاگر، خەڵک ئەسووتێنین

* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۸۸۰)دا، کوردقڕان بوو لە ئێران و شتێک بوو لە (ئەنفال)ەکانی سەدام حوسێن خراپتر. هەزار گوند زیاتر سووتێنرا و ئەوەندەش ڕووخێنرا زیاتر لە (۵۰ – ۷۰) هەزار کەس ئاوارە کران و بەرەو تورکیا ملیان نا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۵۷)دا، لە ژمارەی ڕۆژنامەی (ژین)دا هاتووە کە (شاهین أیبیجیان) لە ئەرمەنییەکانی ئەوسای سلێمانی دوکانێکی خۆی لەسەر شەقامی نەخۆشخانەی سەرەوە پێشکێش کردووە بۆ ئەوەی بکرێ بەدەرگە بۆ مزگەوتی (بن تەبەق) لە شاری سلێمانی، ئەگەر ئەو دوکانە نەبوایە، ڕێگەی ئەوە نەدەبوو کە لەسەر شەقامەکەوە هاتوچۆی ئەو مزگەوتە بکرێ.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۲۰۰۷)دا، کاروباری کردنەوەی شوێنی (بعثە) ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر پایەتەختی هەرێمی کوردستان کرایەوە هەر لەم ڕۆژەدا کاروباری کردنەوەی کونسوڵیەتی رووسیا لە هەولێر کرایەوە و هەمووی بە ئامادەبوونی (نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی حکوومەتی هەرێم.

چەند خۆشە لەپاش، تاڵی، شیرینی
لە دوای هەرا و شەڕ، مژدەی ئەمینی
سەبر کلیلی دەرگای خۆشییە
قەناعەت خەرقەی شاهان پۆشییە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٧)دا، بەشکردنی فەلەستین و سەربەخۆییی ئیسرائیل ڕاگەیاندرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٣)دا، ئاهەنگی پەردەلادان لەسەر پەیکەری شاعیری گەورە حاجی قادری کۆیی لە کۆیە لابرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٢)دا، لە بروکسل پایەتەختی بەلجیکا (مام جەلال و مەسعوود بارزانی) چاویان بە (خافییر سولانای) ڕێکخەری کاروباری دەرەوەی ئەورووپا کەوت لە بابەت کاروباری کوردەوە قسەیان کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٢)دا، (مام جەلال و مەسعوود بارزانی) بەشدارییان لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کرد کە باسی داهاتووی کوردستانی تێدا کرا.

پایز هات گەڵای داری هەڵوەران
وەیشوومە پشتی فەقیری شکان
دار ڕووت بوو، گەڵای کەوتە بنەوە
پیر و جوان تێکڕا، لێک ڕاست بوونەوە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٥)دا، بۆ جارێکی تر و تا ڕۆژی (٣٠/٥/ ١٩٤٤) مەحموود ئەفەندی قادر ئاغا سەرۆکی شارەوانیی شاری سلێمانی بووە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧١)دا، ئێران لە کەنداو سێ دوورگە داگیر دەکات (طنب الکبری و طنب الصغری و ابوموسی) کە عەرەب ئەوانە بە موڵکی خۆیان دەزانن.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٣)دا، کۆچی دوایی هونەرمەند (ڕەفیق چالاک).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٤)دا، کۆچی دوایی شاعیر (عەلی کەمال باپیر ئاغا).

ئەگەر پەڕۆیەک لە خۆت دادڕی
ئەتوانی سەری، تەماع ببڕی
ئەڵێن ئەوەی چشت لە خەڵک ئەفڕێنێ
پەردەی ناموس و حەیای ئەدڕێنێ

**Saturday 1**
December 2012
١٠ سەرماوەز ٢٧١٢

**شەممە ١**
کانوونی یەکەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٩)دا، بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارە لە کۆواری (گەلاوێژ) کە درێژەی کێشا هەتا ساڵی (١٩٤٩) واتا تەمەن درێژترین کۆواری ئەو سەردەمە بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥١)دا، هەتا ڕۆژی (٢١/٨/ ١٩٥٤) (قادر ئاغای حاجی مەلا محێدین) بۆ دووەم جار سەرۆکی شارەوانیی شاری سلێمانی بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٨)دا، هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە شاری سلێمانی دەستی پێ کرد و لە (١٩٨١/١١/٣١) کۆتاییی هات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٨)دا، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدانی بە سەرۆکایەتیی (ئەلیاس هورمز ئەلیاس) لەلایەن وەزارەتی ناوەخۆی کوردستانەوە مۆڵەتی پێ درا.

مێوێ بەر بگرێ توول کێشی ئەکەن
ئەوەش کە زڕ بێ، ڕەگ کێشی ئەکەن
ئەو درەختانەی کەوا بێ بەرن
پێویستە هەمووی لەبنا ببڕن

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٤)دا، کۆچی دوایی (مەلا ئەحمەدی ڕۆژبەیانی فورقانی) باوکی مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانییە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٠)دا، (جلال خالد) (متصرف - پارێزگار)ی شاری سلێمانی بوو، هەتا (١٩٥٢/٢/٢) مایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٥)دا، کۆچی دوایی نووسەر (محەمەد تۆفیق وردی).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٩)دا، بەستنی کۆنگرەی دەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە (هاشماوا)ی کوردستانی ئێران.

کە پیاو بۆ ئیش بێ و ئیش بۆ پیاو نەبێ
کارێک نامێنێ، کە تەواو نەبێ
پیاویش کە وا خۆی لە خۆی بگۆڕێ
بێ بەرە، بیبڕە، بیخەرە گۆڕێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٥)دا، (حزب الشعب) بە سەرۆکایەتیی (یاسین الهاشمي) پێک هات، ئەمە جیایە لە (حزب الشعب)ی مامۆستا (عەزیز شەریف).
* لەم ڕۆژەی ساڵی ١٩٧٠دا، (یەکەتیی نووسەرانی کورد) لقی هەولێر مۆڵەتی پێ درا.

قەیناکا ڕۆژی، شایی شاییە
تازە پیاکەوتوو، لە خۆی باییە
بەڵام ئەوەی چشت لە خەڵک ئەفرێنێ
پەردەی شەرەفی خۆی ئەنەوێنێ

* جەژنی هەنووکەی جوولەکە بۆ هەشت ڕۆژ.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٤)دا، پەرلەمانتارانی کوردی تورکیا (لەیلا زانا) و هاوەڵەکانی لەسەر قسەکردن بەزمانی ڕەسەنی کوردی لە پەرلەماندا و لەسەر هەندێک تۆمەتی ڕێکخراوی تر کە درایە پاڵیان تۆمەتبار کران. کۆمەڵەی هاوکاری کوردی لە ئەڵمانیا هەڵیان دایە لەسەریان لای (UN) و بە یاداشتنامەیەک ناڕەزاییی خۆیان دەربڕی.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٩)دا، لە لەندەن ڕێکخراوی (لیبرشن) کۆنگرەیەکی لەبارەی چارەنووسی کوردەوە ساز دا.

زۆری وا هەیە، گێرەشێوێنە
لەناو نۆ مەنجەڵ شیرا هەوێنە
حاجییەتی بۆ من زۆر کەڵک ئەگرێ
باوەڕ بە سوێندی درۆشم ئەکرێ

**Wednesday 5**
December 2012
١٤ سەرماوەز ٢٧١٢

**چوارشەممە ٥**
کانوونی یەکەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٦٠٨)دا، شەڕی (قەڵای دمدم) لە ئێران دەستی پێ کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٢٦)دا، کە دەکاتە ڕۆژی (١٤/ ذو القعدة / ١٢٤٢ک). دانای گەورە و زانای بەناوبانگ (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) لە شام کۆچی دوایی کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٢)دا، شاندێکی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا گەیشتە کوردستان کە بۆ ڕۆژی دوایی سەردانی پەرلەمانیان کرد، دوای ئەوە سەردانی ئاوارەکانی کەرکووک و دەوروبەریان کرد لە (بنەسڵاوە).

به شیری گامێش، گەر جوانو گۆش کەی
ئەبێ لە ئاوا، جێ بۆ خۆت خۆش کەی
ئەسپی بێ لغاو سوار هەڵدەگرێ
سەگ نەیبەستییەوە قاچت ئەگرێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٣)دا، (جەلادەت بەدرخان) لە سووریا کۆواری (ئەستێرە)ی دەرکرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٥)دا، لە شاری مەهاباد لە ئێران کۆواری (کوردستان) دەرچوو کە دەنگی دیموکرات بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧١)دا، کۆچی دوایی (کامەران بەدرخان).

ئەوەی هەمیشە، لە خەڵکی ئەدوێ
ڕۆژێکیش ئەبێ، زمانی ئەسوێ
نازانی دنیاداری بێ بەرە
هەموو ژیانت، پێچی مێزەرە

**Friday 7**
December 2012
١٦ سەرماوەز ٢٧١٢

# هەینی ٧
کانوونی یەکەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٤)دا، (محمد رشاد الحمامی) کە ئەفسەرێکی سوپا بوو، بوو بە (متصرف – پارێزگار)ی شاری سلێمانی هەتا ڕۆژی (١٩٦٥/١٠/١١).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٦)دا، کۆچی دوایی شاعیری ناسراو (محەمەد ئەحمەد تەها) ناسراوە بە (کامەران موکری).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٧)دا، لافاوێکی تۆقێنەر سلێمانیی شڵەژاند و زیانێکی زۆریشی دا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٥)دا، لە ڕێگەی دەربەندی شەقڵاوە (سابیراوا) تەقینەوەیەکی گەورە ڕووی دا، هاووڵاتییەکی زۆر بوون بەقوربانی و دوو کارمەندی (UN)یش لەگەڵیاندا.

هێشتا نەمان دی، کەس بە ئیقتیدار
بەبێ واسیتەی، ئەرخە بێتە کار
بۆ خوا پێداوان لە پڕ ئەباری
زۆر پارووش لە قوڕگ ناچێتە خواری

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣١)دا، لە ئەنجامی توندڕۆی کاربەدەستانی ئەو سەردەمی حکوومەتی عێراق لەگەڵ کورددا، ناوچەی بادینان گەیشتە تینیان بارزانییەکان و کوردە دڵسۆزەکان هێرشیان بردە سەر قەزای ئاکرێ و قایمقام و چەند پۆلیسێک دەستگیر کران.

هەندێ سروشتی بنچینەی بەدە
ئەوە چاک نابێ، دەستی لێ مەدە
کەم کەس چاکەیان وا لە بەرچاوە
بەدنمەک سپڵەی نامەردی ناوە

**Sunday 9**
December 2012
١٨ سەرماوەز ٢٧١٢

**یەکشەممە ٩**
کانوونی یەکەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣١)دا، لە ڕاپەرینی بارزانییەکاندا لە ناوچەکەدا بۆ بەرگری لە شەڕی دەستەویەخە ژمارەیەکی زۆر لە سوپای عێراق کوژران و چەکێکی زۆریان جێ هێشت و قایمقامی (بلە) بە دیل گیرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٢)دا، باڵیۆزی ڕووس لە بەغدا و ڕاوێژکاری سیاسی دوای سەردانەکەیان بۆ هەولێر و پێشوازییان لەلایەن نێچیرڤان بارزانییەوە، پشتگیریی وڵاتەکەیان بەرامبەر بە کوردستان دووپات کردەوە.

نەخۆشی قەدری ساغی ئەنوێنێ
برسێتی تامی نانت بۆ دێنێ
دەوران دەورانە هاوین و زستان
لەسەر هیچ حاڵێ نامێنێ ئینسان

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٩٦)دا، کۆچی دوایی نۆبڵ دۆزەرەوەی (بارود) و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٧)دا، بارزانییەکان کە لە یەکەتیی سۆڤیەت ئاوارە بوون گوێزرانەوە بۆ ئەو ئۆردوگایەی لە شاری باکۆ بۆیان دروست کرابوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨)دا، ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی مافی ئادەمیزاد بڵاو کرایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٠)دا، ڕۆژنامەی (ژین) کاکەی فەلاح (محەمەد حەمەئەمین قادر) لە شاری سلێمانی دەری کرد، ئەمە جیاوازە لەگەڵ ڕۆژنامەی (ژین)ی پیرەمێرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٣)دا، بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لە شاری سلێمانی دامەزرا (کۆواری سلێمانی ژ، ٧٢، ل ٣٨).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٣)دا، لە شاری سلێمانی گەورەترین خۆپێشاندان لە شەقامی سالم بەرەو ئەنجوومەنی وەزیران کە نوێنەرانی هەموو حزبەکان و بە بەشداربوونی زۆربەی دانیشتوانی شار دژی تیرۆر و تیرۆریستان پێک هات.

ئەخلاق ئاوێنەی عیلم و سەروەتە
بەبێ ئاوێنە، خۆ دین زەحمەتە
سەگ پارووە نانێ لە تۆ ببینێ
شوێنت دەکەوێ، بۆ هەموو شوێنێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٥)دا، جەعفەر پیشەوەری سەرۆکی کۆمەڵەی دیموکراتی ئازربایجان لە شاری تەبریزی ئێران خودموختاریی دامەزراندنی کۆماری ئازربایجانی ڕاگەیاند. ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی کوردیش بیر لە خۆی بکاتەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٢)دا، (مەلا مەحموودی کوڕی مەلا عەلی کوڕی دەدە نظر) کە ناوبانگە بە (هجری دەدە)ی کاکەیی لە کەرکووک وەفاتی کرد. کە لە ساڵی (١٨٧٧)دا هاتبووە دنیاوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٢)دا، بڕیاری دامەزراندنی یەکەتیی ئافرەتانی کوردستانی عێراق درا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٤)دا، لە هەولێر کۆنگرەی یاساناسانی عێراق لەگەڵ یاساناسانی هەرێمی کوردستان بەسترا کە ژمارەیەکی زۆر لە (رجال القانون) تێیدا بەشدار بوون.

هەر خوڵقی چاکە، کە هیوای پێ بێ
دوای مردنیش هەر، ڕەحمەتی لێ بێ
ئەگەر سەبرت بوو، هیچ ناشڵەژێیت
کە پەلەت نەبوو، هەڵناخلیسکێیت

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٥)دا، ڕەزا شای پەهلەوی کە سەرەک وەزیرانی ئێران بوو، خۆی بە شای ئێران سەپاند.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩١)دا، یەکەم گرووپی شێوەکاری لە کوردستان لەلایەن هونەرمەندان (بەختیار مستەفا، هاوڕێ ئەنوەر فەخری، سوعاد ستار، محەمەد فەتاح، کەمال عەلی، ئاراز حەمە حوسێن) دامەزرا (کۆواری سلێمانی، ژ ٧، ل ٣٨).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٥)دا، دامەزراندنی پارتی (زەحمەتکێشانی کوردستان) بە سەرۆکایەتیی (قادر عەزیز) پێک هات.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٣)دا، قەشە یوسف پەری سلێمان پیاوی ناسراو و نیشتمانپەروەر، نوێنەری حکوومەتی کوردستان لە ڤاتیکان، لە پاریس کۆچی دوایی کرد و لەسەر ڕاسپاردەی خۆی تەرمەکەیان هێنایەوە بۆ شاری سلێمانی.

ئەو دەوڵەمەندەی لە خوێش نەپرسێ
ئەبێ لە سەروو، ماڵی بترسێ
گوێز بەو بەرزییە، بەری وا وردە
تەرزێکی شووتی بەشی دوو گردە

* لەم ڕۆژەی سالّی (١٩٤٤)دا، کۆچی دوایی ڕۆژنامەنووس و پیاوی ئیداری و نیشتمانپەروەر (سالّح زەکی بەگی ساحێبقڕان).
* لەم ڕۆژەی سالّی (١٩٨٤)دا، کۆچی دوایی ئەدیب و نووسەر لە ژوور هەموو نووسینەکانیەوە مێژووی ئەدەبی کوردی و ڕشتەی مرواری مامۆستا (عەلائەدین سەجادی).
* لەم ڕۆژەی سالّی (١٩٩٧)دا، کوشتنی شەش هاوولاتیی مەسیحی لە ڕێگەی مانگیش لەلایەن تیرۆریستانەوە.
* لەم ڕۆژەی سالّی (٢٠٠٣)دا، دەستگیرکردنی سەرۆکی پێشووی عێراق (سەدام حوسێن) لە کونێکدا لە ناوچەی (الدور) بەسەر و ڕیشێکی گژنەوە.

ئەوی ڕووگرژە، خەسارەمەندە
ئەوەی ڕووی خۆشە، ئەو دەولّەمەندە
دلّ و زوبانت کە یەک نەگرێ
باری ئیمانت (لاسەنگ) ئەکەوێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٨)دا، سنووری کوردستانی گەورە بەگوێرەی بەڵگەنامەی بەریتانیا ژمارە (F 0371/3386) دیاری کرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٠)دا، بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان (هیئة الامم المتحدة) دەرچوو بە پێدانی گەلە ژێردەستەکان مافی سەربەخۆیی و پێکهێنانی قەوارەی سیاسی بۆ خۆیان.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٨)دا، کۆچی دوایی مامۆستا (هەمزە عەبدوڵڵا) یەکەمین سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق.

چەند خۆشە لەگەڵ یەک دوو، دۆستی چاک
هەڵسی و دانیشی بە دڵێکی پاک
ئەوسایە بڵێی بەهەشتی دنیا
بە من دراوە، بە تاقی تەنیا

**Saturday 15**
December 2012
٢٤ سەرماوەز ٢٧١٢

**شەممە ١٥**
کانوونی یەکەم ٢٠١٢

---

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٩٠)دا، کۆچی دوایی زانای گەورەی کورد موفتی زەهاوی (محمد فيضي) باوکی جەمیل سدقی زەهاوی.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٦)دا، سوپای ئێران چووە ناوشاری مەهابادەوە، دوای چۆڵکردنی لەلایەن ئەو هێزانەی تێیاندا بوون بەتایبەتی بارزانییەکان کە بەوە کۆتا بە تەمەنی کۆماری گوڵ بەدەمی مەهاباد هات.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٧)دا، کۆچی دوایی مامۆستا (مەلا سەید عەبدولحەکیم) لە خانەقین.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٨)دا، دەستگیرکردنی ژمارەیەک لە قوتابیانی کوردی سووریا بە تۆمەتی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٨)دا، کۆتاییهێنان بە یەکەمین کۆنفرانسی کوردۆلۆجی لە پاریس.
* کۆچی دوایی زانای ئەکادیمی مامۆستا (زوبێر بیلال ئیسماعیل).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٧)دا، (مەحموود بابان) کوڕی جەمیل بەگی مەجید پاشای بابان بۆ یەکەم جار بوو بە وەزیری تەندروستیی عێراق دوای ئەوە دووجاری تر بووەوە بە وەزیر.

ئەو دراوسێیەت کەوا بێ وەیە
بزانە چاکەی بەسەرتەوەیە
ئەو دراوسێیەت بێ شێو هەڵی کرد
حەق وایە فریای کەوی دەستوبرد

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٥)دا، ولایەتی مووسڵی دەوڵەمەند بە نەوت لەسەر داوای ئینگلیز کە خاوەنی (ئینتیدابی عێراق) بوو، خرایە سەر عێراق بەگوێرەی بڕیاری (عصبة الامم) بەبێ ڕا لێبوونی کورد کە زۆربەی زۆری ئەو ولایەتەیان پێک دەهێنا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٠)دا، بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (هەولێر) هەتا ڕۆژی (١٩٥٣/١٢/٢٨) دەوامی کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٦)دا، کۆتا بەتەمەنی کۆمارە ساواکەی مەهاباد هێنرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (٢٠٠٢)دا، لە شاری لەندەن کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقییەکان بە هەموو لایەنە سیاسی و ئاینی و نەتەوەییەکانەوە دەستی پێ کرد و نوێنەری وڵاتانی تورکیا و کوێت و ئەمەریکا و بەریتانیا و چەند وڵاتێکی تر بەشدارییان تێدا کرد.

کە بەڵێنت دا زوو بەجێی بێنە
شەرت بەجێهێنان ڕوکنی ئاینە
عەزیزی قەومت کە هاتە کزی
دەستگیری بکە، زیاتر بە دزی

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٠٨)دا، لقی کۆمەڵەی (کرد تعاون و ترقی جمعیتی) لە مووسڵ کرایەوە. جگە لەوەی قوتابییە کوردەکانی مووسڵ کۆمەڵەی (هێڤی)یان لە ساڵی (١٩١٠)دا دامەزران (الصوت الآخر، ژ ٦٠، ل ١١).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٩)دا، کۆچی دوایی (مستەفا جەواد).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٠)دا، لە بەغدا هێرش کرایە سەر (ئیدریس بارزانی) کە بە ئەرکێکی ڕەسمی بانگ کرابووە بەغدا، بە سەلامەتی دەرچوو.

بەدیموّقراتی، من ڕەنگم سوور ئەبێ
خوا بکا پڵنگ و ورچم لێ دوور بێ
پیشەی حوکمدار دڵنەواییە
لە سیاسەتدا بابی بابییە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٨)دا، شاعیری نیشتمانپەروەری کورد (فایەق بێکەس) لە هەڵەبجە دنیای جێ هێشت .

(داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەر ناگرێ).

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٤)دا، وەفدێکی پارتی (جەوهەر نامیق و فازڵ میرانی) لە قەلاچوالان چاویان بە مام جەلال تاڵەبانی کەوت سەبارەت بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئاساییکردنەوە و چارەسەری کێشە هەڵپەسێراوەکان.

هەر قینت هەڵسێ و دەست بوەشێنی
پەتی ژیانی خۆت ئەپچڕێنی
خەتی جارانمان، جەوهەری شیر بوو
نەخوێنەوارمان ئازا و بە گیر بوو

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٨)دا، سەرکۆماری سووریا پێشوازیی لە جەنابی (مەسعوود بارزانی) کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٣)دا، شەڕی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی زۆربەی شار و شارۆکەکانی کوردستانی گرتەوە.

فەقێ ئەحمەدێ بوو، لە دارەشمانە
هەرچی هەڵئەسێ ئێستا بابانە
هەندێ ئەیەوێ لە مەجلیسا بێ
هەندێکیش ناوی لەناو ناوان بێ

**Thursday 20**
December 2012
٢٩ سەرماوەز ٢٧١٢

**پێنجشەممە ٢٠**
کانوونی یەکەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٢)دا، (ارادة)ی شێخ مەحموود بەناوی مەلیکی کوردستانەوە دەردەچوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٤)دا، مەلیک فەیسەڵی یەکەم مەلیکی عێراق سەردانی کەرکووکی کرد.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٥٨)دا، کۆچی دوایی شاعیری ناسراو (شێخ نووری شێخ ساڵح)، کە لە ساڵی (١٨٩٦) هاتبووە دنیاوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٣)دا، بەستنی کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی چەپلەری کوردی سووریا پێک هات.

هۆش و کردەوە، وەک گیان و لەشن
بۆ ڕێ گوزاران، دوو چرای گەشن
ئەگەر هەڵت کرد بە وشک و بە تەڕ
ناوی خۆت بنێ پاشای بەحر و بەڕ

**Friday 21**
December 2012
٣٠ سەرماوەز ٢٧١٢

# هەینی ٢١

کانوونی یەکەم ٢٠١٢

* (٢١/ ١٢) (شەوی یەڵدا) درێژترین شەوی ساڵ.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٦)دا، (مەلا مستەفای بارزانی) لەگەڵ چەند کوردێکی دڵسۆزدا سەردانی (تاران)ی کرد و لەگەڵ بەرپرسانی ئێراندا کۆ بووەوە باسی کاروباری کوردی لەگەڵدا کردن بەڵام بەداخەوە هەوڵەکەیان بێ سوود بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٩)دا، کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لە شاری سلێمانی دامەزرا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٨٨)دا، ڕووداوی تەقاندنەوەی فڕۆکە ئەمەریکاییە کە لە ئاسمانی (لوکربی) کە نزیکەی دووسەد و حەفتا کەسی تێدا فەوتا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٦)دا، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ یەکەم فیستیڤاڵی دامەزراندنی پێک هێنا، کە دە ڕۆژی خایاند. دەستەی دامەزرێنەر (ڕەئووف بێگەرد، جەمال غەمبار، یاسین فەقێ سەعید، ڕەئووف عوسمان) بوون.
* ئەمڕۆ سەرەتای زستانی لای خۆمانە کە هەتا (٣/٢٠) دەخایێنێ و بەهار لە (٣/٢١)وە دەست پێ دەکات.

زامی تیغ چارەی دێ بەدەوایێ
برینی زمان سارێژی نایێ
کە زانیت زۆردار کەوتۆتە سەرکار
یا ملکەچ بە بۆی، یا کۆچ کە لە شار

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣٩)دا، ڕۆژنامەی (ژین) لەلایەن پیرەمێردەوە ئیمتیازی وەرگیراوە و دەرکراوە لەسەر زنجیرەی ڕۆژنامەکەی پێشتری (ژیان) بڵاوی کردەوە. (کۆواری سلێمانی، ژ ٧، ل ٢٨).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٤)دا، گرتنی هەولێر لەلایەن هێزەکانی (ینک) لەسەر ئەوە زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ناڕەزاییی خۆیان دژی ئەو ڕەفتارە بە مانگرتن دەردەبڕی.

دڵێکی پاک و زمانێکی چاک
ڕاست و ڕەوانی پێی دەڕی بێباک
هەموو دەوڵەتی دنیات دەست کەوێ
خۆشی نابینی، دڵت نەسرەوێ

**Sunday 23**
December 2012
٢ بەفرانبار ٢٧١٢

**یەکشەممە ٢٣**
کانوونی یەکەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٧٦)دا، دەستووری عوسمانی دەرچوو کە بەگوێرەی ئەو دەستوورە زۆربەی کاروباری سەڵتەنەتی عوسمانی کەوتە دەست سوڵتان.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٤)دا، شەڕی براکوژیی نێوان یەکێتی و پارتی بوو بەهۆی مانگرتنی زۆربەی پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦٧)دا، (جەمال بابان) وەک سەرۆکی شارەوانیی شاری سلێمانی دەستبەکار بوو هەتا ڕۆژی (١٠/١٠/١٩٦٩).

ئەوەی لە ڕاستی هەژار دلێرە
بە کەر ناوێرێ، بە کورتان شێرە
زەمان لەسەر هیچ بارێ ناوەستێ
چۆن ئەبێ دانا، پشتی پێ بەستێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٢)دا، بەیانێکی ڕەسمیی موشتەرەک لەلایەن حکوومەتی بەریتانیا و عێراقەوە بڵاو کرایەوە کە دەڵێت: "حکوومەتی بەریتانیا و عێراق ئیعتیراف دەکەن بە مافی ئەو کوردانەی لە سنووری عێراقدا نیشتەجێن بۆ تەشکیلی حکوومەتێکی کوردی لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا".
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٦١)دا، دوای تێکچوونی نێوان کورد و عەبدولکەریم قاسم ئەم پیاوە لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانیدا، لەناوچوونی شۆڕشی کوردستان و ناقانوونیی پارتی دیموکراتی کورد ڕادەگەیەنێ.

خزمی نزیکت خۆشەویستییە
خۆش ڕابواردن، تەندروستییە
پیاو لە خزمی (پیاو) نوشوست ناهێنێ
گۆشتت بخوا، ئێسقان تێک ناشکێنێ
بەقینی دوژمن، دۆست لە دەست مەدە
دوو کەس حەقبێژە و بەدگۆ دووسەدە

* ڕۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی (مەسیح) (خوا لێی رازی بێ).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٦٤٢)دا، لەدایکبوونی زانای بەناوبانگ (ئیسحاق نیوتن).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٢)دا، لە کریسمسەدا سێیەم بۆردمانی شاری سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە کرا، لە ماڵی حاجی عارف بەگی عەلافدا حەوت کەسی کوشت، ماڵی ئەحمەد موختاری قازی و عیزەت بەگی وەسمان پاشای جافیش دابێژران.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٢)دا، ڕووناکبیر و فەلسەفە ئاشنا (جەمال عیرفان) لە شاری سلێمانی تیرۆر کرا.
* لە شەوی ساڵی (١٩٩٩)دا، دیاردەیەکی دەگمەن لە ئاسماندا ڕووی دا کە مانگ لە قەوارەی شەوانی خۆی گەلێک گەورەتر و چەندان جاریش ڕووناکتر دەرکەوت گوایە بەهۆی ئەوەوە کە زیاتر لە زەوی و ڕۆژ نزیک بووەتەوە.

زانین تاجێکە، وا بەسەرەوە
بەسەر فرۆیی، لێی مەکەرەوە
تا لەشت ساغە، قەدری بزانە
نەخۆش بی لەلات دنیا زیندانە

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩١٢)دا، بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (بانگی کورد).
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٢٩)دا، بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (ژین) لە شاری سلێمانی.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٣١)دا، هەتا ڕۆژی (٢٢/١١/ ١٩٣٥) یەکتا بەگ کوڕی مستەفا بەگ سەرۆکی شارەوانیی شاری سلێمانی بووە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٦)دا، هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر ناوچەکانی (ماوەت قامیش و گەڵاڵە) لە پارێزگای سلێمانی دەستی پێ کرد.

چاکە ناوی خۆی بەخۆوەیە
خۆش ڕابواردن، بە ئامشۆوەیە
بەڵام زۆر لەگەڵ چارەنووس ناکرێ
بەبێ خواستی خوا، هیچ سەرناگرێ

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٤٣)دا، کاتی شەڕی جیهانیی دووەم (کۆنگرەی تاران)ی مێژوویین لە نێوان (روزفلت و چرچل و ستالین)دا گیرا کە دەوڵەتەکانیان (سوێندخۆران – حلفاء)یان پێ دەوتن.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٧٦)دا، دەستپێکردنی (داستانی شارستین) لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزی دوژمن کە بەڕاستی داستانێکی پڕ سەروەری بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٧)دا، هەڵکەناندنی کەناری دەریا لە ئیتاڵیا بۆ رزگارکردنی هەشتسەد کوردی کۆچکردوو بەرەو هەندەران کە نگرۆ بوون لە نێوان کەنارەکانی تورکیا و ئیتاڵیا بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی پەنابەری.

(سەعدی) فەرموویە و بەڕاستی پەندە
لوتف بێگانە، ئەکا بە بەندە
سەعدی فەرموویە کە موویێکی بەد
کەوتە ریشەوە دەرناچێ ئەبەد

**Friday 28**
December 2012
٧ بەفرانبار ٢٧١٢

# ٢٨ هەینی
کانوونی یەکەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ســاڵی (١٨٧٦)دا، کـونسـوڵی ڕووس لە ئێـران لـە نامــەیەکـدا کـە بۆ حکوومـــەتەکـــەی خـــۆی نـاردووە دەڵێت کـە (شــێخ عــەبدوڵڵای نەهری) نیــازی بەرپابوونی شۆڕشێکی هەیە بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی کوردی.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٧)دا، پەرلەمانی کوردستانی عێراقی فیدراڵ یاسای کۆڕی زانیاری کوردستانی تەواو کرد، ئێستا ناوەکەی بوو بە ئەکادیمیای کوردستان.

دوو شـووشـە بێنی، بیـدەی بەیەکـدا
کـاتێکت زانـی، هـەردووکـیـان شکا
کەواتە شووشـەی عەیشت مـەشکێنە
با دڵتــەنگ نەبی، دڵ مـــەڕەنجــێنە

**Saturday 29**
December 2012
٨ بەفرانبار ٢٧١٢

**شەممە ٢٩**
کانوونی یەکەم ٢٠١٢

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٧٧٠)دا، فۆرد بۆ یەکەم جار ئۆتۆمۆبێلی داهێنا.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩١)دا، یەکەمین ڕۆژنامە بە زمانی کوردی لە تورکیا لەلایەن ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی کورد (مووسا عەنتەر)ەوە بڵاو کرایەوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٨)دا، سەنتەری شەهید (ساڵح یوسفی) لە شاری زاخۆ مۆڵەتی پێ درا بە سەرۆکایەتیی (سەگڤان مستەفا).

ئەوەی بۆ دۆستی بێ عەیب ئەگەڕێ
تا دەمرێ دۆستی وای نایەتە ڕێ
کەسێ گلەییی دۆستی لای تۆ کرد
قەت بڕوا مەکە، هەروا دەستوبرد
تاکو لە جوابی ئەوی تر ئەگەی
ئەوسا ئەتوانی حوکمی خۆت بدەی

* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٨٨٠)دا، دوای ڕاپەڕینەکەی (شێخ عەبدوڵڵای نەهری) سێکوچکەی حکوومەتەکانی ئێران و عوسمانی و ڕووس قسەیان کرد بە یەک بۆ گەمارۆدانی شۆڕشەکە و گرتن و یاخۆ دوورخستنەوەی شێخی مەزن لە سەرکردایەتیی ڕاپەڕینەکە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (١٩٩٣)دا، دەرچوونی یەکەم ژمارەی کۆواری (گزنک) لەلایەن لقی ئاوارەی یەکەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە شاری (کەرەج) لە ئێران.

وەک ئاگر مەبە، هەر چیت هاتە پێش
وای بسووتێنی بێتە خۆڵەمێش
گورگ ساڵی جارێ، مەڕ ئەفرێنێ
بنیادەم دایم خوێن ئەڕژێنێ

**Monday 31**
December 2012
۱۰ بەفرانبار ۲۷۱۲

# دووشەممە ۳۱
کانوونی یەکەم ۲۰۱۲


---

* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹٤۲)دا، کۆچی دوایی زانای هەرە گەورەی هەولێر (ئەبوبەکر مەلا فەندی)، لە ساڵی (۱۸٦٥)دا هاتووەتە دنیاوە.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹٦۹)دا، کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی لە سلێمانی دامەزرا کە لەوەوپێش کۆمەڵی هونەرە جوانەکان بوو.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۷٤)دا، پارتی سۆشیالیستی کوردستان لە کوردستانی تورکیا پێک هات.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹٤٥)دا، دوای کۆتاییی شەڕی گشتیی دووەمی جیهانی هێزەکانی سوپای ئەمەریکا لە ئێران کشانەوە دوای ئەوەش هێزی سۆڤیەت.
* لەم ڕۆژەی ساڵی (۱۹۹۹)دا، دوا ڕۆژی سەدەی بیست و دەستپێکردنی سەدەی بیست و یەکە.

کورد نابڕێتەوە، خەیاڵتان خاوە
بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە
من بۆیە ڕەنگی سوورم خۆش ئەوێ
مژدەی شەفەقی، لێ دەرئەکەوێ

## کورتەیەک لە ژیاننامەی دانەر

* جەمال عەبدولقادر عەزمی مستەفا سلێمان پاشا ئەورەحمان پاشای بابان.
* لە سلێمانی ساڵی (١٩٢٧) هاتووەتە دنیاوە.
* قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەند و ئامادەییی لە سلێمانی تەواو کردووە و کۆلێجی (ماف – حقوق)ی ساڵی (١٩٥٠) لە بەغدا تەواو کردووە.
* ئەم ئەرکانەی حکوومەتی بینیوە: بەڕێوەبەری ناحیە، معاون مدیر عام، سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی، باوەڕ پێکراوی کۆڕی زانیاری کورد، بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ڕۆشنبیریی کوردی...
* لە ساڵی (١٩٧٦)وە لە بەغداوە دەستی کردووە بە هەستان بە ئەرکی پارێزەری (محامی) تا ئێستا.. لە (٢٠٠٣)وە شاری سلێمانی. شارەکەی باو و باپیری.
* دامەزرێنەری سەرەکیی یانەی سەلاحەدینی خێزانییە لە بەغدا ساڵی (١٩٧٢).
* دامەزرێنەری سەنتەری ڕۆشنبیریی بابان ساڵی (٢٠٠٤) بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٧)وە لەو سەنتەرە کشاوەتەوە و هیچ پێوەندییەکی پێوە نەماوە.
* خاوەنی (٣٥) کتێبی چاپ کراوە بە کوردی و عەرەبی و لێکۆڵینەوە.
* دەیان نووسینی بە عەرەبی و کوردی و تا ئێستا لە ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا بڵاو دەکاتەوە.
* کوردێکی ئازادە و سەر بە هیچ لایەکی سیاسی نییە.
* ئەرشیڤەکەی پڕە لە مەدالیای ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕێزلێنان.



ئەوڕەحمانی بەگی بابان کوڕی
ئەحمەد بەگ
(١٨٨٠-١٩٦٧)



مەحموود جەمیل بابان
وەزیری پێشوو




عادل عەبدولكەریم سادق بابان



نەجیب جەمیل مەجید پاشا بابان
١٩٣٧-١٩٩٩



حەمدی بەگ کوڕی مستەفا بەگ
کوڕی سلێمان پاشا کوڕی
عەبدولڕەحمان پاشا




تەرهەت رەجائی بابان




لە ڕاستەوە: عەزیزە عەزمی بابان،
زەکیە شەوکەت عەزمی بابان،
محەمەد شەوکەت عەزمی بابان،
(بەردەم) نەجات شەوکەت عەزمی
بابان – ١٩٣٥



لە ڕاستەوە: جەمال عەبدولقادر
عەزمی بابان، مەحموود ئەحمەد
محەمەد بابان حاجی عەلی



حیکمەت بەگ کوڕی مستەفا
زەهنی پاشا





عەزمی بابان (باپیری جەمال بابان)




تۆفیق بەگ ڕەشید بەگ
عەبدوڵڵا بەگ




محەمەد جەمیل بابان
١٩١٦-١٩٩٩




تاهیر جەمیل بابان



سەلیم بەگ بابان



جیهاد بابان کوڕی حیکمەت بەگ
کوڕی مستەفا زەهنی پاشا بابان




سلێمان سەڵاحەدین بابان




جەمیل بەگ مەجید پاشا




داود بەگ کوڕی حوسێن بەگ




نوری بەگ قادر بەگ بابان




نەزمی عەزمی مستەفا سلێمان
پاشا بابان



عەلی بەگ قادر بەگ بابان



عەبدولڕەحمان ئەحمەد خالید
بابان



بەهیە جەمیل عەبدوڵڵا بابان



حەمدی بابان



فەیزوڵڵا بەگی گەورە



پەروین نوری محەمەد فەتاح
بەگ بابان




له ڕاستەوە بۆ چەپ: حەمدی بەگ
بابان، عەزیزە خان، مستەفا بەگ
کوڕی سلێمان پاشای بابان




حەمدی بەگ مستەفا بەگ، نورەدین کوڕی حەمدی بەگ




جەمال بەگ ڕەشید بەگ بابان




د. نەبەز کەمال عەزمی بابان




د. محەمەد نەورەس کەمال



نەوشێروان کەمال عەزمی بابان



کەمال بەگ عەزمی بەگ بابان



ئەکرەم ڕەئووف بابان
١٩٠٨-١٩٧١



هەیكەلی برایم پاشای بابان
بنیاتنەری شاری سلێمانی



مەرقەدی فەقێ ئەحمەد لە دارەشمانە



سەحەد ئەحمەد جەمیل بابان



محەمەد ژیان کوڕی سەیفەدین
بابان



فاتیح جەمیل بەگ



لە ڕاستەوە: د. سازان عەبدولڕەحمان، د. ناز عەبدولڕەحمان لەگەڵ کچەکەیدا



ساز فاتیح جەمیل مەجید
پاشای بابان



ناز فاتیح جەمیل مەجید پاشای
بابان



سەیران جەمال عەبدولقادر
عەزمی بابان




سەوسەن جەمال عەبدولقادر عەزمی
بابان



عەلی سەلیم نووری قادر بابان




بابان سەلیم نووری قادر بابان



گۆران جەمال عەبدولقادر عەزمی
بابان



سۆزان جەمال عەبدولقادر بابان



له ڕاستەوە: سلێمان سەلاحەدین
بابان، ڕەیا سلێمان، خێزانی
سلێمان بابان



سالار عەبدولقادر بەهجەت مەجید پاشای بابان، پەیمان ئەحمەد جەمیل
مەجید پاشای بابان، لەگەڵ منداڵەکانیان



جەمال عەبدولقادر عەزمی بابان



لە ڕاستەوە: حەلاوە خانم خێزانی سەلیم بابان، گۆران جەمال عەبدولقادر بابان، ئەیسەر نورەدین حەمدی بەگ بابان



شەداد جەلال بابان لەگەڵ هاوسەرە ئەمریکییەکەی و منداڵەکانیان



بلور تاهیر یەحیا بابان



ئەحمەد موختار بابان
١٩٠١-١٩٧٦



حوسێن سەلیم نووری قادر
بابان



د. رۆژگار تاهیر یەحیا بابان



نەدیم شەوکەت عەزمی بابان



جەمیل محەمەد بابان




سەلیم نووری قادر بابان



یاد نەدیم شەوکەت بابان



ئازاد نەدیم شەوکەت بابان



ماهیر عەبدولکەدیم سادق بابان



میر نەدیم شەوکەت بابان